ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

چوارشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٥ _ ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٦

ژمارە:٦٨٨

www.kurdistanukurd.com


## سمیناری یادی شەهیدانی میکونوس لە ٢٤ ساڵەی تیرۆری بێرلیندا



حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان، ساڵڕۆژی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هاوڕێیانی لە بێرلین بە دەستی تیرۆرسیتەکانی کۆماری ئیسلامی، سمینارێکی پێکهێنا.

لەو سمینارە کە بەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ٢٥ی خەرمانان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات و بە بەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات گیرا، کاک برایم زێوەیی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی... ل٢

کاک خالید عەزیزی لە رێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانیدا:

# پێشمەرگە لە کوردستان خاوەنماڵە




حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی شەهیدبوونی ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی کە لە تێکهەڵچوونەکەی رۆژی سێشەممە، ١٦ی خەرمانان لە ناوچەی سەردەشت لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا چوونە کاروانی نەمرانەوە، رێوڕەسمێکی پێکهێنا.

لەو رێوڕەسمەدا کە ئێوارەی رۆژی پێنجشەممە، ١٨ی خەرمانان بە بەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، لە نیزیکەوە لەگەڵ کەسوکاری شەهیدانی تازەی حیزب هاوخەمی کرا و یاد و بیرەوەریی ئەو شەهیدانە بەرز راگیرا.

لەو رێوڕەسمەدا کە بە خوێندنەوەی سروودی «ئەی شەهیدان» دەستی پێکرد، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتارێکی پێشکێش کرد و لە سەرەتای قسەکانی‌دا بە ئاماژە بە مێژووی قوربانیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاروانی دوور و درێژی شەهیدانی حیزب گوتی: هەر وەک رێبەرانی شەهید و لە سەروو هەموویانەوە پێشەوا قازی محەممەد هیوای دەخواست کە ئێمە بە شێوەیەکی دیموکراتیک و بێ خوێنڕشتن و خوێنڕژان بە مافەکانمان بگەین، ئێستاش من ئارەزوو دەکەم هەرگیز شەهیدمان نەبێ، بەڵام کاروانی خەبات و تێکۆشانی ئێمە بۆ جێخستنی مافەکانمان و شەڕ و کێشەمان لەگەڵ رێژیمێکی دڕندەی وەک کۆماری ئیسلامی‌یە و بەداخەوە رەنگبێ لە داهاتووش‌دا ئەو کاروانە درێژەی هەبێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانی‌دا گوتی: رێگای شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی درێژەی دەبێ، بەڵام رێبوارانی ڕێگای ئەو دوو شەهیدە تازەیەمان هەر هاوسەنگەرانیان لە نێو حیزبی دێموکرات نین کە جموجۆڵی نیزامی‌یان دەبێ یان لە نێوخۆی وڵات‌دا حزووریان دەبێ و... ل٢

## د. شەرەفکەندی رێبەرێکی بەشەخسییەت

سمایل شەرەفی

**شەهید دوکتور قاسملوو:**
**هیچ نێعمەتێک لە جیهان‌دا لە ئازادی بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و «شەخسییەت» دەدا بە ئینسان و رێگە نادا بکرێ بە مۆرە.**

**شەهید دوکتور شەرەفکەندی:**
**دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستان لە رێگای وەدەستهێنانی مافەکانیانەوە پێش هەموو شتێک هەست بە «شەخسییەت»ی ئینسانیی خۆیان بکەن.**

***

هەستپێکردنی مرۆڤی کورد بە «شەخسییەت»ی ئینسانی و نەتەوەیی خۆی، بناغەی هەرە ئەساسیی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. هەر وەک لە خوێندنەوە و قسەی رێبەرانی ئەم حیزبەدا دەردەکەوێ، ئامانج لە هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی «ئازادی» و «مافە نەتەوایەتی‌یەکان»، هەمووی بۆ گەیشتن بە «شەخسییەت»ە. شەخسییەتێک کە مرۆڤی کورد تەنیا لە رێگای گەیشتن بە «ئازادی» و «دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان»ییەوە دەتوانێ پێی بگات.

ئینسانی کورد بۆ گەیشتن بەم پلە لە سەرفرازی و هەستکردن بە سەربەستی، بە درێژایی مێژوو لە جووڵە و بزووتن‌دا بووە و لە کۆتایی‌دا حیزبی دێموکرات بۆ یەکەمجار بەشێک لەم جووڵە و بزووتنانە لە چوارچێوەیەکی فکری- تەشکیلاتی‌دا رێک دەخات و بۆ وەدەستهێنانی کەسایەتیی مرۆڤی کورد درێژە بەم کاروانە دەدات.

***

دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکێک لەو رێبەرانەی حیزب بووە کە نەتەنیا وەک سکرتێری ئەم حیزبە و بەتەنیا لە سەردەمی کەسی یەکەمی‌دا لە حیزب‌دا، بەڵکوو چ ئەو کاتانەی لە دەزگاکانی راگەیاندنی حیزب‌دا کاری کردوە و چ ئەو کاتانەی وەک جێگری رێبەری شەهید دوکتور قاسملوو، ئەرکی دیکەشی لە سەر شان بووە، هەمیشە دڵەڕاوکێ و دەغدەغەی ئەم «بوون بە شەخسییەتەی ئینسانی کورد»ی لەگەڵ خۆی‌دا گێڕاوە.

لە سەردەمانێک‌دا کە تئوری‌یە هاوردەکانی چەپی سوننەتی و «ئۆمانیزمی بەدرۆ» خەریک بوو سێبەریان... ل٣

## سزای ئیعدام؛ کەم کردنەوەی تاوان یان پەرەپێدانی!

عومەر باڵەکی ل٤



## کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لەسەر گۆڕینی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی

عەلی بداغی ل٦



## ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی

حەسەن شێخانی ل٦




## راپۆرتێک لە کۆبوونەوەی نهێنیی بەسیجی ورمێ لە پێوەندی لەگەڵ چالاکی‌یەکانی پێشمەرگە

کۆبوونەوەی نهێنیی بەسیجی ورمێ بە بەشداریی بەخشداری سیلوانا لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتی بەرەنگاربوونە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە گیرا.

بەپێی راپۆرتی ناوەندی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە کوردستان، لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا دووهەمین کۆبوونەوەی نهێنیی فەرماندەکانی بەسیج لە ناوچە سنووری‌یەکانی ورمێ بە بەشداریی رێباز میرزایی، بەخشداری سیلوانا لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هێزی پێشمەرگە بەڕێوەچووە.

ئەم کۆبوونەوەیە لە پایەگای بەسیجی گوندی دزەی مەرگەوەڕی ورمێ بەڕێوەچووە و لەم کۆبوونەوەیەدا سەرهەنگی پاسدار عەلی حەجازی فەرد، فەرماندەی ناحیەی موقاومەتی بەسیجی سپای ورمێ رایگەیاندوە تا ئەو جێیەی دەکرێ، دەبێ لە ئاشکراکردنی ئاماری ورد و دەقیقی کوژراوانی سپا و بەسیج خۆ بپارێزن و بۆ پاراستنی بایەخەکانی شۆڕشی ئیسلامی، تەنگ بە حیزبە کوردی‌یەکان هەڵچنن.

سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لەم کۆبوونەوەیەدا کە پێویست ناکا ناوی ئاشکرا بکرێ گوتی: بڕیار دراوە بەشێک لە زەوی‌یەکانی بازاڕی حەوتووانەی دەزەی مەرگەوەڕ بە بەسیجی‌یەکان بدرێ و قەرارە بیکەنە ئەنباری تەقەمەنی. هەروەها کۆبوونەوەکە رێباز میرزایی بەخشداری سیلوانای ئەرکدار کردوە کە بۆ وەرگرتنی رەزایەتنامە لە دێهیاری دزەی مەرگەوەڕ، کۆبوونەوەیەک بۆ پیاو ماقوڵان، ردێن سپی و شووڕای ئەم گوندە پێک بێنێ .

حەجازی فەرد لەم کۆبوونەوەیەدا پێداگریی لەسەر ئەمە کردەوە کە ئەگەر هێزی پێشمەرگەی حیزبە کوردی‌یەکان لە ناوچە کوردنشینەکان عەمەلیاتێک بکەن، دەبێ لە پێش هەموو شتێک‌دا ئینترنێتی ئەو ناوچەیە هەڵبڕن، یان بە شێوەیەک فیلتێر بکرێ تا هەواڵەکان بڵاو نەبنەوە. موخابراتی گوندی دزەی مەرگەوەڕ بە هاوئاهەنگی لەگەڵ ناحیەی موقاومەتی بەسیجی ورمێ، یەکی دیکە لە بەشەکانی پیلان دژی هەر چەشنە جووڵەیەکی هێزی پێشمەرگە دەبێ.

## ئەردۆغان تورکیە بەرەو کوێ رەکێش دەکا!

رەزا محەممەدئەمینی

«ئەو کوودتایە دیاریی خودا بوو». ئەوە رستە بەناوبانگەکەی سەرۆککوماری تورکیە، رەجەب تەیب ئەردۆغانە... ل٧

## نیشتمانی بە مین چێندراو

تاهیر قاسمی

لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی خەبات و... ل٧

## دەسەڵاتی کاریزماتیک

رەسووڵ سێلەکە

چەمکی دەسەڵات لە سێ روانگەی سەرەکی‌یەوە پێناسە دەکرێ، روانگەی «زاتگەرا» کە دەسەڵات وەکوو... ل٨

## جەمسەرەکان، دەسەڵات و دابەشکردنی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا

عەزیز شێخانی

سیستم و قەوارە، چۆنیەتی دابەشکران و کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە نێوان زلهێز و... ل٩

درێژەی
## سمیناری یادی شەهیدانی میکونوس لە ٢٤ ساڵەی تیرۆری بێرلین‌دا

حیزب باسی لە نەخش و ڕۆڵی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات‌دا کرد و، کاک عەلی بداغی، ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی باسی لە کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لە سەر گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و گۆڕانکاری‌یەکان لە حاکمییەت لە نێوخۆی وڵات‌دا کرد.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» دەستی پێکرد و لە لایەن سامان فەقێ‌نەبی، بەڕێوەبەری سمینارەکەوە باسێک لە کەسایەتیی دوکتور شەرەفکەندی و شوێن و پێگەی ئەو شەهیدە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کرد.

لە یەکەم برگەی سەرەکیی سمینارەکەدا کاک برایم زێوەیی باسەکەی بە پێناسەیەک لە کەسایەتیی فرەڕەهەندی دوکتور سەعید شەرەفکەندی دەست پێکرد و تیشکی خستە سەر تایبەتمەندی‌یە بەرچاوەکانی دوکتۆر سەعید لە نێو ریزەکانی حیزب و بە تایبەت لە ئاستی ریبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات‌دا.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا بۆچوون و روانگە جۆراوجۆرەکانی دوکتور سەعید شەرەفکەندیی لە بوارەکانی وەک؛ دیفاعی شێلگیرانە لە حەقانییەتی





جوڵانەوی کورد و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رێگای نووسین و بڵاوکردنەوە؛ پێداگری لە سەر پێویستیی تەشکیلات و فاکتەری بەشداریی کۆمەڵانی خەڵک لە سەرخەستنی تێکۆشانی حیزب و جوڵانەوە و، هەروەها خەتدان لە مەیدانی خەبات و ئەرکدار کردنی خەڵک و دەستنیشان کردنی بە پرسایەتیی سەرشانیان لە ئاست جوڵانەوەدا شی کردەوە.

باسێک لە بنەما فیکری‌یەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە پێوەندی لەگەڵ چەپ و خەباتی نەتەوایەتی و هەروەها نەخشی شەهید دوکتور شەرەفکەندی لە ئیدارەی و بەڕێوەبەریی حیزب و بڕیارەکانی حیزب و، هەروەها پێداگری و سووربوونی دوکتور سەعید لە پرسەکانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، ئازادی و دێمۆکراسی چەند تەوەری دیکەی باسەکەی کاک برایم زێوەیی بوون.

پەنێلگێڕی دووهەمی سمینارەکە کاک عەلی بداغی بوو کە باسی لە کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لە سەر راگرتنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا و هەروەها کاریگەریی لە سەر گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکان لە نێوخۆی وڵات‌دا کرد کە هاتنەسەر کاری ئیسلاحتەڵەبەکانی لێکەوتەوە.

ئەو بە ئاماژە بەوەی کە لە دنیای هاوچەرخی ئێمەدا تیرۆر بە شتێکی دژەبایەخ سەیر دەکرێ و نیزامی سیاسیی خەڵکی و دێموکراتیک زۆر بە دەگمەن پەنا بۆ تیرۆر دێنن، تیشکی خستە سەر کارنامەی دوور و درێژی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری نەیارانی لە دەرەوەی وڵات و نێوخۆی وڵات‌ڕا بگرە، هەتا پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکانی جیهان.

ئەندامی راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا لە سەر هۆکاری پەنابردنی کۆماری ئیسلامی بۆ تیرۆر گوتی : لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تیرۆری دژبەران کارێکی پیرۆزە، ئەوان هەموو کاتێک باوەڕیان بەوە بووە کە هەموو دەنگە دژەکان دەبێ کپ بکرێن، هەموو حیزبە بەرهەڵستکارەکان لە سەریان بدرێ و هەموو ئەو کەسانەی بە ملۆزم دادەنرێن دەبێ لێیان بدرێ. ئەوە بوو کە لە نیوخۆی وڵات بە قەتڵە زنجیرەییەکان و لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕێگای کۆماندۆکانی تیرۆرەوە نیزیک بە ٥٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی‌یان تیرۆر کرد.

کاک عەلی بداغی دوایە کۆمەڵێک فاکتی هێناویەوە کە بەو هۆیانە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتیوانی سەرەکیی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی دەناسرێ.

بەڕێزیان دواتر باسی لەوە کرد کە بڕیاری دادگای میکونوس، یان بە واتایەکی دی خوێنی شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بوو بە نوختەی گۆڕان لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی، هەم سیاسەتی دەرەوەی، هەم ئاڵوگۆڕ لە دەوڵەت لە نێوخۆی وڵات. چونکی ڕێژیمی ناچار کرد گۆڕان بە سەر سیاسەتی دەرەوەی خۆی‌دا بێنێ و لە نێوخۆی وڵاتیش بۆ تێپەڕین لە قەیرانی میکونوس ڕێگای دا ئیسلاحتەڵەبەکان بێنە سەر کار.

---

درێژەی
## ڕێوڕەسمی پرسە و سەرەخۆشیی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی

شەهید دەبن، رێبوارانی ئەو شەهیدانە لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان دان، هەموو ئەوانەی رۆژانە لە نێوخۆی وڵات خەبات و چالاکیی مەدەنی دەکەن و مل بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دانانەوێنن، لە زیندانەکان‌دا لە بەرامبەر فشار و ئەشکەنجەدا خۆڕاگرن و سەربەرزانە بەرگری لە حیزبەکەی پێشوا و ماف و داوای نەتەوەکەیان دەکەن، هەموو ئەو تێکۆشەرانەی وڵات کە هەوڵ دەدەن لە دەرفەتەکان کەلک وەربگرن و لە کۆماری ئیسلامی قەبووڵ نەکەن؛ هەموو ئەوانە رێبوارانی رێگای ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی و شەهیدانی دیکەی کوردستانن.

کاک خالید عەزیزی گوتی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان فرەچەشن و فرەرەهەندە، ئێمە دەتوانین پێکەوە بە چالاکیی پێشمەرگانەمان تێکەڵ بە چالاکیی مەدەنی و رێکخراوەیی لە نێوخۆی وڵات لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەی لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا دەبنە دەنگی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان؛ بە هەموومان کاروانی خەباتمان بەهێزتر بکەین و بە کۆماری ئیسلامیی ئێران بڵێین هەتا زوڵم لە دژی ئێمە مابێ خەباتی ئێمەش بەردەوامە.

بەڕێزیان گوتی دەتوانین بە هاوکاری و هاوپێوەندیی هەموومان زیانەکانی ئەو تێچووە کەم بکەینەوە و هەموو ئەوانە بکەین بە ورەیەکی لە بن‌نەهاتوو لە خەباتێکی جەماوەریی بەهێز لە نێوخۆی وڵات، بۆ ئەوەی لە نێوخۆی وڵات‌دا کۆماری ئیسلامی بەچۆک‌دا بێنین.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا پەڕژایە سەر چەواشەکاری‌یەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەو ناو و ناتۆرانەی لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی دەدەن. کاک خالید عەزیزی گوتی دەمێک ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەیەوێ خەڵک و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەک دابڕێ، بەڵام کاتێ دەبینێ خەڵکی کوردستان هەموو کاتێ پێشمەرگەیان دەوێ و پێشمەرگەش بەبێ خەڵکەکەی ناژی، هەوڵی داوە خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات چەواشە بکا.

کاک خالید عەزیزی گوتی ڕێژیم لە زوودا حیزبی دێموکراتی سەر بە ئەمریکا و سەر بە رۆژاوا دەناساند، ئێستاش کە پێشمەرگەکانی دێموکرات بە حزووری خۆیان لە نێو خەڵک‌دا کۆماری ئیسلامی‌یان نیگەران کردوە و هیوا و هۆمێدیان لە دڵی خەڵک هاویشتۆتەوە، تۆمەتی بەسراوەیی بە عەڕەبستان و ئێرە و ئەوێمان لێدەدا.

بەڕێزیان لە درێژەدا گوتی هۆی سەرەکیی خەبات و حزووری پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات راست کۆماری ئیسلامی‌یە، نەک عەڕەبستان و ئەمریکا و ئیسرائیل. ئەوە کۆماری ئیسلامی‌یە کە بارودۆخێک پێکدێنێ کە خەڵک خەبات و تێکۆشانیان هەبێ و تێچووی قورسی چالاکیی بە دژی ئەو رێژیمە بدەن، نەک دەوڵەتانی دەرەوە. خەباتی کورد لە ئێران بۆ مافەکانی و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان مێژوویەکی ٧١ ساڵەی هەیە و ئەو رۆژەی کە حیزبی دێموکرات دامەزرا هەندێ لەو وڵاتانەی ناوچە هەر بوونیشیان نەبوو، بۆیە مێژووی حیزبی دێموکرات، نفووزی ئەو حیزبە و جێگە و پێگەی لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا هەمیشە بۆ کۆماری ئیسلامی جێی نیگەرانی بووە.

کاک خالید عەزیزی هەر لەو بەشە لە قسەکانی‌دا پێی لە سەر ئەوە داگرتەوە کە هەتا کۆماری ئیسلامیی ئێران بمێنێ و ئەو سیاسەتانەی لە کوردستان بباتە پێش و ئێمەی کورد لە مافەکانمان بێبەش بکا و بیهەوێ لە پەراوێزمان بخا، خەباتی ئێمە و حزووری پێشمەرگانە و تێکۆشانی مەدەنیمان دەمێنن و هەموو ئەوانەش لە سەر کۆماری ئیسلامی دەبن بە ماڵ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا گوتی ئێمە بە پێی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە نێو ئێمەدا بوونەتە بنەما، بایەخ و باوەڕ؛ بە نیسبەتی هەرێمی کوردستان هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی دەکەین، سەرکەوتنی خەبات لێرە و گەیشتنی هەرێی کوردستان بە لوتکەی جێخستنی مافەکانیان بەشێکە لە پرۆژە و بەرنامەی حیزبی دێموکرات و بە پێی توانای خۆی کاری بۆ کردوە و کاری بۆ دەکا، بۆیە بۆ جارێکی دیکەش پێداگری دەکەینەوە کە هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشەکان لە نێوخۆی وڵات و لە سنوورەکان کۆماری ئیسلامی‌یە نەک حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان.

کاک خالید گوتی: ئەگەر کۆماری ئیسلامی بە دووی ئەوەدا دەگەڕێ کە ئەو کێشانەی لە سەر نەمێنێ، تەنیا رێگای ئەوەیە گوێ بداتە داخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لەو پێوەندییەدا پرۆژەکانی حیزبی دێموکرات ببینێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی کۆتایی قسەکانی‌دا گوتی: دەمێکە ئێمە لەو دەردە کوردە دەگەین لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە پێشمەرگە لە کەمین دەکەون نەتیجەی هاوکاریی بەشێکی زۆر کەم لەو کوردانەن کە جاسوس و چاو ساغی دوژمنن. لە کوردستان ئەگەر کۆماری ئیسلامی چاو ساغی نەبێ دڵنیام ئەوانە لە کوردستان بێگانەن. ئێمە خاوەن ماڵین، پێشمەرگە خاوەن ماڵن. هیوادارم رۆژهەڵاتی کوردستان کەم ئەو جۆرە کەسانە بۆ خۆیەوە ببینێ. شعوری نەتەوەیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان شیاوی ئەوە نیە کە خەڵکی ئاوای تێدا بێ کە پێشمەرگە لە داو بخەن. دڵنیام بە هاوکاری و هەماهەنگیی هەموو لایەنەکان دەتوانین پیلانەکانی دوژمن بەربەرچ بدەینەوە. سەرکەوتنی دوژمنانی ئێمە، سەرکەوتنی پرۆژەکانی ئەوان لە دژی کورد لە نەبوونی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوماڵی کورد و هەروەها نێوان لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردە. بۆیە دڵنیام ئێمە حیزبە سیاسی‌یەکان ئەگەر هەماهەنگی و هاودەنگی و هاوخەباتیمان لەگەڵ یەکتر هەبێ، دەتوانین ئادرەسێکی بەهێز لە پرسی کورد لە ئێران‌دا دروست بکەین.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک حەسەن خۆشکەلام ژیاننامەی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانیی خوێندەوە و کاک ئەحمەد قادری، پێشمەرگەی شاعیر لە وەسفی پێشمەرگەدا شێعرێکی پێشکێشی بەشداربووان کرد.

---

## مەولود سوارە: ئێمە ئاگربەستمان لەگەڵ ئێران ڕانەگەیاندوە تا بڵێین حەڕەکەتەکانی ئەم دواییانە کاتی‌یە


أخبار
الأكراد يصعدون المواجهات العسكرية ضد الحرس الثوري الإيراني
● قتلى من الحرس الثوري في اشتباكات مع بيشمركة كردستان إيران ● طهران تتعامل مع حقوق الأكراد بالمزيد من القمع

ڕۆژنامەی عەرەب کە لە لەندەن دەردەچێ، لە راپۆرتێک‌دا رووماڵی چالاکیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەو ماوەیەی کردوە و دەڵێ گۆپاڵە ئەستوورەکەی ئێران دژ بە کەمینەی کورد لەو وڵاتە رێگری لە بەردەوامیی عەمەلیاتەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات نەکردوە.

لەو راپۆرتەدا بە ئاماژە بە شەڕ و تێکهەڵچوونەکەی ئەم ماوەیەی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت باس لەوە کراوە کە ئێران لە هەموو کاتێک‌دا کە شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزەکانی خۆی و پێشمەرگەدا روو دەدا، لە بەرانبەر ژمارەی کوژراو و بریندارەکانی سوپای پاسداران بێدەنگە دەکا و هەواڵەکان چەواشە دەکا.

ڕۆژنامەی عەرەب لە زمان مەولود سوارە، ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نوسیویەتی کە چالاکیی چەکداریی دژ بە رێژیمی ئێران درێژەی دەبێ و ئەوەش بەشێکی جیانەکراوەیە لە خەباتی کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان.

مەولود سوارە دەڵێ: ئێمە وەک گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی لە ژێر دەسەڵاتی رێژیمی ئێران‌دا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، ئابووری، رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی‌دا مافەکانمان پشتگوێ خراوە.

ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی پرسی کورد لە ئێران کراوەتە پرسێکی ئەمنیەتی، بۆیە ئێستاش رێژیم هەڵسوکەوتی چەکداری لەگەڵ پرسی کوردی لە چارەسەری سیاسیی ئەو پرسە پێ باشترە.

مەولوود سوارە لە درێژەی وتووێژەکە لەگەڵ ئەو رۆژنامەیە و لە وەڵامی پرسیارێکی دیکەدا دەڵێ حکومەتی ئێران پارادۆکس لە هەڵوێستەکانی‌دا هەیە، لە کاتێک‌دا بۆ خۆی سیاسەتی پاکتاوی نەژادی دژی کەمایەتیەکان پیادە دەکا، لە لایەکی دیکەشەوە بە بیانووی بەرگری لە زولملێکراوان دەست لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە وەردەدا.

مەولوود سوارە لە بارەی بەردەوامیی چالاکیی پێشمەرگانە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ: ئێمە ئاگربەستمان لەگەڵ رێژیمی ئێران رانەگەیاندوە تا بڵێین کە ئەو جوڵانەوانەی ئەم دواییانە کاتی‌یە. نەخێر، ئێمە رووبەڕووی سیاسەتەکانی رێژیم بە هەموو شێوەکانی دەبینەوە و لە بەکارهێنانی هێز تا گەیشتن بە مافە رەواکانمان بەردەوام دەبین.

شایانی باسە کە رۆژنامەی عەرەب، یەکەم رۆژنامەی عەرەبی رۆژانەیە کە لە ساڵی ١٩٧٧ لە لەندەن دامەزراوە.

---

## کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی خەرمانان سمینارێکی بەڕێوەبرد



کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ٢٤ ساڵەی تیرۆری میکونوس‌دا کۆڕیادێکی بۆ باس لە سەر تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هەروەها ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی پێکهێنا.

ئەو کۆڕیادە کە رۆژی شەممە، ٢٧ی خەرمانان لە شاری تۆرکۆ بەڕێوەچوو، بە سروودی ئەی شەهیدان و راگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی حیزب دەستی پێکرد.

لە سەرەتای ئەم کۆڕیادەدا سەید خدر میرسەیدی، ئەندامی بەڕێوەبەریی کومیتەی فینلاندی حیزبی دێموکرات باسێکی لەو رۆژە مێژووییە و نێوەرۆکی کۆڕیادەکە پێشکێش کرد و شەهێن زادئەحمەد، باسی لە ژیان و خەباتی شەهیدان ئازاد ئالی و ئەمیر نەستانی کرد و ژیاننامەی نوێترین شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی خوێندەوە.

لە تەوەری دووهەمی کۆڕیادەکەدا، خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە باسەکەی بۆ خوێندنەوەیەک بۆ تیرۆری میکونوس تەرخان کردبوو، باسی لە نیاز و مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی کرد.

چۆنیەتیی سەرکەوتنی پیلانی تیرۆری دوکتور شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی لە ریستورانی میکونوس، باس لە چۆنیەتیی پێکهاتنی دادگای میکونوس، بڕیارەکانی ئەو دادگایە و کاریگەریی لەسەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی خاتوو گوڵاڵە شەڕەفکەندی بوون.

ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا باسی لە کەسایەتیی فرەڕەهەندیی دوکتور سادق شەڕەفکەندی کرد و لەسەر تایبەتمەندی‌یە بەرزە ئینسانی‌یەکانی دوکتور سادق و بنەما فیکری‌یەکانی بۆ بەشداران دوا.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا کەریم فەرخەپوور و نزار کوێستانی شێعر و پەخشانیان خوێندەوە و سەید ئەحمەد حوسێنی بە گێرانەوەی ئەزموونی خۆی لە کارکردن لەگەڵ شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی، کۆڕیادەکەی دەوڵەمەندتر کرد.

کۆتایی کۆڕیادەکە تەرخان کرا بۆ پرسیار و سەرنجی بەشداران لەسەر ئەو باسانە کە لە لایەن خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندییەوە وڵامی پرسیاری بەشداران درایەوە.

# ڕاگەیەندراوەکانی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی سەردەشت کەمینێکی هێزەکانی ڕێژیمیان تێک شکاند

بە گوێرەی ئەو زانیاری‌یانەی لە ناوچەی سەردەشتەوە بە کۆمیسیۆنی سیاسی– نیزامیی حیزب گەیشتوون، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە ڕەواڵی سالانی پێشوو لەم ناوچەیە خەریکی تیکۆشان بوون ، ئێوارەی دوێنێ ١٦ی خەرمانان(٦ی سێپتامبری ٢٠١٦) لە ناوچەی بولفەت لە شوێنێک لە نێوان ئاواییەکانی کانی زەرد، وەردێ و گلکەند لە گەڵ تەڵەی ئینفیجاری و کەمین بەرەوڕوو بوون.

بە دوای تەقینەوەی تەڵە ئینفیجارییەکە کە لە ژمارەیەک مین و گوللەتۆپ پێک هاتبوو، هێزەکانی ڕێژیم لە پێگە نیزامی‌یەکان‌و ئەو شوێنانەی پێشتر لێیان جێگیر ببوون، شوێنی ڕووداوەکە و مەسیرەکانی دەورو بەریان دایە بەر دەسڕێژ و تۆپ و خومپارە باران. پێشمەرگەکان لە مەسیری دوورکەوتنەوە لە شوێنی تەقینەوەکە، لە هێزەکانی ڕێژیم وەدەست هاتن و، بەرپەرچی دەسڕێژو تەقەی ئەوانیان دایەوە.

بە هۆی تەقینەوەی تەڵەی ئینفیجاری، بە داخێکی گرانەوە، دوو پێشمەرگەی بەوەج و لێهاتوو بە ناوەکانی ئازاد ئاڵی خەڵکی گوندی «دۆڵەگەرم»ی سەردەشت و ئەمیر قادریان ناسراو بە ئەمیر نستانی خەڵکی «نستان»ی ناوچەی ڕەبەت، گیانیان لە دەست دا و چوونە ریزی کاروانی سەربەرزی شەهیدان. پێشمەرگەکان لە کاتی دوورکەوتنەوە لە شوێنی ڕووداوەکە، کەوتنە ژێر تەعقیب و ئاگربارانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و لە گەڵیان تووشی تێکهەڵچوون بوون. لە ژمارەی کوژراو و برینداری دوژمن لەم تێکهەڵچوونانەدا، هەتا ئێستا زانیاری‌یەکی ڕوونمان پێ نەگەیشتوە.

کۆمیسیۆنی سیاسی– نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای بەداخبوون لە شەهیدبوونی دوو ڕۆڵەی دڵسۆز و ماندوویی نەناس ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، سەرەخۆشی و هاودەردیی قووڵی خۆی بە بنەماڵەکانیان، هاوسەنگەرانیان و خەڵکی ناوچەی سەردەشت ڕادەگەیەنێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی**
**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٥**
**٧ی سێپتامبری٢٠١٦**

---

## وەدرۆخستنەوەی درۆ و چەواشەکارییەکانی وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران

بە دوای تێکهەڵچوونی ئێوارەی سێشەممە، ١٦ی خەرمانانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەی بولفەتی سەردەشت، ماڵپەرەکانی سەر بە سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو ڕێژیمە، دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی درۆ و چەواشەکاری لە پێوەندی لە گەڵ زیانەکانی پێشمەرگەکان لەم ڕووداوە دا. دواجار وەزارەتی ئیتلاعات بۆخۆشی لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمی‌دا، وێڕای بەستنەوەی جموجۆڵی هێزی پێشمەرگەی حیزبی ئێمە بە عەرەبستانی سەعوودی و وڵاتانی دیکە، ڕای گەیاند کە هەموو ئەندامانی «تیمی ١٢ کەسی‌یەکە»ی لە نێوبردوون و تێکی شکاندوون!

هەر وەک لە ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی ئێمەدا هاتبوو، پێشمەرگەکان دوای کەوتنە نێو کەمین و تەڵەی ئینفیجاریی هێزەکانی سوپای پاسداران، لە چەندین شوێنەوە کەوتنە بەر دەسڕێژ و ئاگری چەکی هێزەکانی ڕێژیم. بەڵام سەرەڕای شەهیدبوونی دوو کەس لە هاوڕێیانیان بە هۆی تەقینەوەکە و، برینداربوونی کەسێکی دیکە، بە خێرایی لە هێزەکانی ڕێژیم وەدەست هاتن و لە ماوەی نزیک بە ٢٠ دەقیقە تەقە و تێکهەڵچوونی دوو لایەنەدا، توانیان هەم کەمینەکە تێک بشکێنن و سەنگەر و شوێنی دامەزرانی هێزەکانی سوپا بە توندی ئاگرباران بکەن، هەم بریندارەکە و، تەرمی دوو شەهیدەکەش لە شوێنی تەقینەوەکە دوور بخەنەوە. فیلمی بەشێک لە دیمەنەکانی وەدەستهاتنی قارەمانانەی پێشمەرگەکان لە هێزی دوژمن، کە لە لایەن کامێرای تەلەڤیزیۆنی کوردکاناڵەوە گیراوە، لە دەستمان دایە. ئەگەر چی ئاگربارانی مەسیری دوورکەوتنەوەی پێشمەرگەکان بە چەکی قورس بۆ ماوەی چەند سەعات دواتریش درێژەی هەبوو و هەر وەها ڕۆژی چوارشەممەش جاش و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ زەبر وەشاندن لە پێشمەرگەکانی دێموکرات، بە ناوچەکە دا بڵاو ببوونەوە و تۆپ و خومپارەبارانیش هەر وا درێژەی هەبوو، بەڵام بە خۆشییەوە پێشمەرگەکان تووشی زیانی تازە نەبوون و زیانی گیانیی هاوڕێیانمان هەر ئەو دوو کەسە بوو کە ڕۆژێک پێشتر بە هۆی تەقینەوەی تەلەی ئینفیجاری گیانیان لە دەست دابوو.

کە چی هەر لە یەکەم سەعاتەکانی چوارشەممە ١٧ی خەرمانان، ماڵپەڕە زنجیرەییەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات و سوپای پاسداران لێکدا لێکدا هەواڵی تێک شکاندن و لێک بڵاوکردنی تیمی پێشمەرگەکانیان بڵاو دەکردەوە و وێڕای دووپاتکردنەوەی ناوی چەند کوژراوێکی خەیاڵیی هێزی پێشمەرگە، ئاماری شەهیدەکانی ئێمە و ئەو تەرمانەی کەوتووەتە دەستیان، زیادیان دەکرد. فەرمانداری سەردەشتیش درۆی ماڵپەڕەکانی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعاتی دووپات کردەوە. هەر دوێنێش وەزارەتی ئیتلاعات هەمان ئیددیعای ماڵپەڕەکانی خۆی لە ڕاگەیەندراوێکی ڕەسمی دا دووپات کردەوە.

لێرە دا بۆ دڵنیاکردنەوەی خەڵکی دێموکراتدۆست و پێشمەرگەپەروەری کوردستان و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان، ڕادەگەیەنین کە لە تێکهەڵچوون و ئاگربارانی ڕۆژەکانی سێشەممە و چوارشەممە(١٦ و ١٧خەرمانان)ی ناوچەی سەردەشت‌دا، وەک پێشتریش ڕامان گەیاندبوو، بێجگە لە هاوڕێیان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، هیچ کەسێکی دیکە شەهید نەبووە و ئیددیعاکانی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات بە تەواوی درۆن. دیارە ماڵپەرەکانی سوپا و وەزارەتی ئیتلاعات باسی هێنانەوەی تەرمی ٦تا٨ کەس بۆ نەخۆشخانەی سەردەشتیان کردوە و هەوڵیان داوە وا بنوێنن کە ئەمانە تەرمی پێشمەرگە شەهیدەکان بوون. بە پێی ئەو زانیارییانەی لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بە ئێمەش گەیشتوون بێجگە لە تەرمی شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، چەند تەرمی دیکە لە مەیدانی شەڕەکە را براوەتەوە بۆ سەردەشت. هەر بە پێی بەدواداچوونەکانی ئێمە، ئەوانە تەرمی ئەو بەکرێگیراوانەی ڕێژیمن کە لە تێکهەڵچوون لەگەڵ پێشمەرگەکانی حیزب لە ناوچەی سەردەشت دا کوژراون و ئێستا بۆ ئەوەی درۆ و بانگەشەکانی خۆیان لە بارەی زەبروەشاندن لە هێزی پێشمەرگەی دێموکرات وەک ڕاستی نیشان بدەن، کوژراوەکانی خۆشیان وەک تەلەفاتی پێشمەرگە ناو دەبەن.

ئەوەندەش کە پێوەندیی بە ئامانجی تێکۆشان و چالاکیی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، ئیددیعای دامەزراوەکانی ئەو ڕێژیمە لە پێوەندی لەگەڵ بەستراوەیی حیزبی دێموکرات بە عەرەبستان و وڵاتانی دیکەوە، هەر بۆ گاڵتە پێکردن دەبێ. چونکە بەر لەوەی کێشە و ململانێی ناوچەیی بکەوێتە نێوان ئەو ڕێژیمە و وڵاتانی ناوچە و تەنانەت بەر لەوەی کۆماری ئیسلامی بێتە سەر کار، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەگەر لە دوورە وڵاتییش بووبن، پێیان لە نێو خەڵک و نیشتمانی خۆیان نەبڕاوە و هەر کات ئیرادەیان کردبێ، چوونەوە نێو خەڵکی خۆیان. ئەگەر گێرسانەوە و ژیانی ڕێبەرانی سیاسیی حیزبێک یا جەریانێک لە دەرەوەی وڵات، بەڵگەی بەستراوەیی بەم یا ئەو وڵات بێ، خومەینی، ڕیبەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی کە بەشی زۆری تەمەنی خۆی لە عێراق و فەرانسە تێپەڕ کرد و لەو وڵاتانەوە ڕێوشوێنی بۆ لایەنگرەکانی لە نێوخۆی ئێران دیاری دەکرد، لە هەموان زیاتر دەکەوێتە ژێر پرسیار. جگە لەمەش ڕێژیمێک کە دروستکردنی گرووپ و تاقمی جۆراوجۆری بەستراوە بە خۆی بۆ کاری تیرۆریستی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی دیکەی کردوە بە بەشێکی جیانەبۆوە لە نێوەرۆک و سیاسەتی خۆی، بەرامبەر جوولانەوەیەکی ڕەسەنی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزێکی سیاسیی ناسراوی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، جگە لە دووپاتکردنەوەی ئەم جۆرە بوختانە سواوانە، شتێکی دیکەی لێ چاوەڕوان ناکرێ.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی سیاسی– نیزامی**
**١٣٩٥/٦/١٨**
**٢٠١٦/٩/٨**

---

## سپاسنامەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان سەبارەت بە شەپۆلی هاوخەمی‌یەکان بە بۆنەی شەهیدبوونی ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی

دوابەداوی بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە ناوچەی سەردەشت شەهیدان؛ «ئازادی ئاڵی» و «ئەمیر نستانی»؛ شەپۆلێکی بەرینی هاوخەمی بەو بۆنەیە وەڕێکەوت و حیزبە سیاسی‌یەکان، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات و دۆستان و خەمخۆرانی حیزبەکەمان لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان بەردەوام لە ڕێگەی پەیام، نامە و پێوەندیی تەلەفونی‌یەوە هاوخەمی‌یان لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان کردوە.

جێگەی خۆیەتی سپاس و پێزانینی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەوئازیزانە بکەین کە ئەم ڕووداوە ناخۆشەیان بە هی خۆیان زانی و لە ڕێگەی جۆربەجۆرە هاوخەمی خۆیانیان دەربڕی. چ ئەو ئازیزانەی بەشداری ڕێورەسمی سەرەخۆشیی ئەو شەهیدانە لە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب بوون، چ ئەو بەڕێزانەی لە ڕێگەی دوورەوە لەگەڵ ئێمە هاوخەمی خۆیانیان نواند.

هیوادارین بە هەموومانەوە درێژەدەری ڕێگەی شەهیدانی کوردستان بین.

**حیزبی دیمۆکراتی کوردستان**
**کۆمسیۆنی سیاسی _ نیزامی**
**١٣٩٥/٦/٢٠(٢٠١٦/٩/١٠)**

---

دریژەی

## د. شەرەفکەندی ڕێبەرێکی بەشەخسییەت

بەسەر فەزای سیاسیی ئێران و کوردستان‌دا دەکێشا و، دەوارە ڕەشەکانی مەزهەبگەرایی بەیداخیان بۆ هەڵدەدرا، ئەوە دوکتور شەرەفکەندی بوو کە شەو و ڕۆژی لە سەریەک دادەنا و بە خوێندنەوەی رابردووی تێکۆشانی نەتەوەکەی، بیرمەندانە و بە ئیستدلالەوە ئیدیعای چەپی کلاسیکی لە سەر بە کۆنەپەرەست زانینی «نیشتمانپەروەری» و گەل‌دۆستی» بەرپەرچ دەدایەوە و ئازایانە دیفاعی لە هوویەتی موبارزاتی خەڵکی کوردستان دەکرد.

ئەو باش دەیزانی کە خەڵکی کوردستان تەنیا ئەو کاتە دەتوانن وەک نەتەوەیەک ببنە خاوەن کەسایەتی و شەخسییەتی خۆیان کە بە ئازادی و مافە نەتەوایەتی‌یەکانیان بگەن. هەر بۆیە ڕاست لە سەردەمێک‌دا کە تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی و هەستی نیشتمانپەروەری تەقبیح دەکرێ و بە هەوڵێکی «کۆنەپەرەستانە» ناوی دەهێندرێ، دوکتور شەرەفکەندی نامیلکەیەک لە سەر «مێژووی جووڵانەوەکانی کوردستان» چاپ و بڵاو دەکاتەوە و هاوسەنگەران و سەرجەم خەڵکی کوردستان بەرەو باوەڕبەخۆبوون و درێژەدان بە خەباتی ڕەوای نەتەوایەتی هان دەدات.

***

دوکتور شەرەفکەندی وەک مامۆستاکەی(دوکتور قاسملوو)، بەو دەرەجە لە ڕێبەری گەیشتبوو کە وەک «شەخسییەت»ێکی لێهاتوو بتوانێ ڕێبەریی حیزبەکە و بزووتنەوە بەدەستەوە بگرێ و لە دوورەدیمەنی ئەم خەباتەدا هەوڵ بۆ «بەشەخسییەت» کردنی میلەتەکەی بدات. کە هەمان گەیشتن بە «ئازادی» و «دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان»ە.

دوکتور شەرەفکەندی زۆر باش لە نیەت و ئامانجەکانی مامۆستاکەی تێگەیشتبوو. ئەو باش دەیزانی کە هەستکردن بە شەخسییەتی ئینسانی هەروا ئاسان و بێ نرخ نیە. بۆیە زۆر جار هاوسەنگەرانی لەم ئامانج و نیەتەی شەهید دوکتور قاسملوو ئاگادار دەکردەوە و دەیگووت:

«دوکتور قاسملوو دەیهەویست خەڵکی کوردستان لە ڕێگای وەدەستهێنانی مافەکانیانەوە پیش هەموو شتێک هەست بە شەخسییەتی ئینسانیی خۆیان بکەن».

دوکتور شەرەفکەندی زۆر باش دەیزانی کە هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە دەتوانێ لە کۆتایی‌دا، هەستی «بەشەخسییەت بوون» بە میلەتەکەی ببەخشێ، هەر وەک ڕێبەرانی پێش خۆی(پێشەوا قازی و دوکتور قاسملوو) پێش هەموو شتێک پێویستی بە ڕێبەرێکی خاوەن کەسایەتی و بەشەخسییەتە.

***

شەخسییەتی «ڕێبەر» لە کۆمەڵگەیەکەوە و بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە و، لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێکی دیکە فەرق و جیاوازی هەیە.

لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا کە لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بە «ڕێبەری بزووتنەوەی میللی دێموکراتیک» ناسراوە و لە خەباتێکی توندوتیژ و لێبڕاو دایە لەگەڵ ڕێژیمێکی سەرکوتکەر، کەسایەتی و شەخسییەتی ڕێبەرانی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە تەنیا ئاماژەدان بە ئامانج لە شەهیدکردنیان بەسە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە.

هەر ئەوەی‌کە دوکتور شەرەفکەندی توانی دوای ڕێبەرێکی کاریزماتیک، خۆی لە ڕێبەریکردنی بزووتنەوەیەکی خوێناوی بەرانبەر بە دڕندەترین دەسەڵاتەکانی سەردەم بدات، سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەو توانیبووی بە دەرەجەیەک لە «شەخسییەتی ڕێبەری» بگات و وەک ڕێبەرێکی خاوەن کەسایەتی و بەشەخسییەت جێی متمانەی هاوسەنگەرانی بێ.

لە خۆڕادیویی(اعتمادبەنفس)، لێبڕاوبوون(قاطع)، خاکەڕایی(مردمی)، دیپلۆمات و لە کۆتایی‌دا، ڕاشکاو لە دەربڕینی بیروبۆچوون و دێموکرات، ئەو شاخس و تایبەتمەندی‌یانەن کە توانیبوویان دوکتور شەرەفکەندی وەک ڕێبەرێکی بەشەخسییەت دەربخەن. ڕێبەرێک کە پێش هەموو شتێک باوەڕی بە هێزی حیزبەکەی و میللەتەکەی هەبوو.

شەرەفکەندی لە زمان شەهید قاسملووەوە هەمیشە ڕوو بە هاوسەنگەرانی باسی لە باوەڕیان بە هێزی خۆیان و میللەتەکەیان دەکرد. ئەو دەیگووت:

«ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە یەک دەرس‌دا کورت بکەینەوە، ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشا و تێی‌گەیاندین کە ئەگەر باوەڕمان بە خۆمان هەبێ، دەزانین چ هێز و توانایەکمان هەیە».

هەر ئەم باوەڕ بەخۆبوونە لای دوکتور شەفکەندی ببووە دەستمایەکی بەهێز بۆ ئەوەی ئیدیعای سەربەخۆیی حیزبەی لە بڕیاردان‌دا بکات. کەوابوو بەروویەکی دیکەدا شەرفکەندی وەک ڕێبەرێکی بەشەخسییەت، حازر نەبوو لە هیچ شەرایەتێک‌دا سەودا بە سەربەخۆیی حیزبەکەیەوە بکات و دەیگووت:

ئێمە سیاسەتی خۆمان بۆخۆمان دیاری دەکەین. چونکە حیزبێکی سەربەخۆین. چ چووک بین و چ گەورە، چ بەهێز بین و چ بێ‌هێز، سیاسەتی سەربەخۆیی خۆمان بە هیچ شتێک ناگۆڕینەوە».

***

بەشەخسییەتبوونی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەهیدان؛ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی کە لە کۆتایی‌دا لە پێناو «ئازادی» و «دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتی‌یەکان»ی میللەتەکەیان‌دا سەربەرزانە گیانیان فیدا کرد و، کەسانی دوای ئەوانیش تا ئێستا حیزبێکی بەشەخسییەت و بزووتنەوەیەکی بەشەخسییەتی لێ‌کەوتۆتەوە کە بە دڵنیاییەوە هەر وەک خۆیان وتوویانە لە ئاکامی ئەم خەباتەدا میللەتێک هەست بە کەسایەتی و شەخسییەتی ڕاستەقینەی خۆی دەکات.

# سزای ئیعدام؛ کەم کردنەوەی تاوان یان پەرەپێدانی!



عومەر باڵەکی

ئیعدام وشەیەکە کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا لەگەڵ ژیانی گەلانی ئێران گرێی خواردوە و هەموو رۆژێ لە راگەیەندراوە گشتییەکان و لە کۆڵان و گەرەک و شار و گوند گوێبیستی دەبن. بە جۆرێک خوویان پێگرتووە کە بۆتە بەشێکی عادی لە ژیان، بەو مانایە ئیعدام سزایەکی توند و قورسە و دەبێتە هۆی ئەستاندنی گیانی مرۆڤێک، خەڵک زۆر ئارام و هێدی دەچنە سەیرکردنی و یا بێتەفاوت بەلایدا تێدەپەرن و ئەوە کلتوور و فەرهەنگێکە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداری خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا، هەوڵی داوە لە رای گشتیی کۆمەڵگەی ئێراندا بیچەسپێنی و لە هەمانحاڵدا روحم و بەزەیی و خۆشەویستی لە نێو تاک تاکی کۆمەڵگەی ئێراندا بسڕێتەوە.

لە ئێرانی ژێردەستی کۆماری ئیسلامیدا ژمارەیەکی زۆر لە تاوانەکان سزای ئیعدامیان لە سەرە، کە هێندێک لەو تاوانانە لە روانگەی قانوونی نێونەتەوەیی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، لە ریزی ئەو تاوانانە نایەنە ئەژمار کە سزای بەو چەشنە قورسیان لە سەر بێ، وەک تاوانی سیاسی، ئابووری، مادە هۆشبەرەکان و تاوانە جنسییەکان. دەوڵەتی ئێران لەگەڵ ئەوەدا خۆی ئەندامی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانە و بەشێکی بەرچاوی لە پەیماننامەوسومە نێونەتەوەیەکانی پێوەندیدار بە پاراستنی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە و بە پێی یاساکانی نیوخۆشی دەبێ پابەند بێ بە نێوەرۆکی ئەو پەیماننامانە، بەڵام دەبینین رۆژبەرۆژ توندوتیژی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییەوە بە دژی گەلانی ئێران بەرێوە دەچێ و روو لە زیاد بوونە و چوونە سەری رێژەی ئیعدام و بەرێوەبردنی ئەو ئیعدامانە لە بەرچاوی خەڵک نموونەی بەرچاو و زەقی چوونە سەری ئەو شێوە رەفتارەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئێران.

بە گوتەی رێکخراوەکانی پاریزگاری و پاراستنی مافی مرۆڤ، لە زۆربەی ساڵەکاندا ئێران لە ریزبەندی ئەو وڵاتانەی کە ئیعدامیان تێدا بەرێوە دەچێ، پلەی دووهەمی لە دوای چین بۆ خۆی دەستەبەر کردوە کە دیارە ئەگەر رێژەی حەشیمەتی ئێران لەگەڵ حەشیمەتی چین بەراورد بکەین ئێران پلەی یەکەمی لە جیهاندا وەبەر دەکەوێ و ئەوە لە حاڵێک دایە کە رۆژبەرۆژ بە ژمارەی ئەو دەوڵەت و وڵاتانە ئیزافە دەبێ کە سزای ئیعدام لە قانوونی سزادانی خۆیان لادەبەن و چەند هۆکارێک دەستنیشان دەکەن. لە سەردەمی ئێستای ژیانی مرۆڤایەتیدا ئیعدام ناتوانێ سزایەکی گونجاو بێ بۆ بنبڕکردنی تاوان؛ بۆ نموونە کاتێک سزای ئیعدام لە سەر تاوانباریک بەرێوە دەچێ، و حوکمەکە ئیجرا دەکری قابیلی گەرانەوە نییە و ئەگەر بە تێپەڕبوونی کات روون بێتەوە ئەو کەسە بەبێتاوانی ئیعدام کراوە تازە ناتوانرێ ئەو زیندوو بێتەوە و قەرەبووی بکرێتەوە کە زۆر جاران لە مێژووی دادگاکان و قەزاواتدا لە وڵاتانی جۆراوجۆردا ئەوە رووی داوە کە بێتاوانێک ئیعدام کراوە. بەڵام زیندان و حەبس وا نییە و ئەگەر کەسێک دوای ماوەیەک کە لە زیندان دایە بێتاوانی دەربکەوێ زۆر بە ئاسانی حکوومەت و دەسەڵات دەتوانن قەرەبووی بکەنەوە و ئەویش بگەرێتەوە نێو کۆمەڵگە و ژیانی عادی خۆی دەست پێ بکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تەجروبە و زانستی ئامار سەلماندویانە کە بەرێوەبردنی سزای ئیعدام نەیتوانیوە هۆکارێکی کاریگەر بێت بۆ کەمکردنەوەی تاوان و تاونکاری، بەڵکو بە پێچەوانە زیانیشی بە کۆمەڵگە گەیاندوە و کۆمەڵێک گیروگرفتی کۆمەڵایەتی بە دوای خۆیدا هێناوە بە تایبەتی کاتیک سەرپەرستی بنەماڵەیەک سزای ئیعدام کردنی لە سەر جێبەجێ دەبێ شیرازەی بنەماڵەکەی لێک هەڵدەوەشێ و هیچ سەیر نییە بە هەڵوەشانی ئەو جۆرە بنەماڵانە کەسانێک پەیدا بن کە تووشی تاوان و تاوانکاری بن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیدیعا دەکەن کە تاک لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئازادە و ئەوە خۆیەتی بەرەو تاوان و تاوانکاری دەروا، خەڵک و کۆمەڵگە و دەوڵەت هیچ رۆڵ و نەقشێکیان لەو بابەتەدا نییە و ئەگەر تاکێک تووشی تاوان و سەرپێچی دەبێ ئەوە خۆیەتی دەبێ وڵامدەر بێ، لە دانی جەریمەڕا بگرە هەتا زیندانی هەتاهەتایی و لێئەستاندنی گیانی. ئەو بۆچوونەی دەوڵەتی ئێران دەرخەری ئەو راستییەیە کە دەیهەوێ خۆی لە ئاستی مەسئولیەت بەرامبەر بەخەڵک و کۆمەڵگە بدزێتەوە. مەسئولیەتی دەوڵەت پێش هەر شتێک لە هەر کۆمەڵگەیەکدا ئەوەیە کە لە بواری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی، ئەمنیەت و خۆشبژێوی بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگە دابین بکا. بەڵام کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری بە زاڵکردنی فەزای ئەمنی بە سەر کۆمەڵگەی ئێراندا و گرتنەبەری سزای قورسی ئیعدام، ویستی دەسەڵاتی خۆی داسەپێنێ و شوعاری «دامەزرانی ئەمنیەت و پاراستنی کۆمەڵگە بە رێگەی ئاسنین پێک دێ، نەک بە نەرمی نواندن لەگەڵ تاوانباران»، کە ئەوە لە قسە کردنی «آیت الله خومەینی»ڕا بگرە هەتا کاربەدەستێکی رەدە خوارەوەی ئەو نیزامە لە٣٧ ساڵی رابردوودا بە ئاشکرا دیارە و کاری پێ دەکرێ. بۆ نموونە:

ئایەتوڵا خومەینی ١٤ی رێبەندانی ١٣٦٣ لە رێورەسمی دەهەی فەجردا لە قسەکانیدا دەڵێ: «ئەگەر ئیمامی عەلی خاوەنی روحم و بەزەیی بوایە شمشیری هەڵنەدەکێشا و ٧٠٠ کەسی یەکجێ نەدەکوشت، بە دانانی دادگا و زیندانی کردن کاری ئێمە جێبەجێ نابێ، ئەو روحم و بەزەیە مندالانەیە وەلا بنێین...». لە راستیدا وتار و قسەکانی خومەینی بوونەتە قانوون و لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا بە روونی رەنگی داوەتەوە. ئەسڵی ١٦٧ دەڵێ: «قازی لەسەریەتی هەوڵ بدا حوکمی هەر تاوانێک لە قانوونی نوسراوەدا بدۆزێتەوە بەڵام ئەگەر پەیدای نەکرد، پاڵپشت بە سەرچاوەکانی ئیسلامیی جێگای باوەڕ، بە فتوای جێگای ئێعتبار، حوکمی قەزیەکە بدا...». واتە قازی دەستی ئاواڵەیە بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆی هەر حوکمێک بە دروستی بزانێ لە سەر کەسێک کە تاوانبار کراوە یان تاوانبارە، بێ ئەوەی کە لە بەرامبەر ئەو حوکمەدا بەرپرسیار بێ، حوکمی بۆ دەردەکا. بە واتایەکی دیکە ئەو قانوون و قسەی رێبەرانی کۆماری ئیسلامی دەستی دەزگای قەزایی ئاواڵە کردوە کە حوکمی سزای ئیعدام و سەنگسار و پەراندنی دەست و پێ و... وەک ئەو ئەفسەرەی ئیدارەی چاوەدێری و رێگاوبان و شۆفیرەی وایە کە بەرگەیەکی جەریمە بۆ شۆفیرێکی سەرپێچیکار دەنووسێ. هەر بۆیە لەو کاتەی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی ئێرانی بە دەستەوە گرتووە بە بەهانەی جۆراوجۆر خەڵک ئیعدام و زیندانی دەکا. بەڵام دەبینین لەگەڵ چوونە سەری رێژەی ئیعدام، رێژەی تاوان و تاوانکاری لە ئێراندا رۆژبەرۆژ رووی لە زیادبوونە و ئەو ئیعدام و زیندانی کردنە بەو شێوەیە کە دەسەڵەتدارانی کۆماری ئیسلامی بەرێوەی دەبەن نەیتوانیوە رادەی تاوان و تاوانکاری کەم کاتەوە و بۆ گەیاندنی زیاتری ئەو بابەتە پشت بەو ئامارانە دەبەستین کە زۆربەیان لە سایت و راگەیاندنەکانی ئێران و جیهاندا بڵاو بوونەتەوە و دەرخەری ئەو راستییەن کە رێژەی ئیعدام رۆژبەرۆژ لە ئێرانی کۆماری ئیسلامیدا چۆتە سەرێ.

بە پێی ئامارەکان پێش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی ٥٪ زیندانیەکانی ئێران تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان بوون بەڵام ئێستا دوای ٣٧ ساڵ دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی رێژەی زیندانیانی مادە هۆشبەرەکان ٤٥٪ زیندانیانی ئێران پێک دێنن. بە پێی هێندێک ئامار لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەزگای قەزایی ئێران زیاتر لە ٤ میلیۆن کەسی بە تاوانی بەرهەمهێنان و فرۆشتن و بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان دەستبەسەر کردوە و حوکمی زیندانیان بۆ دەرچووە و ئەوە لە حاڵێک دایە رۆژبەرۆژ گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرکان روو لە زیادبوونە و بۆتە گرفتی چارەسەرنەکراو بۆ کۆمەڵگەی ئێران. ئەو ئامارانەی سەرەوە تەنیا تایبەت بوون بە تاوانی فرۆشتن و بڵاو کردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و ئاماری ئەو کەسانەی کە بە هۆی قەتڵ و زینا و دزی و کۆمەڵێک تاوانی لەو بابەتە ئیعدام کراون زۆر لەوە زیاترە. دەسەڵات بە جێگای دۆزینەوەی رێگاچارەی زانستی و کۆمەڵناسانە تەنیا لە ماشێنی ئیعدام کەڵک وەردەگرێ بێ ئەوەی کاریگەری لە سەر کەم کردنەوەی تاوان و تاونکاری هەبێ.

بێجگە لەو ئیعدامانەی سەرەوە کە بەهۆی تاوانی کۆمەڵایەتی، مادە هۆشبەرەکان، قەتڵ، دزی و زینا، «محاربە با خدا و مفسدفی الارض» لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا ئیعدام کراون بێ ئەوەی کە لە دادگایەکی دادپەروەردا دادگایی بکرێن و لە هەمانحاڵدا دەستیان بە پارێزەر رابگا.

ئەگەر دەزگایەک یا رێکخراوەیەکی لێکۆڵینەوە یا پاراستنی مافی مرۆڤ بتوانێ دەستی بە ئەسناد و بەڵگەی کۆماری ئیسلامی رابگا و لە ساڵی ٥٨ هەتا ئێستا ئاماری ساڵ بەساڵی ئیعدامەکان دەست نیشان بکا، رەنگە ئاماری ئیعدامەکان سەر لە دەیان هەزار کەس بدا. بۆ ئەو مەبەستە ئیشارە بە ئاماری چەند قۆناغ لە ژیانی کۆماری ئیسلامیدا دەکەین بۆ نموونە:

بە پێی راپۆرتی رێکخراوی لێبووردنی گشتی لە ٢٢ی رێبەندانی ٥٧ هەتا رەشەمەی ١٣٥٨ کە تەمەنی کۆماری ئیسلامی نزیک بە یەک ساڵە، ٤٣٨ کەس ئیعدام کراون. بە پێی ئامارە جۆراوجۆرەکان لە ساڵی ٦٠ هەتا ٦٧ زیاتر لە ١٠٧٠٠ کەس بە تاوانی جۆراوجۆر بە حوکمی ئیعدام گیانیان لێ ئەستێندراوە، کە ئیعدامە سیاسییەکانی ساڵی ٦٧ بەشێکە لەو رێژەیە. لە ساڵی ٨٣ هەتا ١٣٩٤ بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە سایتەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بڵاو بوونەوە، رادەی ٦٠٥٨ کەس ئیعدام کراون.

ئەوەی لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی چۆنییەتی کەڵک وەرگرتن لە سزای ئیعدام لە کۆمەڵگەی ئێراندا پێڕەوی کردوە بۆ دروست کردنی فەرهەنگێک بووە کە زۆر دوور بووە لە مێژووی فەرهەنگی گەلانی ئێران، فەرهەنگێک کە روحم و بەزەیی و خۆشەویستی بکوژێ و دڵرەقی و خولقاندنی ترس و توندوتیژی پەرە پێبدا و ئەوە یەکێک لەو رێکارانەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆیان گرتوویانەتە بەر و بەو رێکارە زیانی گەورەیان لە کۆمەڵگەی ئێران داوە و بە جێگای رێگری لە پەرەگرتنی تاوان و تاوانکاری، رێگاخۆشکەر بوون بۆ پەرەپێدانی تاوان و هۆکاری سەرەکی بوون بۆ بڵاو بوونەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان وەک «گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان، دزی و زینا و قەتڵ و...». کاتێک دەوڵەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی ئابووری و سیاسی نەبێ بۆ بنبڕ کردنی بێکاری و دابینکردنی ژیانێکی خۆش و پاراستنی مافە کلتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تەنیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی تاوان پشت بە ئیعدام و زیندانی کردن ببەستێ، زۆر سروشتییە نابێ چاوەڕوان بین لە کۆمەڵگەیەکی وادا تاوان و تاوانکاری پەرە نەستێنی.

لە کۆتاییدا ئیشارە کردن بەم دوو خاڵە پێویستە: کاتێک بە حوکمی دەزگای قەزایی ئێران مەحکوم بە ئیعدام لە بەرچاوی خەڵک دەبێ ئیعدام بکرێ، کۆمەڵگە زیاتر دەکەوێتە بەر مەترسی توندوتیژی و لە هەمانحاڵدا خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی ئینسانی دەکوژێ و هەر ئەوە خۆی هۆکارێکە بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی. لە لایەکی دیکەوە لە بواری زانستی دەروونناسییەوە ئەوە سەلمێندراوە کە رەفتاری لەو بابەتە لە لایەن دەوڵەت و دەسەڵاتەوە زەربەی قورس لە ویژدانی کۆمەڵگە دەدا و زیاتر تووی دڕدونگی و توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە. ویژدانی تاکەکانی کۆمەڵگە بە دیتنی کرداری جوان و مرۆڤدۆستانە وەخەبەر دێ نەک بە خولقاندنی دیمەنی ئیعدامی مرۆڤەکان هەرچەند تاوانباریش بن.

> ❝کاتێک دەوڵەت هیچ پلان و بەرنامەیەکی تۆکمەی ئابووری و سیاسی نەبێ بۆ بنبڕ کردنی بێکاری و دابینکردنی ژیانێکی خۆش و پاراستنی مافە کلتووری و فەرهەنگییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تەنیا بۆ بەرەنگار بوونەوەی تاوان پشت بە ئیعدام و زیندانی کردن ببەستێ، زۆر سروشتییە نابێ چاوەڕوان بین لە کۆمەڵگەیەکی وادا تاوان و تاوانکاری پەرە نەستێنی❞

## پێزانین و سوپاسی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە دوو حەوتووی رابردوودا ئەندامان، لایەنگران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شار و ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، جارێکی دیکە وەفاداریی خۆیان بە رێبازو ئامانجەکانی رێبەرانی شەهیدی خەباتی رزگاریخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نیشان دایەوە. جارێکی دیکە ئەو رق و بێزارییەیان بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نیشان دایەوە کە لە دەروون و باوەڕی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەرامبەر بەو رێژیمە پەنگی خواردووەتەوە.

لە بەرەبەری ٢٤ ساڵەی تیرۆری د. سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، رۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە شارو ناوچەکانی ئیلامەوە تا سەرووترین ناوچەکانی باکووری رۆژهەڵات، بۆ جارێکی دیکە بوونەوە بە گۆڕەپانی پەیمان نوێکردنەوەی هۆگرانی حیزبی دێموکرات و رێگا و ئامانجەکانی ئەو رێبەرە شەهیدە. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و دڵسۆزانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە کوردستان، بە کاری تەبلیغیی بەرین، شەقام و بازار و کۆڵان و رێگا و بان و تەنانەت دارودیواری بنکە و دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی رێژیمی تیرۆریست و تیرۆیستپەروەری ئێرانیشیان بە تراکت و دروشم و وتەی رێبەرانی شەهیدی خۆیان رازاندەوە. ئەمجارەش سەلماندیان کە خوێنی شەرەفکەندی و رێبەرانی شەهیدی دیکەیان بە فیڕۆ ناچی و رێگا و ئامانجەکانیان بە شەهید بوونیان، کوێر نابێتەوە.

هاوکات لە گەڵ ئەم چالاکییە بەرینانە، لە زۆر شار و ناوچەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بە بۆنەی شەهیدبوونی هاوڕێیان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، پەیام و بروسکەی هاودەردی و سەرەخۆشی و پشتیوانی بە تەلەفۆن، و لە رێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب گەیشتوون. کۆمیسیۆنی تەشکیلات، بە بۆنەی کارو چالاکیی ئەندامان و دڵسۆزانی حیزب، هەر وەها بە بۆنەی هاودەردی و هاوپێوەندیی هۆگرانی دێموکرات لەگەڵ حیزبمان بە دوای شەهید بوونی ئەم دوو تێکۆشەرە بە نرخەدا، سوپاسی گەرمی خۆی پێشکەشیان دەکا و بە چاوی رێز و پێزانینەوە، دەڕوانێتە تێکۆشان و هەڵوێستی بوێرانە و نیشتمانپەروەرانەیان. بە دڵنیاییەوە ئەم هاوپیوەندی و پشتیوانییەتان ئێمە لە درێژەدانی ئەرکەکانمان شێلگیرتر دەکا.

دەستتان خۆش و هیممەتتان هەر وا بەرز هۆگران ودرێژەدەرانی رێگا و ئامانجەکانی د. شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی سەربەرزی گەلی کورد.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٨ی خەرمانانی ١٣٩٥**
**١٨ی سێپتامبری٢٠١٦**

## لاوانی کوردستان لەگەڵ شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی پەیمانی وەفایان نوێ کردەوە

دوای شەهیدبوونی ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی، دوو پێشمەرگەی بەوەجی حیزبی دێموکرات لاوانی کورد، لاوانی دڵسۆزی کورد بە ناردنی پەیام و چالاکیی شاخەوانی لەسەر لوتکەی چیاکانی کوردستان پەیمانی وەفایان لەگەڵ شەهیدان نوێ کردەوە.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێری کوردستان رۆژی هەینی ١٩ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی، وەک وەفایەک بۆ شەهیدانی تازەی حیزب و گەل، شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نەستانی، لاوانی خوێنگەرم و نیشتیمانپەروەری گوندی قەلەڕەشێ سەر بە شاری سەردەشت لە چیاکانی باژاڕ لووتکەی ئەو چیایەیان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان نەخشاند.

لە شارەکانی دیکەی کوردستانیش گرووپە شاخەوانەکان بەسەرەکەوتن بە سەر لوتکەی چیاکاندا یاد و بیرەوەریی تازەترین شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەرز راگرتوە.

## عەدنانی حەسەن پوور ئازاد کرا

عەدنان حەسەنپوور، نووسەر و رۆژنامەنووسی کورد دوای ١٠ ساڵ مانەوە لە زیندان ئازاد کرا.

ئەم رۆژنامەنووسە ساڵی ١٣٨٥ دەستبەسەر کرا و لە هاوینی ساڵی ١٣٨٦ بە تۆمەتی «محاربە« سزای ئیعدامی بەسەردا سەپا، بەڵام بە هۆی ئێعتراز و هەوڵی قانوونیی ساڵح نیکبەخت، پارێزەری ناوبراو ئەم حوکمە لە دیوانی بەرزی وڵات بە ٣١ ساڵ زیندان داشکا و دواجار بۆ ١٥ساڵ زیندان کەم کرایەوە.

عەدنان حەسەن پوور، ئەندامی دەستەی نووسەرانی حەوتوونامەی «ئاسۆ» بوو کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو دەکرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە ساڵی ٨٤ بە تۆمەتی هەوڵدان بە «دژی ئەمنیەتی میللی» و «شێواندنی بیروڕای گشتی» داخرا.

شایانی باسە عەدنانی حەسەن پوور دوو ساڵ بەرپرسی ئەنجوومەنی ئەدەبیی شاری مەریوان و هەروەها سەرنووسەری گۆڤاری «رەوت» بوو.

ئەم رۆژنامەنووسە دوای دەستبەسەرکرانی خەڵاتی تایبەتیی «هەواڵنێرانی بێ سنوور» ی پێبەخشرا. هەروەها ساڵی ١٣٩٣ ناوی چووە رێزی لیستەی ١٠٠ کەسی کە بە «قارەمانی هەواڵنێری» ناسران و ئەم لیستە بۆ یەکەمجار لە لایەن «هەواڵنێرانی بێ سنوور»ەوە بڵاو کرایەوە.

کوردستان
ژمارە: ٦٨٨ • رۆژنامەی

# کۆچی نێودەوڵەتی



سۆران عەلیپوور

لە سەرەتاکانی سێپتامبری ٢٠١٥دا، بڵاوبوونەوەی وێنەی منداڵێکی خنکاو بە تیشێرتێکی سوورەوە لە کەناراوەکانی بۆدرومی تورکیە، کاردانەوەیەکی جیهانی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەو منداڵە بە رێکەوت کورد بوو، بە رێکەوت خەڵکی کۆبانی بوو و هەر بە رێکەوتیش وڵاتێکی بەڵالێدراو و پڕ لە شەڕ و شۆڕی وەک سوریەی لە دوای خۆی بەجێهێشتبوو. کارەکتەری ئەو وێنەیە بێجگە لە ناسنامە لۆکاڵیەکەی، هەڵگری ناسنامەیەکی جیهانیش بوو، لەوانەیە زۆر کەم هەڵکەوێ کە چوارچێوەی وێنەیەکی بچووک ، هەموو رەهەندە رەمزی و بەرچاوەکانی دیاردەیەک یان رووداوێک بگرێتە خۆی، بەڵام ئالان بە تەنیا کەسایەتیی «کۆچبەر»ی لە سەرەتاکانی سەدەیەکدا وێنا کرد، سەدەیەک کە نە دەرفەتی مانەوە، ئارامی و ئاشتی بە ئالانەکان دەدا، نە مەودای کۆچێکی بێ قوربانیش.

«کۆچ» لە دنیای ئەورۆدا خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتە کە جیای دەکاتەوە لە شوێن گۆڕکێکانی رابردووی مێژووی مرۆڤایەتی؛ پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگواستن و پەیوەندی پێکەوەکردن، شەڕ و بەڵا مرۆیی و سروشتییەکان، هەروەها کاریگەریی راستەوخۆی سیاسەت و ئابووریی وڵاتان لەسەر یەکتر، لەو هۆکارانەن کە نێوەرۆک و رواڵەتی کۆچیان گۆڕیوە. زۆر بە ئاسانی رووداوێک لە گۆشەیەکی دنیا، دیاگرامی بۆرسەی بازاڕە جیهانییەکان دەگۆڕێ. لەوانەیە ئاسان نەبێ لە چەند وشەیەکدا پێناسەی چەمکی «کۆچی نێودەوڵەتی» بکەین، بۆیە هەوڵ دەدەین لە رێگەی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانەوە لە ناسین و تێگەیشتنی ئەو دیاردەیە نزیکتر بینەوە. بە جیهانیبوونی کۆچ هەم لە رووی جوغرافییەوە و هەم لە رووی کاردانەوەکان و هەڵوێست گرتنەکان لە ئاستی دامەزراوەییدا، تایبەتمەندییەکی سەرەکیی کۆچی نێودەوڵەتین، کۆچ دەبێتە هۆی گۆڕینی دێمۆگرافی وڵاتی دایک یان بێبەش بوونی نیشتمان لەو هێز و مێشکانەی کە بۆ پەروەردە کردنیان سەرمایەی رەمزی و مادی تەرخان کراوە. هاوکات لە وڵاتی دووهەمیشدا بەرەوڕووی دیواری بڵیندی کلتووری جیاواز و پێکهاتەیەکی ئیداری، سیاسی و ئابووری دەبێتەوە کە بۆ هەزم کردن و چوونە نێو ئەو پێکهاتەیە رێگەیەکی درێژ و سەختی لە پێشە.

ئاراستەی کۆچ لە پەنجا ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕدراوە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و لە سەروبەندی دوو شەڕی گەورەی جیهانیدا ، دانیشتوانی ئورووپا رێگەی کۆچیان دەگرتەبەر و روویان لە وڵاتێکی دیکە دەکرد، ئێستا بەشێکی زۆری وڵاتانی قارەی ئورووپا، ئەمریکا ، کانادا و ئۆسترالیا بوونەتە شوێنی مەبەستی کۆچبەران لە سەرانسەری جیهانەوە، هاوکات گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیش بەسەر جۆری کۆچ کردنەکاندا هاتووە، وڵاتان تەنیا لەگەڵ یەک جۆری کۆچبەر بەرەوڕوو نین، هاوکات لەگەڵ کۆچی سیاسی، کۆچی خوێندن، کۆچی کار، کۆچی بنەماڵەیی و پەیوەندییە خێزانییەکان بەرەوڕوونە. هەر لەو پەیوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو ئەنجامی دیاری ئەو کۆچە نێودەوڵەتییە بکەین، یەکێک لە ئەنجامەکان دەرکەوتنی دیاردەیەکی دیکەیە بە ناوی کۆچی بازنەیی(circular migration)، واتە گەڕانەوەی هەمیشەیی یان کاتیی نەوەی یەکەم و دووەم بۆ نیشتمانی دایک و نیشتەجێ بوونەوەیان لە شوێنێک کە پێشتر بەجێیان هێشتووە، ئەنجامی دووەم دروست بوونی دیاسپۆرایە لە دەرەوەی زێد و نیشتمان و دروست کردنەوەی جۆرێک لە یەکگرتوویی، هاوکاری و ناسنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە تاراوگەدا لە سەر بنەمای ئێتنیک، ئایین، زمان یان پێشینەی هاوبەش.

وڵاتانی ترانزێت بە ئەکتەرێکی دیکەی جیهانی کۆچ و کۆچبەری ئەژمار دەکرێن، کە رۆڵ و پێگەیان لە هاوکێشەکاندا بەستراوەتەوە بە شوێنگەی ژێئۆپۆلیتیکیەوە و ژمارەی ئەو کۆچبەرانەی وەک بەردەبازێک کەڵک لەو وڵاتە وەردەگرن، بە کورتی وڵاتانی ترانزێت بەو وڵاتانە دەڵێن کە کۆچبەران بە مەبەستی گەیشتن بە شوێنی مەبەست پێیدا تێدەپەڕن یان بۆ ماوەیەکی کاتیی لێی دەمێننەوە، لەو چەند ساڵەی رابردوودا بە هۆی گۆڕانکاری لە سیاسەتی کۆچ و هێندێک رێککەوتنی ناوچەیی و نێونەتەوەیی، ژمارەی کۆچبەران و ماوەی مانەوەیان لە وڵاتی ترانزێتدا بەرەوژوور هەڵکشاوە. وڵاتانی وەک تورکیە، مەراکێش، ئیسپانیا و مەکسیک لە بەرچاوترینی ئەو وڵاتانەن کە کۆچبەران وەک بەردەبازێک بۆ پەڕینەوە و گەیشتن بە شوێنی دیاریکراو کەڵکی لێ وەردەگرن. هەڵبەت ئەو بەرژەوەندیخوازییە دوولایەنەیە و پشکی دەوڵەتەکان لەو مامەڵەیەدا یەکجار زۆر زیاترە، بۆ نموونە لە چەند ساڵی رابردوودا تورکیە وەک شمشێرێکی دووسەر کەڵکی لە کێشەی کۆچبەران وەرگرتووە، لە لایەک بۆ فشار هێنان بۆ یەکێتی ئورووپا و بەدەستهێنانی دەسکەوتی زیاتر، لە لایەکی دیکەشەوە بۆ سەرکوت کردنی گەلی کورد، نارازی و جیابیرانی نێوخۆ و پەردەپۆش کردنی پێشێلکارییە نێوخۆ و ناوچەییەکانی.

ئەگەر کۆچ لە رابردوودا دیاردەیەکی پیاوانە بووە یان ژمارەی ژنان لەو کۆچە نێودەوڵەتییەدا زۆر لە خوارێ بووە، ئەوا ئێستا ژنان هەم ژمارەیان لەو دیاردەیەدا زۆر زیادی کردووە، بە تایبەت وەک کۆچبەری بواری کارکردن لە بەشەکانی خزمەتگوزاری و تەندروستیدا ، هەم ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنیشیان لە بارەی کۆچەوە چۆتە سەرێ، ژنانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا بۆ کارکردن روو دەکەنە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، یان ژنانی ئورووپای خۆرهەڵات روو دەکەنە شارە گەورە و پیشەسازییەکانی ئورووپای رۆژئاوا بۆ گەڕان بەدوای ژیانێکی باشتردا، ئەوە بێجگە لەو ژنانەی کە بەشێکی بەرچاوی ئاوارەکانی رووداوە مرۆیی و سروشتییەکان پێک دێنن.

بەسیاسیبوونی کۆچ، تایبەتمەندییەکی دیکەی کۆچی نێودەوڵەتییە، بە تایبەت دوای تەقینەوە و هێرشە تیرۆریستیەکانی مادرید، لەندەن و نیۆرک، ئەو رووداوانە بێجگە لەوەی کاریان کردە سەر دروست بوونی هاودەنگییەک لە نێوان وڵاتانی وەرگر(ئەو وڵاتانەی کۆچبەران روویان تێ دەکەن)، بە دیوێکی دیکەشدا پرسی کۆچیان لە کێشەیەکی مرۆییەوە گواستەوە نێو فۆرمێکی ئەمنیەتی. هاوکات لەگەڵ شەری نێوخۆیی سوریە وڵاتانی جیهان بەگشتی و وڵاتانی یەکێتی ئورووپا بە تایبەتی لە بەردەم چەند بژاردەیەکدا بوون، یان کێشەکانی نێو سوریە چارەسەر بکەن و بەو شێوەیە رێگە لە کۆچی زیاتری خەڵکی ئەو وڵاتە بگرن، یان ئەوەی کە لە وڵاتانی ترانزێتدا پێش بە کۆچی کۆچبەران بگرن، دوایین بژاردەش دەست و پەنجە نەرم کردن بوو لەگەڵ خودی قەیرانەکە لە نێو ئورووپادا. لێرەدا وەک نموونەیەک باس لە کۆچبەرانی سوریە دەکەین کە چۆن کار دەکەنە سەر دارشتنی سیاسەتی ناوچەیی و جیهانی، ئەگەر نا کۆچبەران یەکێک لە بابەتە هەر گەرمەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەمریکا و پەرلەمانی ئوسترالیاشن.

خەسڵەتێکی دیکە کە کۆچبەری مۆدێرن لە کۆچبەری کلاسیک جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە وڵاتانی وەرگردا کۆچبەر بێجگە لەوەی بابەتێکی سیاسی و ئەمنیەتی و کلتورییە، هاوکات وەک مەترسی و هەڕەشەیەکیش بۆ سەر دەوڵەتی خۆبژوێنی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێ. ئەوەی کە کۆچبەران ناتوانن بگەڕێنەوە بازاری کار یان لە سەرەتادا پێویستیان بە پشتیوانی هەیە تا جارێکی دیکە هەم لە رێگەی بەرهەمهێنان یان لە رێگەی زەکات وماڵیات بەشداری لە دەوڵەتی خۆبژوێنی کۆمەڵایەتیدا بکەنەوە، وەک خاڵێکی لاواز لە لایەن راسیست یا پارتە راست و توندڕەوەکان دەقۆزرێتەوە تا دژایەتیی «ئەوی دیکە»ی پێ بکەن، ئەوە بێجگە لەو داوەرییە پێشوەختانەی کە لە رووی کلتوورییەوە لە سەر کۆچبەران دەیکەن و روویەکی نەرێنی لەو خەڵکانە پێشان دەدەن کە لە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە کۆچ دەکەن.

دوای تێپەرینی ساڵێک بەسەر مەرگی ئالاندا، وەک منداڵێکی کوردی کۆچبەر لە لێوارەکانی وڵاتێکی ترانزێتدا، دەردەکەوێت کە ئەوەی لەو رۆژەدا روویدا رێکەوت نەبوو، بەڵکو ئەنجامی ئەو دۆخە گلۆلۆکالییە(ناوچەیی/جیهانی)یە کە تێیدا هەموو فاکتەکان و هەموو ئاکتەرەکان بەشدارن تا جارێکی دیکە لە رێگەی وێنەی قوربانییەکەوە، «ئێمە» و «ئەوان» بەرامبەر بەیەک رابگرنەوە. ئالان لەگەڵ هەموو ئەوانەی لە رێگەی نێوان وڵاتەکاندا بوونە قوربانی، دیوی هەرە تراژیدی دیاردەی کۆچی نێودەوڵەتین.



«کۆچ» لە دنیای ئەورۆدا خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسڵەتە کە جیای دەکاتەوە لە شوێن گۆڕکێکانی رابردووی مێژووی مرۆڤایەتی؛ پێشکەوتنی هۆکارەکانی راگواستن و پەیوەندی پێکەوەکردن، شەڕ و بەڵا مرۆیی و سروشتییەکان، هەروەها کاریگەریی راستەوخۆی سیاسەت و ئابووریی وڵاتان لەسەر یەکتر، لەو هۆکارانەن کە نێوەرۆک و رواڵەتی کۆچیان گۆڕیوە

## چەند هەواڵی جیهانی

### دوایین گرووپی موجاهیدینی خەڵق کە لە عێراق بوون بۆ وڵاتی ئاڵبانی گواسترانەوە

دوایین گرووپی موجاهیدینی خەڵق کە لە کەمپی لیبرتی لە عێراق جێگیربوون، بۆ وڵاتی ئاڵبانی گواسترانەوە و پاش ٣٠ ساڵ ناچاریان کردن کە عێراق بەجێ بێڵن.

زیاتر لە ٢٨٠ کەس لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق رۆژی هەینی لە کەمپی لیبرتی نزیک بە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بۆ وڵاتی ئاڵبانی نێردران.

بەپێی رێککەوتنێک بە نێوبژیوانیی ئەمریکا و ئاژانسی پەناخوازانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، نزیک بە ٢ هەزار کەس لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق لە سەرەتای ساڵی٢٠١٦دا بە سەر زیاتر لە ١٠ وڵاتی ئورووپاییدا دابەشکران.

رێکخراوی موجاهیدینی خەڵق هەتا چەند ساڵ لەوە پێش لە لایەن یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا وەک رێکخراوێکی تیرۆریستی لە لیستی رەش دابوون، بەڵام یەکیەتیی ئورووپا و پاشان وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکاش ئەم گرووپەیان لە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکاندا دەرهاویشت.

شایانی باسە هێرشی پاییزی ساڵی رابردوو بۆ سەر موجاهیدین کە کوژرانی ٢٣ کەس لە ئەندامانی ئەم رێکخراوەیەی لێکەوتەوە و لە لایەن شیعەکانی عێراق بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرابوو، ئەوانی ناچار کرد ئەم وڵاتە بەجێ بێڵن.

### بارێکی چەکۆچۆڵی ئێران کە قەراربوو بۆ حوسییەکانی یەمەن بنێردرێ، راگیرا

سەرلەشکر ناسر تاهیری، جێگری ستادی ئەرتەشی یەمەن رایگەیاند کە بارێکی چەکۆچۆڵی ئێران کە بۆ حوسییەکانی دەنارد، لە سنووره ئاوییەکانی وڵاتەکەی دەستی بەسەردا گیرا.

ئەمە یەکەم جار نییە کە کاربەدەستانی نیزامی و سیاسیی یەمەن دەست بە باری چەکۆچۆڵی کۆماری ئیسلامی دادەگرن، بەڵکوو تەنانەت ئەمریکاش تا ئێستا چەند باری چەکۆچۆڵی کۆماری ئیسلامیی گرتوە کە بۆ توندئاژۆ ئیسلامییەکانی یەمەنی ناردوە.

جۆن کێری، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رۆژی هەینی گوتبووی ئێران لە ناردنی چەکوچۆڵ بۆ میلیشیاکانی حووسی لە یەمەن دەست هەڵناگرێ.

لە هەمان حاڵدا محەممەد عەلی فەلەکی یەکێک لە فەرماندەکانی سپاس پاسدارانی ئێران لە سەرەتا مانگی ئۆتدا گوتی، ئەرتەشی ئازادیبەخشی شیعەیان بە فەرماندەیی قاسم سلێمانی پێک هێناوە کە ئێستا لە ئەرتەشی عێراق و سووریە و یەمەن شەڕ دەکەن.

کارناسانی بواری رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەڵێن، پێکهێنانی گرووپ و تاقمە شیعەکان لەم ناوچەیەدا بە مەبەستی خۆشکردنی ئاگری مەزهەبییە و ئەمە یەکێک لە بەرنامە درێژخایەنەکانی کۆماری ئیسلامیی هەبووە و هەیە.

لە لایەکی دیکە «عەبدولملک المخلافی»، وەزیری دەرەوەی یەمەن لە کۆبوونەوەی وڵاتانی «نادەروەست»دا پێداگریی کردەوە کە ئێران ئێستاش لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتەکەی بەردەوامە.

کاربەدەستانی نیزامیی ئێران و راگەیەنەکانی ئەم وڵاتە، چەندین جار رایانگەیاندوە کە پشتیوانی لە شیعەکانی یەمەن دەکەن و ئەوە بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

### خەزێنەداریی ئەمریکا تا ئێستاش کۆسپی بەردەم فرۆشتنی فڕۆکە بە ئێرانە

وەزیری رێگەوبانی ئێران دەڵێ، ئاکامی هەموو وتووێژەکانی کڕینی فڕۆکە لە شیرکەتە بیانییەکان پێوەندیی بە بڕیاری خەزێنەداریی ئامریکاوە هەیە.

عەباس ئاخوندی، وەزیری رێگا و شارسازیی ئێران دەڵێ هەموو گرێکوێرەکانی پێدانی مۆڵەتی کڕینی فڕۆکە لە لای دەفتەری کۆنترۆڵی دارایییە بیانییەکانی ئەمریکایە و ئیدارەی گشتیی خەزێنەداریی ئەمریکا دەبێ ئەو بەربەستانە لابەرێ.

دوای رێککەوتنی ناوکی و هەڵوەشاندنەوەی زۆربەی گەمارۆ ئابوورییەکانی دژی ئێران، ئەم وڵاتە بە تەمایە ٢٠٠ فڕۆکە مسافیرهەڵگر بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوگانی ئاسمانییە کۆن و لەکارکەوتووەکەی بکرێ، بەڵام تا ئێستا کۆسپە قانوونییەکانی تێنەپەڕاندوە.

ئێران ئێستاش لەسەر کڕینی فڕۆکەی مسافیرهەڵگر لە دوو گەورە شیرکەتی فڕۆکەسازیی ئایرباس و بۆئینگ بە بڕی ٥٠ میلیارد دۆلار سوورە. ئاخوندی، وەزیری رێگا و شارسازیی ئێران دەڵێ، وتووێژەکان لە مبارەیەوە تا ئێستا بە باشی چونەتەتە پێش بەڵام دەفتەری کۆنترۆڵی داراییە بیانییەکانی ئەمریکا کۆسپی خستۆتە سەر ئەم مامەڵەیە.

### گەڵاڵەی کۆماریخوازەکانی ئەمریکا بۆ پێشگرتن بە پێدانی پارەی دیکە بە ئێران

بڵاڤۆکی «واشنگتۆن فری بیکێن» باس لە گەڵاڵەی نوێی سیناتۆری کۆماریخوازەکان مارکۆ رۆبیو دەکا کە قەرارە بۆ مەجلیسی سەنا بنێردرێ و بەپێی ئەم گەڵاڵەیە دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ هیچ پوولێکی دیکە بە ئێران بدا کە رەخنەگران ئەمە بە پێدانی باج بە ئێران دەزانن.

رۆژنامەی «وال ئیستریت جۆرناڵ» نێوەڕاستی مانگی گەلاوێژ لە زمان کاربەدەستێکی ئەمریکای کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ ئاشکرای کرد کە واشنگتۆن هاوکات لەگەڵ گۆڕینەوەی زیندانیانی دوو وڵات لە زستانی ٩٤ بڕی ٤٠٠ میلیۆن دۆلاری نەغدی بە فڕۆکەیەک بۆ تاران ناردوە.

# کاریگەریی بڕیاری دادگای میکونوس لەسەر گۆڕینی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی



عەلی بداغی

تیرۆر بەشێکە لە مێژووی سیاسیی مرۆڤ و دەسەڵات. کەم نیزامی سیاسی لە مێژووی کەونار و هاوچەرخدا هەیە کە هەوڵی تیرۆری دژبەرانی خۆی نەدابێ و ئەوەشی لە پێناو پاراستنی دەسەڵات و سەقامگیریی نیزامەکەی‌دا بە پیرۆز و بڕیارێکی بەجێ نەزانیبێ، بەڵام لە چەند دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ چەسپانی بایەخە جیهانگیرەکان، ئێستا ئیدی تیرۆر بە دیاردەیەکی دژەباو و نەریتێکی نیزامە توتالیتێر و سەرکوتگەرەکان دادەنرێ.

ئێستا بە دەگمەن نیزامی سیاسیی دێموکراتیک و قانونمەند پەنا بۆ تیرۆر دەبەن و لە کێبرکێی دەسەڵات‌دا بەکاری دێنن. بەڵام ئەوەی لە مێژووی کۆماری ئیسلامی‌دا بەدی دەکرێ، ئەو ڕێژیمە بە شێوەیەکی زۆر بەرین شێوازی تیرۆری نەیارانی گرتۆتە بەر. کۆماری ئیسلامی سەرەڕای تیرۆری نەیارانی لە دەرەوەی سنوورەکانی و لە وڵاتانی دیکەدا، لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا سەدان کەس لە دژبەران و ڕەخنەگرانی دەسەڵاتی تیرۆر کردوە، ئەوەش لە حاڵێکدایە کە ناوەندە ئەمنیەتی‌یەکانی دەستی باڵایان لە پەروەندەسازی لە دژی دژبەرانیان بووە و دەزگای قەزایی ئەو ڕێژیمەش لە هیچ ئیعدامێکی سیاسی و کوشتاری دژبەرانی ڕێژیم نەپرینگاوەتەوە.

مێژووی تیرۆری سیاسی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا تەنانەت بۆ پێش هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەش دەگەڕێتەوە. ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە نایشارنەوە کە لە سەردەمی پاشایەتیی پەهلەیش‌دا تیرۆری سیاسی‌یان کردوە.

عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی، پلاندانەر و بڕیاردەری تیرۆرەکانی ڤییەن و بڕلین بە شانازی‌یەوە باس لەوە دەکا کە ئەو دەمانچەیەی حەسەنعەلی مەنسوور، سەرۆک وەزیرانی حەمەڕەزاشای پەهلەوی پێ کوژرا، ئەو دابینی کردبوو و دابووی بە محەممەد بۆخارایی هەتا تیرۆرەکەی پێ‌بکا.

هەر لە سەردەمی سەرۆک کۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانیش‌دا بوو کە زۆربەی تیرۆرە سیاسی‌یە گرینگەکان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتدا کران. لەو کاتەش‌دا تەماحی بەشداریی وڵاتە ئورووپاییەکان لە پشکیان لە وەبەرهێنان لە بازاڕی ئێران و نۆژەنکردنەوەی وێرانی‌یەکانی ئەو وڵاتە دوای شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراق وایکردبوو کە تەڕاتێنی ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتانە وەبەرچاو نەیە، هەتا ئەوەی کە بڕیاری دادگای میکونوس کۆتایی بەو ڕەوتە هێنا.

کۆماندۆکانی تیرۆری سەر بە کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی توانیان لە ریستورانتی میکونوس، دوکتور سادق شەڕەفکەندی، فەتاح عەبدولی و هۆمایون ئەردەلان و نوری دێهکوردی تیرۆر بکەن، کۆماری ئیسلامیی ئێران پێی وابوو هەر وەک تیرۆرەکانی پێشوو دەتوانی بە سیاسەتی حاشا و تەماح‌وەبەرنان بۆی دەربچێ، بەڵام لەوەیان‌دا کۆسپێکی گەورەی هاتە سەر ڕێ. دەزگای قەزایی سەربەخۆی ئاڵمان کە بڕیاری دابوو بەرگری لە کەرامەتی خاک و وڵاتەکەی بکا، پەروەندەیەکی گەورەی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا پێکهێنا کە کاری دادگا زیاتر لە ٥ ساڵی کێشا.

بڕیاری دادگا لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٦ ڕاگەیەندرا و کاربەدەستانی هەرە پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی بە دەست تێداهەبوون لەو تیرۆرانەدا بە تاوانبار ناسران و حوکمی دەسبەسەرکرانیان بۆ دەرچوو.

ئەو بڕیارە بیروڕای گشتیی ئورووپای هەمووی بە خۆیەوە سەرقاڵ کرد و ١٥ وڵاتی ئورووپایی بە نیشانەی نارەزایەتی بەو تیرۆرانە، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران کێشایەوە.

هیچ وڵاتێکی ئورووپایی بەپێی مێعیار و پڕەنسیپە نێودەوڵەتی‌یەکان نەیدەتوانی بڕیاری دادگای میکونوس لە بەرچاو نەگرێ و ئێران بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە کەوتە تەنگانەوە.

دنیای دەرەوە لێبڕاو بوو کە تاکە ڕێگای ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی‌یەکانیان، چوونەوەی تیمە دیپلۆماتیکەکانیان و درێژەی هاوکاری‌یە تیجاری‌یەکانیان، ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوە بوو کە ئێران ملی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چیدی لە هیچ وڵاتێکی ئورووپایی‌دا تیرۆری دژبەرانی نەکا و گەرەنتیی ئەوەش دەدا پێی ئەو ڕێژیمە لە پەروەندەی هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئورووپا نەیەتە گۆڕێ.

بڕیاری دادگای مێکونوس ستۆپی بە ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە باشووری کوردستانیش کرد. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بۆشایی دەسەڵاتێکی تۆکمە لە باشووری کوردستان کە شەڕی نێوخۆیی و ناسەقامگیریی سیاسی دروستی کردبوو، تا ئەو کات توانیبووی لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە نیزیک بە ٣٠٠ کادر و پێشمەرگەی حیزبە کوردی‌یەکان کە بەشی هەرە زۆریان کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون تیرۆر بکا.

بەڵام دوای بڕیاری دادگای میکونوس کە ئەو ڕێژیمە سەبارەت بە تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە تاوانبار ناسرابوو، درێژەدان بە تیرۆری ئەندامانی ئەو حیزبە لە باشووری کوردستان تێچوویەکی قورسی دیکە دەبوو کە کۆماری ئیسلامی نەیدەویست چیدی لەو قۆناغەدا بیدا.

لە نێوخۆی وڵاتیش‌دا حاکمییەت دەبوا ڕەفتار و ڕەوتێکی گرتبایە بەر، کە هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانی سیاسەتی دەرەوە، یارمەتیی بردنەپێشێی سیاسەتی ڕەواندنەوەی گرژی‌یەکان لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانی دابا، ئەوەش پێویستی بە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بوو کە بە نیزیکبوونی کاتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری دەبوا لەودا خۆی نواندبا.

پڕۆژەی ئیسلاحات دەیتوانی پووششێکی زۆر باش بۆ چاوبەستنی دنیای دەرەوە بێ، هەر بۆیەش بینیمان لە هەڵبژاردنەکانی ٢ی جۆزەردان، کە نیزیک بە سێ مانگ دوای بڕیاری دادگای میکونوس بەڕێوەچوو؛ محەممەد خاتەمی، وەک نمادی دەسپێکی ئیسلاحات لە بەردەم ناتق نووری، درێژکراوەی هێڵی حاکمییەت لە بەریەکدا ڕاگیران و شێخی ئیسلاحات بە دروشمی ریفۆرمخوازی توانی هەڵبژاردنەکان بباتەوە. پڕۆژەی ئیسلاحات ناتوانێ نیشانەی پێکهاتنی ئاڵوگۆری فیکری لە نێو ڕێبەرانی ڕێژیم‌دا بووبێ، چونکی کە تا دوای بڕیاری دادگای میکونوس و پێش لەوە شوێنەوارێکی ئەوتۆ لە دەرکەوتنی وەها بیر و بۆچوونێک لە نێو ڕێبەرانی باڵای ئەو ڕێژیمەدا هەستی پێ‌نەکراوە و سروشتی نییە کە ڕەفسەنجانی، یەکێک لە ئەندامانی تیمی تیرۆری حەسەنعەلی مەنسوور لە سەردەمی پاشایەتی‌دا و، پاشان پلاندانەر و یەکێک لە ئەندامانی کۆمیتەی تایبەتیی تیرۆر؛ یەکجێ و یەکشەوە و کتوپڕ باداتەوە و ببێتە یەکێک لە پشتیوانە سەرەکی‌یەکانی خاتەمی و دەوڵەتی ریفۆرمخوازی ئەو.

ئەگەر بزووتنەوەی ریفۆرمخوازی لە ساڵانی پاش و بە هۆی گۆڕانکاری‌یەکانی دواتردا ئاراستەی جیاوازتری بەخۆیەوە گرت، بەڵام لە دەسپێک‌دا تەنیا پڕۆژەیەک بۆ تێپەڕین و بۆ دەربازبوون لە قەیرانی میکونوس بوو. هەر بۆیەش لە دوای تەواوبوونی ٨ ساڵ سەرکۆماریی خاتەمی و دوای ئەوەی دەوڵەتی ریفۆرمخوازی ئەو توانی هاوکێشە نێودەوڵەتی‌یەکان بە قازانجی کۆماری ئیسلامی بگۆڕێ، دەسەڵات خرایەوە دەست ئوسولگەراکان و هەتا ئێستاش مەیدانی سەروەدەرنان بە ریفۆرمخوازەکان نەدرایەوە. لەگەڵ ئەوەش‌دا ئوسولگوراکانیش نەیانتوانی قەت کۆمەڵگا و کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی پێش سەرهەڵدانی ریفۆرمخوازی و پێش بڕیاری دادگای میکونوس. چونکی ئەوە دەرەنجامی کاریگەری‌یەکی قووڵ بوو کە پڕۆژەی تێپەڕین لە قەیرانی میکونوس لە نێوخۆی ئێران‌دا دروستی کردبوو، تێچوویەکی قورس کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا بۆ دەربازبوون لە بڕیاری دادگای میکونووس و لە پێناو پاراستنی تەواوەتیی نیزامەکەیان‌دا ئامادە بوون بیدەن.




«دنیای دەرەوە لێبڕاو بوو کە تاکە ڕێگای ئاسایی‌کردنەوەی پێوەندی‌یەکانیان، چوونەوەی تیمە دیپلۆماتیکەکانیان و درێژەی هاوکاری‌یە تیجاری‌یەکانیان، ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی‌یە. ئەوە بوو کە ئێران ملی بۆ ئەوە ڕاکێشا کە چیدی لە هیچ وڵاتێکی ئورووپایی‌دا تیرۆری دژبەرانی نەکا و گەرەنتیی ئەوەش دەدا پێی ئەو ڕێژیمە لە پەروەندەی هیچ کردەوەیەکی تیرۆریستی لە ئورووپا نەیەتە گۆڕێ»

## ڕۆژەڤی ئێران

# ئێران، ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی



حەسەن شێخانی

نەزمی نوێی جیهانی لە دوای ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤیەتەوە هاتۆتە ئارا. لەم نەزمەدا کەلێنێک کەوتۆتە نەزمی وێستفالیایی. لە نەزمی وێستفالیایی‌دا سنوورەکان نفووزهەڵنەگر بوون. چەمکی سەروەریی نەتەوەیی زۆر بەهێز بوو و وڵاتان لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی‌دا بە تەواوی سەربەست بوون. دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتان واتای ڕاستەقینەی خۆی هەبوو. بەڵام لە نەزمی نوێی جیهانی‌دا سنوورەکان نفووزهەڵگر بوون و هەندێک پرسی وەک مافی مرۆڤ بوونە پرسگەلی جیهانی و وڵاتان ناتوانن بە بیانووی سەربەستی لە چۆنەتیی ئیدارەی نیووخۆیی‌دا، بە مەیلی خۆیان لەگەڵی بجووڵێنەوە.

زۆربەی نزیک بە تەواوی وڵاتانی جیهان بە شێوەیەکی دیفاکتۆش بێ، سیستمی نێونەتەوەییان قبووڵ کردووە و لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵ دەگێڕن. کۆماری ئیسلامی لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاریەوە ئاڵای دژایەتی لەگەڵ سیستمی نێونەتەوەیی هەڵداوە و لە هەمبەر یاسا و ڕێسا نێونەتەوەییەکان‌دا مل با دەدا و پابەندیان نیە. لەبەر ئەوەی کە لە سیستمی نێونەتەوەی‌دا هێز دەور دەبینێ و هەر دەوڵەتەی بە قەرا هێزی، لەو سیستمەدا شوێندانەرە و، لەبەر ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیش ئەو هێزەی نیە کە ئەو نەزمە بگۆڕێ، بۆیە لە سەر ئەم سەرکێشی‌یانەی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا تێچوویەکی زۆری داوە و دەیدا و، هەڵبەت کۆمەڵێک کێشە و ئاژاوەشی بە تایبەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا ناوەتەوە.

پرسیار ئەوەیە کە گەلۆ بەرژەوەندیی وڵاتی ئێران دەخوازێ کە سیستمی دەسەڵاتداری، بەو شێوەیە بجووڵێتەوە یان ئەوە زیاتر بەرژەوەندیی بنیات و باندگەلێکی تایبەتە لە کۆماری ئیسلامی‌دا کە هەروا لە سەر «درێژەدان بە شۆڕش» و «ئیدئۆلۆژیگەرایی» و «ئارمانجخوازی»دا پێداگری دەکەن؟

حاشای لێ ناکرێ کە لە نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا دوو ڕوویکەرد هەن. ڕوویکەردێک خوازیاری پێداچوونەوەیە بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ئاستی دەرەکی‌دا و، وا بیر دەکەنەوە کە ئەگەر لەگەڵ سیستمی هەیی لە دنیادا خۆیان موتوربە بکەن و واز لەو کلاوەکێشیانە لەگەڵ نۆڕم و یاسا و ڕێساکانی نێونەتەوەیی بێنن زیاتر بەرژەوەندیی خودی سیستمیش دابین دەبێ. ئەم ڕوویکەردە لەگەڵ خواست و ئاراستەی فشارە نێونەتەوەییەکانیش یەکانگیرە. شایانی باسە کە لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە ڕێگەی نەرم‌ئامێری‌یەوە و لە ڕێگەی کێشانی ئێران بۆ نێو داڵانەکانی وتووێژ و پابەند کردنی ئێران لە چوارچێوەی هەندێک ڕێککەوتن و کۆنوانسیۆن‌دا، دەیەوێ ئێران لەو دۆخە نا- نۆڕماڵە داماڵێ و بیکاتە سیستمێکی پابەند و ئاسایی لە چوارچێوەی سیستمی نێونەتەوەیی‌دا. هەر ئەمەشە کە هەرا و هەڵڵای بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتی‌یەکان و بە گوتەی خۆیان بنیاتە ئینقلابی‌یەکانی، کە لە چوارچێوەی ڕوویکەردی دووهەم‌دا جێ‌دەگرن، لێ‌کەوتۆتەوە. هیستریای ئاسایی‌بوونەوەی ڕێژیم و کەوتنە مەترسیی بەرژەوەندی‌یەکانی ئەو بەشەی دەسەڵات(پارێزەرانی ڕوویکەردی دووهەم)، خەوی لە چاوان بڕیون و پەیتاپەیتا هۆشداری دەدەن «نظام سلطه« دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی لە چیەتیی ئینقلابی خۆی بەتاڵ بکەنەوە و ئەمەش وەک چوونە ژێر پرسیار یان نەمانی سەربەخۆیی و سەروەریی نەتەوەیی دەناسێنن و لە ڕاستی‌دا لە ژێر ئەو پەردەیەدا شەڕی زیاتر کردنی دەسەڵات و سەرمایەی خۆیان لە نێو سیستم‌دا دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە ئاماژە بە سێ چەمک دەکەم کە لە چەند مانگی دوایی‌دا لە فەزای سیاسی و ڕاگەیەنەکانی ئێران‌دا زۆرترین باسیان لێ‌کراوە و هەڵڵاساز بوون:

١)ئا پی سی یان مۆدێلی نوێی گرێبەستە نەوتی‌یەکان کە لە لایەن دەوڵەتەوە بە شێوەیک فورموله و داڕێژرا بوون کە بۆ کۆمپانیا نێودەوڵەتی‌یەکان سەرنجراکێش بن، لە لایەن تەیفی سەربە یان نزیک لە سپای پاسدارانەوە بە توندی خرایە ژێر پرسیار و دەیانگوت کە ئەم گرێبەستانە ئێران بۆ قۆناغی پێش میللی کردنی نەوت دەگەڕێنێتەوە و سەروەری و سەربەخۆیی ئێران لە مەیدانە نەوتی‌یەکانی دەباتە ژێر پرسیار. ئەمە یاری‌یەک بوو بۆ ئەوەی کە کۆمپانیا دەرەکی‌یەکان نەیەنە ئێران و بواری وزە لە مۆنۆپۆلی قەرارگای «خاتم الانبیاء»دا بمێنێتەوە. بە هەرحاڵ دوای هەڵڵا و هەنگامەیەکی زۆر و دوای کۆمەڵێک دەستکاری، مۆدێلی نوێی گرێبەستە نەوتی‌یەکان بوو بە قانوون و ڕاگەیەنرا.

٢)پرۆتۆکۆلی قەدەغە کردنی کەڵک وەرگرتن لە منداڵان لە شەڕ و کێشمەکێشی چەکدارانەدا، کە قەرارە لە ماوەی داهاتوودا لە مەجلیس تاووتوێ بکرێ لە لایەن بەشی حاکمیەتیی سیستمەوە خراوەتە بەر ڕەخنەی توند. بە باوەڕی وان ئەم پرۆتۆکۆلە دەسەڵاتەکانی ڕێبەری بەرتەسک دەکاتەوە و لە هەمبەر بە بەسیج کردنی منداڵانی قوتابخانە ئاستەنگ دروست دەکا. قسەکەیان ئەوەیە کە ئەگەر ئەو پرۆتۆکۆلە پەسند بکرێ لەوانەیە بە بەسیج کردنی منداڵان وەک بەڵگەی کەڵک وەررگرتن لە منداڵان لە کاروباری چەکدارانەدا لێکبدرێتەوە و دەلیلێک بۆ فشار خستنەسەر ئێران بەدەستەوە بدا.

٣)ئێف ئەی تی ئێف یان گرووپی تایبەتی ئیقدامی ماڵی کە بۆ دژایەتی لەگەڵ «پولشویی» و دابین کردنی ماڵی تیرۆریزم دامەزراوە هەرچەند لە لایەن مەجلیسی نۆ و شووڕای نیگابانەوە پەسند کراوە بەڵام لە ژێر فشاری ناوندە ئەمنیتی‌یەکان ڕەوانەی شووڕای بەرزی ئەمنیەتیی میللی ئێران کراوە و جێبەجێ کردنەکەی گرێدراوی واژۆی خامنەیی‌یە. بە دوو هۆکاری سەرەکی، ناوکی سەختی هێز لە کۆماری ئیسلامی‌دا بە ئێف ئەی تی ئێف قەڵسە: ئەلف)لەگەڵ هەرچەشنە شەفافسازی لە کاروباری بانکی و ڕاگواستنە بانکی‌یەکان‌دا موخالیفن. چونکە لە تاریکایی و لە دەرەوەی یاسا و ڕێسادا سەرمایەکی زۆریان کەڵەکە کردووە و نایانەوێ ئازادیی کردەییان لەم بوارەدا بەرتەسک بێتەوە. ب) دەڵێن لەوانەیە یارمەتیدانی گرووپەکانی حەماس و حیزبوڵڵا وەک بەڵگەی پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستی‌یەکان لێک بدرێتەوە و ئێران بە دەستی خۆی ئاتۆیەکی باش بۆ فشار خستنە سەر خۆی بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بدا.

ئێران بۆ گەشە کردن و پەرەسەندنی پێویستی بە پێوەندی‌یەکی باش لەگەڵ دنیای دەرەوە هەیە؛ بۆ نموونە شەفافسازی لە کاروباری بانکی‌دا و قبووڵ کردنی ڕێساکانی پێوەندیدار مەرجی هاوکاریی بانکە گەورەکانی جیهانە لەگەڵ سیستمی بانکیی ئێران. لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کەڵک وەرگرتنی ئێران لە هەرچەشنە کارئاسانی‌یەکی نێونەتەوەیی بە پابەندبوونی ئێران بە یاسا و ڕیساکانی پێوەندیدارەوە گرێ دەدا. پرسیار ئەوەیە کە تا کەی ئێران دەتوانێ وەک ئۆپۆزیسیۆنی سیستمی نێونەتەوەیی بمێنێتەوە و تا کەی بەشی حاکمیەتیی کۆماری ئیسلامی لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان‌دا و لە سەر حیسابی بەرژەوەندیی وڵاتی ئێران دژایەتی لەگەڵ نۆرماڵیزاسیۆنی سیستم دەکەن و هەروا «غیرمتعارف» دەجووڵێنەوە؟

ناوچەیی

# ئەردۆغان تورکیە بەرەو کوێ ڕەکێش دەکا!



ڕەزا محەممەدئەمینی

«ئەو کوودتایە دیاریی خودا بوو». ئەوە ڕستە بەناوبانگەکەی سەرۆککۆماری تورکیە، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانە کە چەند ڕۆژ پاش تێکشکانی «شێوە کوودتاکەی» ١٥ژووئیە/٢٥پووشپەڕی ڕابردوودا درکاندی. ئەردۆغان و پارتەکەی، پارتی داد و گەشەپێدان، کە لە دەوری دووهەمی هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەو وڵاتە لە ساڵی ڕابردوودا، توانیان زۆرینەی کورسی‌یەکانی پارلەمان بۆخۆیان دەستەبەر بکەن، لەپاش کوودتاکەی پووشپەڕەوە، هەلێکی باشیان بۆ ڕەخسا بۆ سەرکوت و دەسبەسەر کردن و ئاخنینی بەندیخانەکان لە نەیارە سیاسی‌یەکانیان. لەو ماوە کورتەدا دەیان هەزار کەس لە بەشە ئیداری و دادوەری و نیزامی‌یەکانی ئەو وڵاتە بە تاوانی لایەنگری لە بزووتنەوەی فەتحووڵڵا گوڵەن و بەشدار بوون لە کوودتادا بەبێ لێکۆڵینەوە و دادگایی کردن ، ڕەپێچەکی بەندیخانەکان کران. دەیان کاناڵی تەلەویزیۆنی و گۆڤار و ڕۆژنامە داخران و سەدان چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەوان و بیرمەندی ئەو وڵاتە دەسبەسەر بوون.

دیارە دژکردەوەی ئەردۆغان و هێزە ئەمنیتی‌یەکانی ئەو وڵاتە لە بەرانبەر نەیارانیان، نیگەرانی و ناڕەزایەتیی بەرینی لە نێوخۆ و دەرەوەی تورکیەدا لێکەوتەوە. لە نێوخۆ، حیزبەکانی دەرەوەی دەسەڵات، بە پارتی دێموکراتیکی گەلان(هەدەپە)یشەوە کە پارتێکی کوردی‌یە، سەرەڕای مەحکووم کردنی کوودتای پووشپەڕ، دژی ڕەشبگیری و سەرکوتی بەربڵاوی موخالیفانی دەوڵەت بوون کە هێزەکانی میت و پۆلیس دەستیان دابوویە. لە دەرەوەی تورکیەش ئەمریکا و زۆربەی وڵاتانی ئورووپایی بە نیگەرانی‌یەوە سەیری ڕووداوەکانی پاش شێوەکوودتایەکەیان دەکرد و لەو پێوەندی‌یەدا ڕەخنەیان لە ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی گرت. بەو حاڵەش هەروەک چاوەڕوان دەکرا، دەرئەنجامەکانی کوودتا و دژکردەوەی ئەردۆغان و هێزە ئەمنی‌یەکانی تورکیە نەک هەر بەرتەسک نەکرانەوە، بەڵکوو داوێنی کوردەکانیشی گرتەوە و کوردیش لە ڕق و تۆڵەی ئەردۆغان و هێزەکانی بێبەش نەبوون.

دەوڵەتی تورکیە لە ڕۆژی یەکشەممە، ٢١ خەرمانان‌دا، ٢٨ شارەداری هەڵبژێردراوی خەڵکی لە شارەکانی باکووری کوردستان بە تاوانی هەبوونی پێوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان(پەکاکا) لە سەر کار لادا. پارلەمانی تورکیە کە هەروەک پێشتر باس کرا، حیزبی دەسەڵاتدار لەودا زۆرینەی یاسایی کورسی‌یەکانی بەدەستەوەیە، بە پشتبەستن بە یاسای بنەڕەتی کە ڕێگەی پێداوە لە کاتی باری نائاسایی‌دا دەسەڵاتی تایبەت بداتە دەوڵەت، کەڵکی لەو خاڵە دەستووری‌یە وەرگرت و دەستی ئەردۆغان و هێزە ئەمنی‌یەکانی بۆ هێرش بۆ سەر شارەوانی‌یەکانی سەر بە هەدەپە لە باکووری کوردستان‌دا ئازاد کرد. هێزە سەرکوتکەرەکانی تورکیە بەوەشەوە ڕانەوەستان و لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوەوە سەدان ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی سیاسی کوردیان قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانەکان کردوە. دیارە ئەو هێرشەی پۆلیس و هێزە ئەمنی‌یەکانی تورکیە لەگەڵ ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی کورد و حیزبەکانی باکووری کوردستان بەرەوڕوو بۆتەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش بۆتە هۆی وەدەنگ هاتنی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و ڕەخنەی توندی لێکەوتۆتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە شەڕ و پێکدادانی خوێناوی بەشی زۆری شارو گوندەکانی باکووری کوردستانی گرتۆتەوە و هێزەکانی ئەرتەش و ژاندەرمە و کوردە بەکرێگیراوەکان(قروجی‌یەکان)زۆر تاوانی ناڕەوایان دەرحەق بە خەڵکی بێتاوان بەئەنجام گەیاندوە و چەندین شار و شارۆچکە و گوندی ئەمبەشە لە کوردستانیان کردۆتە سووتمانی تۆڵەسەندنەوە و وێرانیان کردوە.

ئەگەر بەر لە هەڵگیرسانەوەی شەڕە نەخوازراوەکەی یەکساڵی ڕابردوو لە نێوان تورکیە و هێزەکانی پەکاکادا هیوایەکی نەزۆر بەهێز بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی ڕەوای کورد لەو وڵاتەدا هەبوو، ئەوە دەسپێکردنەوەی شەڕ و پێکدادان لە لایەک و لە لایەکی دیکەش ئەو شێوەکوودتایەی کە ئاکامەکەی لە باری سیاسی‌یەوە لە کورتخایەن‌دا، بە قازانجی ئەردۆغان و پارت و دەوڵەتەکەیدا شکاوەتەوە، ئەو هیوایەی لایەنگرانی چارەسەری و بەیەکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەی کورد و تورکی لەو وڵاتەدا کەمڕەنگتر لە پێشوو کردەوە. هەر لە سەرەتاکانی هاتنە سەر دەسەڵاتی پارتی داد و گەشەپێدانەوە لەساڵی ٢٠٠٢وە، ئەو حیزبە بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی خەڵکی باکووری کوردستان و وادە و بەڵێنی چارەسەری کێشەی کورد و کۆتایی‌هێنان بە شەڕی نێوخۆیی، توانی جێگە و پێگەیەکی بەهێز لە نێو گەلی کورددا بۆخۆی دەستەبەر بکات. دیارە لەو پێوەندی‌یەدا جێی وەبیر هێنانەوەیە کە بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی ئەو وڵاتەدا کێشەی کورد وەک یەکێک لە گرفتە سەرەکی‌یەکانی ئەو وڵاتە بە فەرمی باسی لێ کرا و چەند هەنگاوێکی بەکردەوەش، بەتایبەت لە بواری بایەخدان بە زمان و فەرهەنگی کوردی هەڵێندرایەوە. بەڵام ئەو چەند هەنگاوە فەرهەنگی و کولتووری‌یەش نەبوون بە پاڵنەر و بەستێنێکی گونجاو بۆ چارەسەری کێشەی کورد و کۆتایی‌هێنان بە شەڕ و خوێنڕێژی زیاتر لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو. چونکە بە ڕوونی دەرکەوت کە ئەردۆغان و پارتەکەی لە ڕاستی‌دا یاری بە کێشەی کورد دەکەن و دەیانەوێ لە بەرانبەر حیزبەکانی دیکە، کە هەر لەجی‌دا باوەڕیان بە بوونی کوردیش لەو وڵاتەدا نیيە، دەنگی دەنگدەرانی کورد بۆ لای خۆیان ڕاکێشن. جگە لەوەش لەگەڵ دەسپێکردنەوەی شەڕ کە هەم لە باری نیزامی و هەم لە مەیدانی خەباتی سیاسی‌یەوە بە زەرەری پەکاکا و هەدەپە و و بەگشتی دۆزی کورد شکایەوە لە لایەک و لە لایەکی دیکەش دەسکەوتنی زۆرینەی ڕەهای کورسی‌یەکانی پارلەمانی و بێ‌منەت بوون لە هاوبەندی لەگەڵ حیزبەکانی دیکە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، لەدوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ڕابردووە، بوونە هۆکارێک بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوت و ڕاوێژی سیاسیی ئەردۆغان و پارتەکەی. تەنانەت ئەوان بە ڕاشکاوی و بێ‌پەردەپۆشی باس لە کۆتایی هاتنی پرۆسەی وتووێژەکان دەکەن و بە نەزۆکی ناو دەبەن، ئەوە لە حالێکدایە کە لەو چەند ڕۆژەدا ئۆجەلان لە دوورگەی ئیمڕالی‌یەوە، بانگەشەی دەسپێکردنەوەی دانوستان و چارەسەری شەڕ و کێشەی لە ماوەی ٦ مانگ دابوو.

ڕێگە چارەی دۆزی کورد لەو بەشە لە کوردستان‌دا چی‌یە؟ ئایا ئەردۆغان دەتوانی بە کەڵکوەرگرتن لە فەزای سیاسیی دوای کوودتای پووشپەڕ، بەردەوام بێ لە درێژەدانی شەڕ و پێکدادان؟ ئەو شەڕە ڕەوایی هەیە لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی تورکیە و لە دونیای دەرەوەدا؟

شک لەوەدا نییە وەک چۆن حیزب و دەوڵەتەکانی پێش ئەردۆغان و پارتەکەی نەیانتوانی کێشەی نەتەوەیی لەو وڵاتەدا پووشبەسەر بکەن، ئەردۆغانیش بە زەبری شەڕ و هێز و هێرش، ناتوانێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکات. تورکیە وڵاتێکی فرەنەتەوەیە کە جگە لە دوو نەتەوەی سەرەکی تورک و کورد، چەند نەتەوەی کەمینەی دیکەشی وەک لاز و چەرکەس و ئەرمەنی تێدا دەژین و سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن و بە تورک کردنی نەتەوەکانی دیکە زۆر لەمێژە شکستی خواردوە. هەر بۆیەش ڕەنگە لە بواری نیزامی‌یەوە هێزە دەوڵەتی‌یەکان بتوانن گوشار بخەنە سەر هێزەکانی پەکاکا و لە شارەکان دووریان بکەنەوە، بەڵام زۆر بەدوور دەزاندرێ ئەردۆغان و دەوڵەتەکەی بتوانن بەربەرەکانی نەتەوەیی کە ڕیشەی لە هەستی کوردایەتیی کۆمەڵانی خەڵکی دایە لە درێژخایەن‌دا کپ و خامۆش بکەن.

بەردەوام بوون لە سیاسەتی نکوڵی لە کورد و درێژەدانی شەڕی ماڵوێرانکەر و بێئاکامی نێوخۆیی، نەتەنیا لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە باکوور شکستخواردوویە، بەڵکوو لە نێو باقی خەڵکی ئەو وڵاتەشدا لایەنگری کەم بۆتەوە و خەڵکی دەزانن ئەوەی دەبێ بە خوێنی لاوەکانی، کورەی شەڕی نێوخۆیی نێڵ بدات و زیان ببینن، ئەوانن؛ هەر بۆیەش ئەو ناڕەزایەتی‌یە بێگومان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا خۆی لە دابەزینی دەنگەکانی ئەردۆغان و پارتەکەی‌دا دەبینێتەوە. بەتایبەت کە ئەو شەڕە هەر بە باکووری کوردستانەوە نەبەستراوەتەوە و زۆربەی شارە گەورەکانی گرتۆتەوە و کاریگەری نەرێنی لە سەر ئابووری و داهاتی ئەو وڵاتە داناوە و تێچوویەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

لە کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی دەرەوە و تەنانەت لە نێو وڵاتانی هاوپەیمانی تورکیەش‌دا، درێژەدانی شەڕ لە باکووری کوردستان ڕەخنەی زۆری لێگیراوە و وڵاتانی ئورووپایی لە سەر توندوتیژی و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ نیگەرانی خۆیان دەربڕیوە. تورکیە هەمیشە ویستوویەتی کێشەی کورد لەو وڵاتە بە تیرۆریزمەوە گرێ بدات و وا بنوێنێ لە شەڕ لەگەڵ تێرۆریستان دایە؛ بەڵام سەرەڕای ئەوەی یەکێتیی ئورووپا و ئەمریکا، پەکاکا وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی پێناسە دەکەن، باش دەزانن خوڵقێنەر و هۆکاری سەرەکیی ئەو گرێکوێرەیە، بێبەشی گەلی کورد لە ماف و داخوازەکانیەتی لە تورکیەدا و هەتا کورد لەو وڵاتە و لە یاسای بنەڕەتی‌دا ناوی نەبێ و وەک هاووڵاتیانی تورک نەیەنە ئەژمار، شەڕ و ئاژاوە و هەر دەمێنێ.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە هەدەپە و هەموو ناوەندە سیاسی‌یەکانی کوردیش دەزانن کە لە کوتایی‌دا تەنیا ڕێگا بۆ ئەو کێشەیە هەر دانوستان و مێزی وتووێژە و دەبێ هەتا بۆیان دەکرێ مەجالی شەڕ و کوشتن و لە ئەنجامدا، پێکهاتنی فەزای ڕق و توورەیی نێوان نەتەوکان، بەتایبەت کورد و تورک بەرتەسک بکەنەوە. دەبێ تێبکۆشن لە خەباتی مەدەنی و پارلەمانی‌دا و لە وەدەستهێنانی دووبارەی متمانە و دەنگی دەنگدەرانی کورد لە باکووری کوردستانیش‌دا سەرکەوتن دەستەبەر بکەن و نیشان بدەن ئەوە ئەوانن کە نوێنەرایەتی گەلەکەیان دەکەن، نەک ئەردۆغان و پارتەکەی. مان و مەوجوودیەتی تورکیە وەک وڵاتێکی یەکگرتوو، لە گرەوی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی تورکیە دایە و درێژە کێشانی ناکۆکی و شەڕ و سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ کوردان لە لایەن ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیەوە لە نێوخۆی ئەو وڵاتە و لە ئاستی ناوچەدا، ناتوانی سەرکەوتوو بێ و بڵێسەی ئاگری ئەو شەڕە، دەتوانێ لە سەر داهاتووی تورکیە و ئەردۆغان و پارتەکەی شوێن‌دانەر بێ.



«مان و مەوجوودیەتی تورکیە وەک وڵاتێکی یەکگرتوو، لە گرەوی پێکەوەژیانی ئاشتیخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی تورکیە دایە و درێژە کێشانی ناکۆکی و شەڕ و سیاسەتی دژایەتی لەگەڵ کوردان لە لایەن ئەردۆغان و دەوڵەتی تورکیەوە لە نێوخۆی ئەو وڵاتە و لە ئاستی ناوچەدا، ناتوانی سەرکەوتوو بێ و بڵێسەی ئاگری ئەو شەڕە، دەتوانێ لە سەر داهاتووی تورکیە و ئەردۆغان و پارتەکەی شوێن‌دانەر بێ»

دوو حەوتووانەی ڕۆژهەڵات

# نیشتمانی بە مین چێندراو



تاهیر قاسمی

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی خەبات و تێکۆشان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتنە سەر مەیدانێکی بە مین چێندراو لە لایەن هێزەکانی داگیرکەری کوردستان و لە ئەنجام‌دا بە داخەوە دوو پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان شەهید بوون.

ئەگەرچی ئەو مینانەی بۆ پێشمەرگەکان داندرابوون، مینی ئاسایی نەبوون و لە ڕاستی‌دا بۆمبێکی بەهێز بوو لە گوێن ئەو بۆمبانەی کە سپای ڕەشی داعش بەردەوام بە کاریان دێنێ بەڵام شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی تاکە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون. تازە زانیاری‌یەکان لە بابەت دەستپێکردنەوەی هەڵمەتێکی نوێ بۆ چاندنی مین لە ناوچەکانی پیرانشار و مەریوان لە لایەن سپای پاسداران، ئاشکرا ببوو کە بە داخەوە لە ناوچەی مەریوان سێ مێرمندال کەوتنە سەر مەیدانی مین. ڕۆژێک پێشتریش لە ناوچەی سەردەشت ٣ منداڵی دیکە کە خەریکی کایە و یاریی منداڵانەی خۆیان بوون، کەوتنە سەر مین و یەکیان گیانی لە دەست دا و دوو منالەکەی دیکەش بە توندی بریندار بوون.

بە پێی ئامارەکان ٦ میلیۆن هێکتار لە خاکی ئێران بە ٢٠ میلیۆن مین چێندراوە. بەوەش لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا وڵاتی ئێران پلەی دووهەمی لە زیاترین زەویی بە مین چێندراو هەیە. زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو مینانە و ئەو ناوچە مینڕێژکراوانەش لە کوردستان و لە چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ هەڵکەوتوون. مینە چێندراوەکان دوو بەشن؛ بەشێکیان پاشماوەی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانن کە دوای کۆتایی شەڕیش کۆماری ئیسلامی هیچکات مەیلی بە لای هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە و پاک کردنەوەی کوردستان لە مین نەبووە. نەک هەر نایهەوێ ئەو مینانە هەڵگرێتەوە و زەویە مینڕێژکراەکان پاک بکاتەوە تەنانەت هەر لەو کاتەوە کە کوردستانی داگیر کردووە، سیاسەتی چاندنی مین لە کوردستان پێڕەو دەکا. ئەوەش بەشی دووهەمی مینە چێندراوەکان لە کوردستان پێک دێنێ. سیاسەتی مینڕێژکردنی خاکی داگیرکراو لە لایەک خدەی هەر داگیرکەرێکە سەبارەت بە نیشتمانێک کە داگیری کردوە و لە لایەکی دیکەش چونکە لەو نیشتمانەدا نامۆیە و دژی خەڵکە و خەڵک دژیەی، ناچارە پەرژینێک بە مین لە دەوری هێزە چەکدار و سەرکوتکەرەکانی خۆی چێ بکا.

ئامارەکان هەروەها دەڵێن لە ساڵی ڕابردوودا ٣٦ کەس لە کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین کە ١٢ کەسیان بەو هۆیە گیانیان لەدەست داوە و ٢٤ کەسیشیان بریندار و نقوستان بوون. منداڵان و مێرمنداڵان چ لە کاتی یاری و گەمەدا و چ ئەو کاتانەی کە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات لە کێو و چیاکانن، سەرەکیترین قوربانیانی تەقینەوەی مینن. کۆڵبەران و کاروانچیان، جووتیاران و مەڕداران و ئەو ژن و پیاوانەی بەهاران بە مەبەستی چنینەوەی گیای بەهاری ڕوو لە چیاکان دەکەن، بەشێکی دیکە لە قوربانیانی نیشتمانی بە مین چێندراون. بەربڵاویی مەیدانی مین لە کوردستان تا ئاستێکە کە تەنانەت هێندیک جار هێزەکانی سپای داگیرکەر بۆخۆیشیان دەبن بە بەشێک لە قوربانیانی ئەو مینانەی کە هەر خۆیان دایانچاندوە.

کەلک وەرگرتن لە مین بە تایبەت مینی دژە نەفەر لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا بابەتێکی جێگای باس و سەرنجە. خەسارەکانی ئەو جۆرە مینە بە درێژایی سەدەی ڕابردوو گیانی زۆر کەسی مەدەنی ئەستاند یا نقوستانی کردن. خەسارەکە بە ڕادەیەک بوو کە وڵاتانی جیهانی ناچار کرد بیر لە سنووردارکردنی بە کارهێنانی ئەو جۆرە مینە بکەنەوە. سەرەنجام ساڵی ١٩٩٧ لە شاری ئۆتاوای کانادا پەیمانی ئۆتاوا بۆ ئەو مەبەستە هاتە کایەوە. بە پێی ئەو پەیمانە وڵاتان عەمباری مینە دژەنەفەرەکانی خۆیان تونا دەکەن و لە سازکردن، کەلک وەرگرتن، کڕین و فرۆشتنیشی خۆ دەپارێزن. ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم پەیماننامەیان واژۆ کردووە لێ هێشتا ٣١ وڵات و لەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نەبووە مل بەو پەیمانە بدا. بەڵام بەرامبەر بەوە نیزیک بە تەواوی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پەیوەست بە بانگەوازی ڕێکخراوی ژێنێڤا کال بوون کە یەک لە ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوە بەکارنەبردنی مینی دژەنەفەر لە شەڕ دایە. ئەگەرچی ئەم پەیوەستبوونەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە بانگەوازی کۆتایی بە کاربردنی مینی دژەنەفەر گرینگ و لە جێگای خۆی دایە و ئەوان ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە مینڕێژکرانی ئەو پانتاییە بەرینەی نیشتمانی ڕۆژهەلات نییە بەلام واژۆکەیان هەتا ئێستا بەرهەم و دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە. ڕۆژانە مین لە کوردستان گیانی هاونیشتمانان دەستێنێ بەبێ ئەوەی ڕێکخراوی ژێنێڤاکال ئاگادار بێ، بە قەد ئەو هەموو قوربانی‌یە هەڵوێستی هەبێ و بیروڕای گشتی سەبارەت بەو تاوانە ئینسانی‌یە دژ بە مرۆڤی کورد، بە گژ کۆماری ئیسلامی‌دا بکرێ. حیزبەکانی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی یەک لە دوای یەک پەیوەست بە بانگەوازی ژنێڤ بوون و ئەوە نیزیک بە چوار ساڵ بە سەر ئەو پەیوەستبوونەیان‌دا تێدەپەڕێ بەڵام بە داخەوە ئەو خاڵە هاوبەشە نەیتوانی ئەوان سەبارەت بەو بابەتە گرینگە کە ڕۆژانە گیانی کوردستانیان دەستێنێ، کۆک و هاوکار بکا. ئەگەر پەیوەستبوونی حیزبەکانی ڕۆژهەلات بە ڕێکخراوی ژێنێڤاکال تەنیا بۆ مانۆڕێکی سیاسی یا بەستنی دەستی خۆیان لە بەکاربردنی مین بێ لە حالێک‌دا کە مینی دوژمن ڕۆژانە گیانی خەڵکی کوردستان دەستێنێ، ئەوە تەنیا بەردەکانیان بەستۆتەوە و سەگەکانیان بەرەڵا کردوە. بەڵام بوونی ئەوان لەو ڕێکخراوەدا هەروا بەستێنێکی گرینگ و دەست لێنەدراوە بۆ کاری هاوبەش و بۆ بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی لە مینڕێژکردنی بەردەوامی کوردستان و بۆ ڕزگار کردنی نیشتمانێکی بە مین چێندراو.

ئەندیشە

# دەسەڵاتی کاریزماتیک



**رەسووڵ سێلەکە**

چەمکی دەسەڵات لە سێ روانگەی سەرەکییەوە پێناسە دەکرێ، روانگەی «زاتگەرا» کە دەسەڵات وەکوو توانایییەک پێناسە دەکا کە هەر کەسێک دەتوانێ بە شێوەی زاتی هەیبێ بۆ ئەوەی کاریگەری بە سەر کەس یان کەسانیترەوە هەبێ. روانگەی «دوولایەنیگەری» کە دەسەڵات وەکوو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی پێناسە دەکا، واتە ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونیان هەیە، ئەو روانگەیە دوو بۆچوونی لە سەرە: «ماکس وێبێر» پێی وایە کە دەسەڵات شانسی سەرکەوتنی ئیرادەی هەندێک کەسە لە نێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، «رۆبێرت دال» دەسەڵات وەک توانایی ئەکتەری «ئەلف» دەبینێ کە دەیهەوێ کارێک بە ئەکتەری «ب» ئەنجام بدا، کارێک کە بەبێ فشار و دەستێوەردانی ئەکتەری «ئەلف» ئەنجام نەدەدرا(پەیوەندیی نابەرابەر). روانگەی سێهەمی پێناسەی دەسەڵات «دامەزراوەگەری»یە کە هەمان دەسەڵاتی دامەزراوەیی و دەوڵەتە و لە رێگای دامەزراوەی یاساییەوە دەسەڵات بە سەر تاک و گرووپەکاندا پیادە دەکرێ.

> ”دەسەڵاتی کاریزماتیک لە لایەن سووژەکانی دەسەڵاتەوە دانی پێ دانراوە و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و ئازادانە قەبووڵ کراوە، کەسی ژێردەسەڵات بە تەواوی لە سەرۆکەکەی دڵنیایە و بە تەواوی ئیمانەوە و بە شێوەی روحی خۆی دەخاتە خزمەت دەسەڵاتی سەرۆکەوە و بەردەوامیش بە وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی پیرۆز گوێڕایەڵی خۆی بۆ سەرۆک تەئید دەکاتەوە“

لە هەرسێ روانگەوە، دەسەڵات وەک توانای سەرکەوتنی ئیرادەی ئەکتەرێک بە سەر ئەکتەرێکیتردا سەیر دەکرێ، بەڵام ئەوەیکە دەبێ جیاکاری بۆ بکرێ ئەوەیە کە لە نێو هەموو جۆرەکانی دەسەڵاتدا کامیان شەرعییەتی هەیە؟

کاتێک دەسەڵات شەرعییەتی هەبێ، پێی دەگوترێ «زاڵێتی»(domination)، واتە دەسەڵاتێک کە سووژەکان قەبووڵیان کردبێ پێڕەوی لێ بکەن، جا لەوانەیە ئەو پێڕەوی کردنە بە رەزامەندی بێ یان ئیجبارێکی ناڕاستەوخۆ. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی «ماکس وێبێر»، سێ فۆرم لە دەسەڵاتی شەرعی یان «زاڵێتی» لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە: یەکەمیان دەسەڵاتی نەریتییە کە لە سەر بنەمای «کەسایەتیی پیرۆز» دامەزراوە و نەوە بە نەوە لە کۆمەڵگەدا دەگوازرێتەوە، وەکوو دەسەڵاتی پاشایەتی. دووهەمیان «دەسەڵاتی یاسایی و بە عەقڵانیکراوە» کە لە کۆمەڵگەیەکی مۆدێڕندا بوونی هەیە و لە رێگەی دەوڵەت و بیرۆکراسییەتەوە پیادە دەکرێ.

سێهەم فۆرم لە دەسەڵاتی شەرعی، «دەسەڵاتی کاریزماتیکە» و لە سەر بنەمای سەرۆکێکی بانسروشتی ونائاسایی دامەزراوە کە خاوەنی کەسایەتیی تایبەتە. کەسێکی جادوویی و پێغەمبەرئاسا، کە بە چاوی سووژەکانییەوە بەرزتر لە مرۆڤێکی ئاسایی سەیر دەکرێ، کەسێک کە بڕوا بە مردنی ناکرێ و وەک نێردراوێک لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی دەبینرێ. دەسەڵاتی کاریزماتیک دەسەڵاتێکە کە بە تەواوی گرێدراوی هەست و سۆزە، هەروەها دوورە لەوەی کە سووژەکان لە هیچ بوارێکدا پرسیار لە سەر کواڵێتی و کەسایەتیی کاریزما دروست بکەن.

لەو شێوە دەسەڵاتەدا سەرۆک کە رۆڵی سەرکی دەگێڕێ، چەند ئەرکی لە سەر شانە، یەکەمیان: بەشدار کردنی کەسانیتر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، لە رێگەی گوتارەکانییەوە. دووهەمیان: وێنا کردنی کۆمەڵێک بایەخی دڵخواز و ئیدەی گشتییە. سێهەمیان: تەیار کردنی سووژەکانیەتی بۆ کاری بەکۆمەڵ، جیا لەو کارەی کە بە تاک ئەنجامی دەدەن.

**هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتی کاریزماتیک ئەوانەن:**

**دەسەڵاتێکی دانپێدانراوە:** دەسەڵاتی کاریزماتیک لە لایەن سووژەکانی دەسەڵاتەوە دانی پێ دانراوە و بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە و ئازادانە قەبووڵ کراوە، کەسی ژێردەسەڵات بە تەواوی لە سەرۆکەکەی دڵنیایە و بە تەواوی ئیمانەوە و بە شێوەی روحی خۆی دەخاتە خزمەت دەسەڵاتی سەرۆکەوە و بەردەوامیش بە وەئەستۆگرتنی ئەرکێکی پیرۆز گوێڕایەڵی خۆی بۆ سەرۆک تەئید دەکاتەوە.

**دەسەڵاتێکی نادامەزراوەیە:** گرووپی دەسەڵاتدار بە شێوەیەکی دامەزراوەیی و پیشەییانە هەڵنابژێردرێن، بەڵکوو زۆربەیان لە پەیوەندییەکی شەخسیدان لەگەڵ سەرۆکەکەیان و دەبێ لە کەسانی خوارووتریش دڵنیا بن. سەلاحییەتی کەسەکان بۆ گەیشتن بە پۆستەکانیان پەیوەندی بە رادەی نزیکی لە کەسانی سەرەوە بە تایبەت سەرۆکەوە هەیە. هەر بۆیەش سووژەکان یان کەسانی ژێردەسەڵات بۆ ئەوەی دڵنیایی سەرووترەکانیان وەدەست بێنن بە تەواوی گوێڕایەڵیان دەبن و هەر ئەرکێک دەگرنە ئەستۆ کە پێیان بسپێردرێ. دەسەڵات بە شێوەی زنجیرەیی نیە بەڵکوو بە شێوەی هێشوویییە. لەم شێوە دەسەڵاتە کەسەکان بۆ دەسکەوتی مادی ناچنە ژێر دەسەڵات یان نێو دەسەڵاتەوە بەڵکوو تەنیا سۆز و عاتیفە و خۆشەویستی سەرۆکە و ئەو وادە و بەڵێنەیە کە سەرۆک پێی داون. هەر ئەوەشە کە هەموویانی لێک گرێداوە و خستوونیەتە خزمەت سەرۆکەوە. دەسەڵاتی کاریزماتیک بە تەواوی دژی دەسەڵاتی دامەزراوەیی و هەر دەسەڵاتێکە کە یاسا و رێساکان حاکم بن.

**هێزێکی تەواو ئینقلابییە:** دەسەڵاتی کاریزماتیک لە مێژوودا هەمیشە وەک هێزێکی شۆڕشی و ئینقلابیی سوننەتی بووە. بە پێچەوانەی ئەو هێزە شۆڕشیانەی کە بە شێوەی عەقڵانی ویستوویانە شۆڕش بکەن بۆ دەربازکردنی کۆمەڵگە لە داب و نەریتە دواکەوتووەکان، دەسەڵاتی کاریزماتیک هەوڵی ئەوە دەدا کۆمەڵگە لە گۆڕانکاری بپارێزێ و لە داب و نەریتە کۆنەکانیدا بیهێڵێتەوە.

**وەک کەوانە یان پەڕانتێزە لە مێژوودا:** دەسەڵاتی کاریزماتیک، لە نێو رەوتی مێژوودا بە خێرایی لە شوێنێک دروست دەبێ و بە خێراییش ون دەبێ، چونکە بە تەواوەتی گرێدراوی سەرۆکە، لە ئەگەری نەمانی سەرۆک، ئەو دەسەڵاتەش بەرەو نەمان دەچێ. هەر بۆیە وەک ئەوە وایە کە لە نێو مێژوودا دوو کەوانەی بۆ بکرێنەوە و پاش ماوەیەک دابخرێنەوە. بە پێچەوانەی دوو فۆرمەکەیتری دەسەڵاتی شەرعی، دەسەڵاتی کاریزماتیک دەسەڵاتێکی درێژماوە نیە. لە دەسەڵاتی نەریتی و پاشایەتیدا دوای نەمانی پاشا، دەسەڵات دەگوازرێتەوە بۆ جێنشینەکەی و میراتگرەکەی، لە دەسەڵاتی دامەزراوەیی و دەوڵەتیشدا دەسەڵات هەر لە جێی خۆیدا دەمێنێتەوە و تەنیا کەسەکانی نێو دەسەڵات ئاڵوگۆڕیان پێ دەکرێ.

> ”دەسەڵاتی کاریزماتیک، لە نێو رەوتی مێژوودا بە خێرایی لە شوێنێک دروست دەبێ و بە خێراییش ون دەبێ، چونکە بە تەواوەتی گرێدراوی سەرۆکە، لە ئەگەری نەمانی سەرۆک، ئەو دەسەڵاتەش بەرەو نەمان دەچێ. هەر بۆیە وەک ئەوە وایە کە لە نێو مێژوودا دوو کەوانەی بۆ بکرێنەوە و پاش ماوەیەک دابخرێنەوە“

**کۆتایی دەسەڵاتی کاریزماتیک چلۆنە و بە چ ئاراستەیەکەوە دەڕوا؟**

دەسەڵاتی کاریزماتیک شەرعییەتەکەی تەنیا گرێدراوی یەک کەسە و دەسەڵاتێکی لەرزۆکە، چونکە مانەوەی ئەو دەسەڵاتە پەیوەندی بەو وادە و بەڵێنانە هەیە کە سەرۆک بە سووژەکانی داوە. سەرۆک دەبێ بەردەوام سووژەکانی بە قەناعەت بگەیەنێ و بەردەوام دڵنیاییان پێ بداتەوە، لە ئەنجامی هەڵەیەکی سەرۆک یان کاتێک کە ئیتر ئیدەکانی سەرۆک لەگەڵ واقعییەتی کۆمەڵگەدا ناگونجێن، ئەو دەسەڵاتە بە خێرایی لە نێو دەچێ. ئەگەریش بە تەواوەتی لە نێو نەچێ، لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی شەرعی دەچێتە دەرەوە و خۆی دەگوازێتەوە بۆ دەسەڵاتێکی تۆتالیتێر.

ئیسلامی سیاسی
[و رەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

# رەوتی ئیسلامی سیاسی و رێکخراوە گرینگەکانی لە ئێراندا(بەشی حەوتەم)



**حەسەن حاتەمی**

**جەلالی ئالیئەحمەد**

جگە لە روحانییەکانی پێش دامەزرانی حیزبەکان - کە باسمان کردن-، لە رەوتی ئیسلامی سیاسیی بەرایی لە ئێراندا، نەقشی گرینگ و کاریگەریان هەبوو و دواتریش تا رادەیەک بەردەوام بووە؛ کەسانی ناروحانیش هەبوون کە دەوری خۆیان کەم و زۆر گێڕاوە. بۆ وێنە: جەلالی ئالیئەحمەد، دوکتور عەلی شەریعەتی و ئەحمەد موفتی زادە- کە هەر یەکی بە پێی کەسایەتییەکی بوویانە، کاریگەریی تایبەتییان هەبوو-. لە بەشی کوردستان باسی کاک ئەحمەد موفتی زادە دەکرێ.

جەلالی ئالیئەحمەد، نووسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا و ئەندامی حیزبی توودەی ئێران، نیرووی سێیەم و جەبهەی میللی و کوڕەمامی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی بوو. ئەو زۆربەی تەمەنی وەک رووناکبیر ژیا. جەلال - سەرەڕای ناڕەزایەتیی باوکی-، لەگەڵ سیمینی دانشور- نووسەر و وەرگێری زانا-، ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. سیمین – بەقەولی جەلال: ئۆگری کتێب و قەڵەم، دانشیاری رشتەی جوانناسی و خاوەنی گەلێک نووسین و تەرجەمە و یەکێک لە باشترین یارمەتیدەرانی ژیان و بەرهەمەکانی ئالیئەحمەد بووە.

- ویکی پێدیا، دانیشنامەی ئازاد-

چەند کتێبی بڵاوکراوە و نەکراوە، چەند سەفەرنامە و وەرگێڕدراو- کە سەرجەم نزیکەی ٤٠ دانەن-، بەرهەمی ئالیئەحمەدن. کتێبەکانی «خسی در میقات»- سەفەرنامەی حەج و - ئاڵوگۆڕی فیکری-، «غرب‌زدگی» و «خدمت و خیانت روشنفکران»، لە بەستێنی رەوتی ئیسلامی سیاسیدا، کاریگەریی گرینگیان هەبوو.

جەلال سەفەری ئیسرائیلیشی کردبوو و بەرهەمەکەی نووسینی «سفر به ولایت عزرائیل» بوو. پێشکەوتنەکانی ئیسرائیل لە شارۆچکە دروست کردن و گوندەکانی کاری هاوبەش(سوسیالیسم دهقانی) و بە زمانی عیبری «کیبوتس هزوریا» و بەتایبەتی هاوپێوەندیی نێوان خەڵک لە ئیسراییلدا، سەرنجی جەلالی زۆر راکێشابوو. بەڵام پێوەندیی ئیسراییل و رۆژئاواییەکان بۆتە هۆی دوورکەوتنەوە لە وانیش.

سەفەری جەلال بۆ ئیسراییل ناڕەزایەتیی زۆری لێکەوتبۆوە. چونکە موسڵمانەکان سەفەر بۆ ئیسرائیل بە «مکروە» دەزانن. عەلیی خامنەیی - رێبەری ئێستای کۆماری ئیسلامی-، کە پێشتریش بەشێک لە بەرهەمەکانی جەلالی خوێندبۆوە، دەڵێ: «بە بەرەکەتی خوێندنەوەی وتاری ویلایەتی ئیسرائیل-، لەگەڵی ئاشنا بووە و لە رێگای تەلەیفون رەخنەی»مریدان» ی لە ئالیئەحمەد گرتوە.

- بی بی سی فارسی-

جەلال لەگەڵ شەمسی برای، لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی چوونە ماڵە ئاغای خومەینی. ئەوان، کتێبی «غرب زدگی» جەلالی ئالیئەحمەدی لەبن دۆشەگچەکەی دانیشتنی خومەینیدا، دەبینن. خومەینی بە جەلالی کوتوە: ئەو قسانەی ئێمە دەبوو بیکەین، ئێوە کردووتانە. ئەو یارمەتی ماڵی ئەو دوو برایەی کردووە، کە شەمسی ئالیئەحمەد بۆ پێشەکی خانوو کڕین کەڵکی لێ وەرگرتوە.

- دیدار با شمس آل احمد، نوشتەی محمد علی صالحی، سایت طالقان-

دوکتور سادقی زیباکەلام، کتێبی «غرب‌زدگی»، پتر بە مەنشوورێک دەشوبهێنێ کە راگەیاندنی بیروبڕوا و خولیای باوەڕێکە کە نووسەر بڕوای پێیەتی و لە هەمانکات وەڵامی چارەسەری کێشەکانیشە. چونکە جەلال لە شوێنێکی کتێبەکەدا، دەنووسێ: « من دەڵێم ئۆگری رۆژئاوا بوون(غرب‌زدگی)، گرتنی وەبا و، ئەگەر جوانیش نەبێ دەڵێم نەخۆشی گەرمابوون یا سەرمابوونە. بەڵام نا وەک سن لە گەنمیدا وایە کە لە نێویدا دەیرزێنێ. ... بەهەرحاڵ قسە لە نەخۆشییەکە، کە لە دەرەوەڕا هاتوە و پەرەی گرتوە. پێوەرەکانی ئەو دەردە و هۆیەکانی و ئەگەر کرا رێگای چارەسەریشی دەبێ بۆ ببینیەو.» و...

کتێبی «غرب‌زدگی» لە ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی نووسراوە و ١٣٤١ بڵاو کراوەتەوە. – ویکی پێدیا-. جلال بۆخۆی دەڵێ: وشەی ئۆگری رۆژئاوا بوون(غرب‌زدگی)، لە زاری ئەحمەدی فردید- ئیسلام ناسێنکی بەتوانا، کە پتر قسەی کردوە و نووسراوەی زۆر کەمە-، وەرگرتوە. ئەو کتێبە بەرهەمی کۆبوونەوەگەلێکە کە «شووڕای ئامانجی فەرهەنگی ئێران»(شورای هدف فرهنگ ایران) سەربە بەشی فەرهەنگ و ئامووزشی پەهلەوی دووەم، ئیزنی چاپ و بڵاوبوونەوەی دابوو.

داڕێژەرانی فیکری حکوومەتی پەهلەوی ئامادەبوون جۆرێک موخالیفەت لەگەڵ رۆژئاوا بکەن و لەگەڵ کەسێکی وەک جەلالی ئالیئەحمەد هاوقسە بن. چونکە جەلال لە نێو توێژی رووناکبیر و ئەهلی قەڵەم و خوێندنەوە، رێز و حورمەتی زۆر بوو. رێژیمی پەهلەوی ئەگەرچی زۆربەی رواڵەت و کەرەسەکانی رۆژئاوایی قبووڵ کردبوو، بەڵام ئەو بەشەی کە پێوەندی بە بنچینەکانی قبووڵی فیکری- سیاسی وەک: ئازادی، مافی مرۆڤ، مافی چارەنووسی گەلان، هەڵبژاردنی ئازاد و مافی شارومەندین، دژایەتیی بنەڕەتی لەگەڵ وێنەی سیاسیی شا هەبوو.

ئەگەرچی هۆیەکانی حکوومەتی پەهلەوی و ئالیئەحمەد لە رەخنە گرتن لە رۆژئاوا و وردە گلەیی لە دێمۆکراسی جیاواز بوو، بەڵام لە کردەوەدا، ئامانجێکی رواڵەتی وەک یەکیان هەبوو... هەروەها، شەریعەتی دژەرۆژئاواییەکی دیکە بوو، کە نزیک دە ساڵ دواتر دەرکەوت.

-- مقالەی د. صادق زیباکلام، چگونگی تولد کتاب غرب‌زدگی جلال آل احمد: غرب ستیزی و غرب زدگی، روزنامەی ایران، شمارە ٣٧٣٢-

کتێبی «غرب‌زدگی»، بوو بە هۆی نارەحەت بوونی «فریدون آدمیت، خلیل ملکی، احمد شاملو» و رەخنە و هەڵسەنگاندنی «د. صادق زیباکلام و داریوش آشوری» و کەسانی دیکەش.

ئاشووری «غرب‌زدگی»، لە دوو بەشی نێوخۆیی و دەرەوەییدا، شرۆڤە کردوە و لە بواری نێوخۆییدا لە قەولی جەلالەوە، دەنووسێ: «ئێمە دوای ئەو هەموو ساڵە کە بە نابینایی ئەو رێگایەمان دۆزیوەتەوە، ئێستا دەتوانین راوەستین و رێی رابردوو هەڵسەنگێنین. یا بە جۆرێکی دیکە، ئەوە خاڵی وەخۆهاتنەوە و وشیارییە بۆ رووناکبیری ئەو وڵاتە کە لە ماوەی ٥٠ ساڵی رابردوودا، ئەزموونی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گەورەی تێپەڕاندوە و هەڵکشان و داکشانی زۆری دیوە. لە نێو حیزب و ئیدئۆلوژییەکاندا، بەردەوام و پچڕاو، کەوتوە و هەستاوەتەوە و لە ئاکامدا، ئەگەرچی نائومێد و کپ بووە، بەڵام هەگبەیەک لە ئەزموون و بوونەکان فێر بووە و دەیهەوێ لە رابردوو بڕوانێ» و...

لە بواری دەرەوەییشدا، دەنووسێ: «هەڵوێستەیەکە لەسەر ئەوەی کە ئێمە بۆ وەک میللەتێک یا رۆژهەڵاتیی موسڵمان بەگشتی لە ماوەی دەورانێکی مێژوویی چەند سەدەییدا، بەو شێوەیە چووکە کراوینەوە و بەرەو هەڵوەشان چووین. لە حاڵێکدا، رۆژئاوا یا ئورووپای مەسیحی بە دەرجەی هەرە سەروو و سەردەستی و پلەی گەورەیی لە توانایی و فەرهەنگ گەیشتوە و لە هەمانکاتدا، رۆژهەڵاتیش ژێردەستە و زەلیل بووە.» و....

-- داریوش آشوری مقالەای تحلیلی، هشیاری تاریخی، ١٣٤٦، در مجله خوشه به سردبیری احمد شاملو منتشر شدە است.-

ئەو کتێبە یا مەنشوورە، کە داڕێژەرانی فیکری- فەرهەنگیی رێژیمی حەمەرەزا شای هاوبیر بووە، و وەک لە وتووێژی شەمسی ئالیئەحمەددا، ئاماژەی پێکرا، لە لایەن روحوڵڵا خومەینی – نا ئایەتوڵڵا-، خوێندراوەتەوە.

کۆمار ئیسلامی گەورە رێ(اتوبان) یەکی لە تاران بە ناوی جەلالی ئالی ئەحمەد کردوە و لە ساڵی ١٣٨٧وە «جشنوارە»ی ئەدەبی بۆ دادەنێ و تەمەری پۆستی بە ناوی چاپ کردوە. عەلیی خامنەیی- وەلی فەقیهی دووەم، هێندێک جار لە قسەکانیدا، نەقلی قەول لە نووسراوەکانی جەلال دێنێتەوە. ئەو وتوویەتی: لە کاتی لاویدا، جارێک لە مەشهەدەوە چۆتە تارانێ هەتا جەلالی ئالیئەحمەد ببینێ، بەڵام بە هۆگەلێک نەیتوانیوە چاوی پێی بکەوێ.

- ویکی پێدیا، دانیشنامەی ئازاد-

# جەمسەرەکان، دەسەڵات و دابەشکردنی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا



عەزیز شێخانی

سیستم و قەوارە، چۆنیەتی دابەشکران و کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە نێوان زلهێز و جەمسەرەکان بە کلیلی سەرەکیی شیکردنەوەی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان دەناسرێن. دەوڵەتەکان بە فاکتەری سەرەکی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان و ئەکتەری کارای سیاسەتی جیهانی دەناسرێن. ئەوان لە یەکتر جیاوازن و لە دونیادا دوو دەوڵەتی تەواو هاوشێوە و وێکچوو نابینین. هەر دەوڵەتەی مێژوو، حەشیمەت، جوغرافیا، ژێئۆپۆلێتیک، سەرچاوەی سروشتی و کۆمەڵگەی تایبەت بە خۆی هەیە. کێنس والتز، کە بە باوکی ڕیالیزمی نوێ ناسراوە، سیاسەتی جیهانی وەک قەوارەیەکی ڕێکخراو دەبینێ. بە باوەڕی ناوبراو و زۆر شارەزا و بیردۆزەرەوە، قەوارە و ساختاری سیستمی نێودەوڵەتی ئانارشیستی‌یە. مەبەستی والتز لەو کۆنسێپت و مانایە ئەوەیە کە لە سەرووی دەوڵەتەکان هێز و دەسەڵاتێک نییە، کە دەوڵەتەکان ناچار بە ئەنجامدان یان پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکان بکات. دەوڵەتەکان بە ئەکتەری سەربەخۆ ناسراون، کە لە چوارچێوەی سیستم و ساختارەکەدا ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن. گرینگترین تایبەتمەندیی قەوارە و سیستم ئەوەیە کە هێز چۆن و بە چ شێوازێک لە نێوان ئەکتەرە پلە یەک و زلهێزەکان‌دا دابەشکراوە. بێجگە لەوە، زلهێزی یەکەم یان چەند زلهێزی هاوتا لە سەر چ بناخە و بە چ شێوازێک پارێزگاری لە بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیان دەکەن، ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەپارێزن و تێدەکۆشن ناوەندەی هێز لە کۆنترۆڵی خۆیان‌دا قەتیس بێڵنەوە.

دەوڵەتەکان لە چوارچێوەی سیستمەکان‌دا کاروباری خۆیان ڕێکدەخەن. لە سەردەمە جیاوازەکان‌دا ژمارەیەک دەوڵەت، دوو زلهێز یان یەک تاکەزلهێز، کاریگەریی یەکلاکەرەوەیان لە سەر سیاسەتی نێودەوڵەتی داناوە. ئەو دەوڵەتە گەورانە بۆ دیاریکردنی کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتی و جێبەجێکردنی ئامانج و بەرژەوەندی‌یە کورتماوە و درێژخایەنەکانیان دەبنە جەمسەرێکی کارا. پرسی جەمسەربەندی‌یە جیهانی‌یەکان لە فۆرم و شێوازی چەند- و دوو- و یەکجەمسەری بایەخی زۆرتری پێدراوە و وەک یەکێک لە تیۆری‌یە سەرەکی‌یەکانی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتەی‌یەکان سەرنجی خراوەتە سەر. ناسینی سیاسەتی جیهانی و تێگەیشتن لە چۆنیەتی دابەشبوونی هێز، ڕاگرتنی باڵانسی هێز و بوونی هێژمۆنی لە چەقی بازنەی زانستی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان جێ‌دەگرن. وانە مێژووییەکان دەیسەلمێنن کە لە دوای ئاڵوگۆڕە گەورەکان یان شکان و لاوازبوونی زلهێزەکان قەوارەیەکی تازە و ساختاریکی نوێ سەرهەڵدەدات.

مانای جەمسەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا ئەوەیە کە چەند ئەکتەرێکی گرینگ لە جیهان‌دا هەن، کە بە دەرچوون یان هاتنیان سروشت و ساختاری سیستمی جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. گرینگیی ئەو بابەتە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە کایەی جەمسەرەکان نییە، بەڵکو بۆ هەڵلاجی کردنی زۆرتری هێژمۆنی و دژەهێژمۆنی باڵانسی هاوپەیمانەتی و هەروەها ڕۆڵی دەوڵەت و دەرکەوتەکانی لە ڕەوتی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان‌دا سوودی هەیە. جەمسەرایەتی سیستمی جیهانی مانایەکی تیۆری هەیە و بە وتەی ویلیام وهۆلفۆرس سنووری بایەخەکانی تایبەت بە دابەشکاری توانا و زەرفییەتەکان دەرەخسێنێ. بە واتایەکی دیکە، ئەو سنوورانە دیاری دەکات کە دەسەڵات و تواناکانی دەوڵەتێک پێویستە خاوەنیان بێ، بۆ ئەوەی وەک ئەکتەرێکی جەمسەر لە سیستمەکەدا مەزەندە بکرێ و ڕۆڵ بگێڕێ. لە ڕوانگەی کێنس والتز، دەوڵەتێک کە بە شێوەیەکی فرەرەهەند دەوڵەمەند و دارایە، دەتوانێ لە لوتکەی جەمسەرەکەدا جێ بگرێ. بە وتەی والتز خاوەنایەتی هێز و وزەی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، بوونی حەشیمەت، ڕووبەرێکی بەرچاو و فراوان، توانا و وزە ئابووری‌یەکان، سەرچاوە سروشتی‌یەکان، هێزی نیزامی، خۆڕێکخستنی خێرا و تۆکمە لەو تایبەتمەندیانەن کە دەوڵەتێک دەکەنە ئەکتەری یەکلاکەرەوە و لە ئاستی سیستمی نێونەتەوەیی‌دا دەبێتە جەمسەرێکی کاریگەر. بە وتەی یەکێک لە کارناسانی سەر بە قوتابخانەی ڕیالیزم، ئەکتەری ناسراو بە جەمسەر بە دەوڵەتێک یان هاوپەیمانەتی چەند دەوڵەتێک دەگوترێ، کە بە چوونە نێو یان دەرچوون لە پرۆسەیەک، قەوارە و ساختاری سیستمی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.



بە گوێرەی تیۆری ڕیالیزم، کۆنسێپتی جەمسەرایەتی لە ماوەی چەند قۆناخی جیاوازدا دەرکەوتوە و شکڵی گرتوە. لێکدانەوەکان لە سەر قۆناخەکانی سیستمی نێودەوڵەتی جیاوازن. بەشێک لە شارەزایان، سەرهەڵدانی جەمسەرگەرایی لە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان بۆ سەردەمی دوای ڕێککەوتنی وێستفاڵ(١٦٤٨) دەگێڕنەوە، کە هەتا کۆتاییەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی

> ❝ کێنس والتز، کە بە باوکی ڕیالیزمی نوێ ناسراوە، سیاسەتی جیهانی وەک قەوارەیەکی ڕێکخراو دەبینێ. بە باوەڕی ناوبراو و زۆر شارەزا و بیردۆزەرەوە، قەوارە و ساختاری سیستمی نێودەوڵەتی ئانارشیستی‌یە. مەبەستی والتز لەو کۆنسێپت و مانایە ئەوەیە کە لە سەرووی دەوڵەتەکان هێز و دەسەڵاتێک نییە، کە دەوڵەتەکان ناچار بە ئەنجامدان یان پاشگەزبوونەوە لە بڕیارەکان بکات. دەوڵەتەکان بە ئەکتەری سەربەخۆ ناسراون، کە لە چوارچێوەی سیستم و ساختارەکەدا ئەرکەکانیان رادەپەڕێنن ❝

چەند جەمسەری بووە. بە باوەڕی بەشێکی دیکە، قۆناخی چەند جەمسەری لە سیستمی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٨١٦ دەست پێدەکا و هەتا ساڵی ١٩٤٥ درێژەی هەیە. سیستمی نێودەوڵەتی لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی هەتا کۆتایی شەڕی سارد دوو جەمسەری بووە، کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت ڕێبەرایەتیان دەکرد. پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی شەڕی ناسراو بە سارد، شارەزا و پسپۆڕانی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان لە سەر جۆری سیستمی جیهانی هاوڕا نین. ئەگەرچی باس لە سیستمی یەکجەمسەری دەکرێ، بەڵام هێشتا سیستمی جیهانی لە ماوەی ٢٦ ساڵی ڕابردوودا بە جۆرێک شکڵی نەگرتوە، کە تاریفێکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێتی هەبێ.

لیکۆڵەرەکان لە پێناوی جیاکردنەوەی ساختار و قەوارە لە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان لە تێرمی یەکجەمسەری کەڵک وەردەگرن. لەو سیستمەدا دابەشبوونی دەسەڵات بە جۆرێکە، کە زلهێزی تاقانە ڕاگری سیستمەکەیە و لە بواری کولتوری، ئابووری و نیزامی‌یەوە شوێندانەر و یەکلاکەرەوەیە. لەو سیستمەدا زلهێزە گەورەکە دەتوانێ پرسە گرینگەکان چارەسەر بکات و ئەکتەرە بچووکترەکان بە تاک و بە شێوازی هاوپەیمانەتی ناتوانن ڕێگری جیددی لە جێبەجێکردنی پلان و سیاسەتەکانی جەمسەری تاقانە بکەن. لە تێڕوانینی ڕیالیستە کلاسیک و تەنانەت ڕیالیستە نوێیەکان‌دا پرسی باڵانسی دەسەڵات لە سیستمی یەکجەمسەری ئەگەرێکی دوورە. لە خوێندنەوەی ئەوان‌دا هەر کاتێک باڵانسی هێز هاتە کایەوە، بە مانای نەمانی یەک جەمسەری‌یە. لە سیستمی دوو و چەند جەمسەری‌دا باڵانسی هێز کۆڵەکەیەکی گرینگی درێژەدان بە ڕەوتی ناسراوە. ئەکتەرە گەورەکان ناچارن، لە سەر چەندایەتی و چۆنایەتی ئەو باڵانسە بسازێن.

مێژووی چەند سەت ساڵەی دەوڵەت و پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان (کە زیاتر ڕۆژئاوایی سەنتەرە) ئاشکرای دەکات، کە زلهێز و جەمسەرەکانی هێز لە ڕەوتی ڕووداوەکان‌دا ئاڵوگۆڕی بەرچاویان بەسەردا هاتوە. ئەوان بە گوێرەی کامڵبوونی دەوڵەتەکان و گەشەکردنە هەمەلایەنەکان شکڵ و قەوارەیان گۆڕاوە و تاکتیک و ستراتیژیان ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە. بە واتایەکی دیکە، ئامرازەکانی هێز و سەپاندنی ئیرادە و جۆری بەرژەوەندی‌یەکان لە قۆناخە جیاوازەکانی سیستمی جیهانی‌دا کاریگەر و شوێندانەر بوون. بۆ وێنە، زلهێز و وڵاتانی وەک بریتانیا، فەڕانسە، ڕووسیە، پڕوس و ئیسپانیا لە قۆناخی ناسراو بە چەند جەمسەری(پاش ١٦٤٨ یان ١٨١٦) بە هۆی خاوەنایەتی هێزی نیزامی و دەریایی ئەکتیو و بەهێز دەرکەوتوون. هێز بە ڕێژەی جیاواز لە نێوان چەند جەمسەر و زلهێزێک‌دا دابەشکرابوو، بۆیە ئەوان زیاتر لە زلهێزە ناوچەییەکان، لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان کاریگەر و یەکلاکەرەوە بوون. لەو سەردەمەدا توانای ئەکتەرەکان و جیاوازیی نێوانیان بە ڕێژەی سەردەمی جووتجەمسەری(١٩٤٥ هەتا ١٩٨٩) بەرفراوان و قووڵ نەبوون. لە سەردەمی شەڕی سارد ئایدۆلۆژی، ستایلی دەوڵەتداری، سیستمی بەڕێوەبەری و ئابووری لە نێوان دوو جەمسەردا کاریگەریی هەمەلایەنەی لە سەر زۆر بەستێنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و نیزامی دەوڵەتەکانی جیهان‌دا دانابوو.

لە دوای ڕووخانی دیواری بێرلین و کۆتایی هاتنی کێبەرکێی توند و هەمەلایەنەی نێوان دوو زلهێزی گەورەی جیهان، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت، شارەزا و لێکۆڵەرانی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان لە سەر سیستمی تازەی جیهانی و چەندایەتیی جەمسەرکان کۆک نەبوون. بەشێکیان لە سەرەتای نەوەتەکان لە سەر ئەو باوەڕە بوون، کە ڕەنگە لە دوو جەمسەری بەرەو چەندجەمسەری بگەڕێنەوە. چارڵس کراوتم لەو سەردەمەدا لە ڕیزی پێشەوەی ئەو کەسانە بوو، کە لە وتارێکی گۆڤاری کاروباری دەرەوەدا(ئەو گۆڤارە لە ئەمریکا دەردەچێ) باسی لە تاکجەمەسەری کرد. ناوبراو لە نووسینەکەی‌دا ئاماژە بەوە دەکات، کە سیستمی جیهانی لە دوو جەمسەریەوە بەرەو چەندجەمسەری ناڕوات و قۆناخی یەکجەمسەری دێتە کایەوە، کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە هاوڕێیەتی لەگەڵ هاوپەیمانەکانی دەبێتە ناوەندی یەکەمی هێز لە جیهان‌دا.

لەو سەردەمەدا ئەمریکا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، لە سیستمی نوێی جیهانی‌دا نەخشی هێزی تاقانەی دەگێڕا و لە زۆر بواردا بە ڕادەیەکی بەرچاو وەپێش کۆنە زلهێزەکان کەوتبۆوە. سیستمی ناسراو بە یەکجەمسەری لە ماوەی نیزیک بە دوو سەدەی ڕابردوودا، کەمتر بەم شێواز و فۆرمە دەرکەوتبوو. شایانی باسە کە ئەمریکا لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش‌دا خاوەنی دەسەڵات و هێزی بەرچاو بوو، بەڵام لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا زۆر ئەکتیو نەبوو. لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی و دواتر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و لە ئاکامی توانا بەرچاوەکانی بوو بە ئەکتەرێکی کارا و لە سیستمی نێودەوڵەتی‌دا نەخشی ڕێبەرایەتی و بڕیاردەری بە باڵا بڕا. ئەو وڵاتە بە بوونی هێزێکی گەورەی نیزامی(زەمینی، ئاسمانی و دەریایی) و هەروەها تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح بۆ ئەو بەشە، چەکی ناوکی، ئابووری‌یەکی بەهێز و ئامادەبوونی لە کەلێن و قوژبنی جیهان بە سەر کۆنە ڕقەبەر و زلهێزەکەی دیکەدا زاڵە.

> ❝ مانای جەمسەر لە سیاسەتی نێودەوڵەتی‌دا ئەوەیە کە چەند ئەکتەرێکی گرینگ لە جیهان‌دا هەن، کە بە دەرچوون یان هاتنیان سروشت و ساختاری سیستمی جیهانی ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ. گرینگیی ئەو بابەتە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە کایەی جەمسەرەکان نییە، بەڵکو بۆ هەڵلاجی کردنی زۆرتری هێژمۆنی و دژەهێژمۆنی باڵانسی هاوپەیمانەتی و هەروەها ڕۆڵی دەوڵەت و دەرکەوتەکانی لە ڕەوتی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان‌دا سوودی هەیە ❝

ئەمریکا بە هەموو تواناوە هەوڵی پاراستنی پێگە و جێگەی خۆی دەدات و تێدەکۆشێ وەک زلهێزێکی تاقانە لە قەیران و ڕووداوەکانی دنیادا دەرکەوێ. بە گوێرەی خوێندنەوە مێژووییەکان سیستمە جیهانی‌یەکان بە ئاسانی ناگۆڕێن و ڕەنگە سێبەری تاکجەمسەری بە ئاسانی لە سەر ڕوومەتی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان نەڕەوێتەوە. بە واتایەکی دیکە، تێکچوونی ئەو سیستمە پێویستی بە گۆڕانی سەنتەری هێز و دەرکەوتنی زلهێزی ڕقەبەر هەیە کە زۆر جار ئاکامی داڕمانی گەورەهێز یان هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و شکڵگرتنەوەی ساختاری تازە لە پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکانە. ئەمڕۆ زلهێزی تاقانە لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئابووری، نیزامی، تێکنۆلۆژی، لێکۆڵینەوە لە بۆشاییەکانی ئاسمان، بازرگانی و کولتووردا کاریگەریی بەرچاو و تەنانەت یەکلاکەرەوەی هەیە. لەو نێوەدا تەنانەت باس لە زاڵبوونی زمانی فەرمی ئەو زلهێزە دەکرێ، کە لە دنیادا وەک زمانی سەردەست و پێویست دەکار دەهێنرێ و لە زۆربەی بەستێنە جیاوازەکانی زانست، کولتوور، تێکنۆلۆژی و پەروەردەدا بە سەر زمانە باوەکانی دیکەدا زاڵە.

باس لەوە دەکرێ کە سەردەمی یەکجەمسەری هەتا ٢٠٠٣ کە شەڕی عێراق دەستی پێکرد، بە چڵەپۆپەی خۆی گەیشتبوو. لەو سەردەمەدا ئەمریکا لەگەڵ هاوپەیمانەکانی بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش و زلهێزە کۆنە ڕقەبەرەکەی، شەڕی عێراقیان دەست پێکرد. دوای ئەو قۆناخە و سەرهەڵدانی زنجیرە قەیرانێکی زیاتر لە کەلێن و قوژبنی جیهان‌دا و دەرگیربوونی ئەمریکا لە نێوخۆ و دەرەوە لەگەڵ لێکەوتەکانی ئەو قەیرانانە، دەرفەتی دەرکەوتنی زلهێزی ئابووری خوڵقاند. بە باوەڕی بەشێک لە ڕیالیستەکان سیستمی ئەمڕۆی جیهانی سێ جەمسەری‌یە، کە ئەمریکا، ڕووسیە و چین دەکەونە بازنەی زلهێزە پلە یەکەمەکان. شایانی باسە کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان‌دا زلهێزی مامناوەندی هەن، کە دەکەونە خانەی پلە دووهەمەکان. جیاوازی ڕیالیستەکان لەوە سەرچاوە دەگرێ، کە سەرچاوەی دەسەڵاتی زلهێز لە کوێوە دێن و چۆن ڕێژەکەیان هەڵدەسەنگێنن. بە گوێرەی خوێندنەوەی ڕیالیستەکان زلهێزەکان لە سەر ستاتوس و جێگە و پێگەی خۆیان کێبەرکێی دەسەڵات و هێز دەکەن. بەهێزبوونی چین لە بوارە جیاوازەکانی وەک ئابووری و تێکنۆلۆژی چیرۆکی دەرکەوتنی زلهێزێکە کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام هێشتا نەکەوتۆتە سەر هێڵی ئەکتیوکردنی سیاسەتی دەرەوە و شوێندانەربوون لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان لێرەوە و لەوێ. چین خاوەنی کولتوور و سیستمی سیاسی تایبەتە، کە توانای ئیدارەکردنی هێمنانە و نەرمی پرسە نێوخۆییەکانی نییە و بە هێزی ڕووت گرفتە نیوخۆییەکانی پووشبەسەر کردوە. ئەو فاکتەرەش لە سەر ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی چین کاریگەرە، چونکە چین ناتوانێ بە ڕێژەی گەشەکردنی ئابووریی و تێکنۆلۆژی، لە جیهان‌دا وەک ئەکتەرێکی جەمسەر سیاسەت بکا.

شایانی ئاماژەپێکردنە کە بێجگە لە بازنەی جیهانی، لە بازنەی بچووکتردا زلهێز و دەوڵەتی مامناوەندی لە هەموو کەرتەکانی سەر گۆی زەوی هەن. تەنانەت لە ناوچە و هەرێمێک‌دا دەکرێ باس لە دابەشکردنی دەسەڵات و هێز و هەروەها بوونی جەمسەر و پاشکۆی جەمسەر بکرێ. بۆ وێنە لە کەرتی ئورووپا و پاش شەڕی سارد بریتانیا، فەڕانسە، ئاڵمان و ڕووسیە بە چوار زلهێزی ناسراو پێناسە دەکرێن. ڕووسیە لە ڕیزی ئەوان‌دا لە بواری نیزامی بەهێزترینیانە و لە بازنەی زلهێزی پلە یەکەمەکان‌دا بە ئەژمار دێ، بەڵام ئەوانی دیکە دەکەونە بازنەی پلە دووهەمەکان. سێ وڵاتی بریتانیا، فەڕانسە و ئاڵمان بە هاوکاری ئەمریکا دەبنە جەمسەری بەهێز، بۆیە لە کەرتی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و لە سنووری ژێر دەسەڵاتی کۆنی ڕووسەکان‌دا لەگەڵ ڕووسیە شەڕی خۆسەلماندن دەکەن.

ئەمریکا لە بواری نیزامی‌یەوە بە هێزی یەکەمی جیهان بە ئەژمار دێ،...

ل١١

کوردستان رۆژنامەی • ژمارە:٦٨٨

درێژەی **راگەیەندراوەکانی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## روونکردنەوە لە بارەی: زنجیرەیەک کردەوەی گرتن و رفاندنی چەند پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

لە دوو رۆژی رابردوودا، هەواڵی رفێندرانی چەند پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەم و زۆر و بە نیوەچڵی و ناتەواوی لە تۆڕە کۆمەڵایەتی‌یەکان و هێندێک راگەیاندن‌دا، بڵاو بووەتەوە و بووە بە هۆی دروستبوونی پرسیار و نیگەرانیی جۆراوجۆری دۆستان و دڵسۆزان. بە پێویستی دەزانین بۆ ئاگاداریی زیاتری بیروڕای گشتی، دامەزراوە پێوەندیدارەکان و هێز و لایەنە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بەم جۆرە پەردە لە سەر چۆنیەتیی رووداونی ئەو زنجیرە کردەوەیە لابدەین:

لە رۆژانی دووشەممە و سێشەممەی رابردوودا، چەند پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ناوەکانی ١- نادر ئیلامی، ٢- ئارام نازر و٣- سیروس رەبیع بەیگی کە پێشتر لە نێو گرووپی ناسراو بە «پارتی ئازادیی کوردستان»دا بوون و دواتر ئەم گرووپەیان بە جێ هێشتوە و بوون بە پێشمەرگەی حیزبی ئێمە، لە سێ پیلانی جیا جیادا، هەوڵی گرتن و رفاندنیان دراوە. ئەم کەسانە لە لایەن کەسانێکی سەر بە پارتی ناوبراو و بە ناوی دیدارو دەعوەتی دۆستانە بۆ شوێنی دوور لە بنکەکانی حیزب راکێشراون‌و دواتر کۆمەڵە چەکدارێکی «پارتی ئازادی» بە پێی نەخشەی دیاریکراوی پێشوویان لە ژێرناوی «ئاسایش»ی هەرێمی کوردستان‌دا، هەڵیان کوتاوەتە سەر ئەم هاوڕێیانەمان.

یەکێک لەم رووداوانە شەوی دووشەممە لە سەر سێشەممەی رابردوو(١٢لە سەر ١٣ی سێپتامبر) لە نزیک کۆیە و لە نێو دارستانەکانی دەروازەی رۆژاوای شار(نزیک دەواجین) بووە کە دیارە پێشمەرگە «نادر ئیلامی» ئەگەر چی لێی دراوە و بریندار کراوە، بەڵام بەرگریی لە خۆی کردوە و توانیوێتی خۆی لە دەستیان رزگار بکا.

رووداوی دووهەم، رۆژی سێشەممە ١٣ی سێپتامبر لە ماڵێک لە «کەسنەزان»ی نزیک هەولێر بووە. چەکدارەکانی پارتی ناوبراو بە پێی نەخشەی لە پێشدا دیاریکراوی خۆیان لە رێگای کەسێکی هاودەستیانەوە، پێشمەرگە «ئارام نازر» بۆ ماڵی ناسیاوێکی پێشووی خۆی رادەکێشن. هەر کە ناوبراو لە تاکسی دادەبەزێ و پێ دەنێتە نێو ئەو ماڵە، کۆمەڵێک چەکداری «پارتی ئازادی» پەلاماری دەدەن، قۆڵبەستی دەکەن و دەیرفێنن.

حاڵەتی سێهەم بێسەروشوێن بوونی پێشمەرگەیەکمان بە ناوی «سیروس رەبیع بەیگی» لە رۆژی شەممەی رابردوو(٢٠١٦/٩/١٠)وەیە. ناوبراو بە نیاز بووە بە سەفەر و بۆ دیداری ناسیاوێکی خۆی لە کۆیەوە بچێتە سلێمانی، بەڵام لەو رۆژەوە بێسەروشوێنە و هیچ هەواڵێکمان لێی نیە. بە سەرنجدان بە هاوکاتبوونی ونبوونی ناوبراو لە گەڵ ئەم رووداوانەی دیکە و بە وەبەرچاوگرتنی پێشینەی ناوبراو کە ئەویش لە گرووپی ناسراو بە پارتی ئازادی‌یەوە هاتبووە نێو ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی ئێمە، گومانی بە هێزمان ئەوەیە کە بێسەروشوێنکرانی ناوبراویش هەر کاری ئەو لایەنە بێ.

پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دوای ئاگاداربوون لەو کردەوانەی گرووپی ناوبراو، ئاسایشی هەرێم لە کۆیە و هەولێرو دەزگا پێوەندیدارەکانی دیکەی لەم کردەوانە ئاگادار کردوەتەوە و داوای کردوە لێپرسینەوە و بە دواداچوونیان بۆ بکرێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم زنجیرە کردەوەیەی گرووپی ناسراو بە «پارتی ئازادی»دا، چەند خاڵ بە ئاگاداریی هەموو لایەک دەگەیەنین و تەئکیدیان لە سەر دەکەینەوە:

١. ئەو کەسانەی «پارتی ئازادی» نەخشەی لە داوخستن و رفاندنی بۆ کێشاون و جێبەجێی کردوون، تەنیا گوناه و تاوانیان ئەوەیە کە ریزەکانی ئەو گرووپەیان بە جێ هێشتوە و هاتوونەتە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بێ ئەوەی چەک و کەلوپەل و ئەموالی ئەم گرووپەیان لەگەڵ خۆیان هێنابێ. ئەمە لە کاتێک دایە کە جاری وا هەبووە لە حیزبی دێموکراتیشەوە کەس یا کەسانێک چوون بۆ نێو ئەو گرووپە و بە شتێکی زۆر ئاساییمان زانیوە. هەر بۆیە لێدان و بێڕێزی پێکردن و ڕفاندنی ئەم کەسانە بە پێشێلکردنی ماف و ئازادیی تاک و رێوشوێنە دێموکراتیکەکان دەزانین و بە توندی مەحکوومیان دەکەین.

٢. لە سەر خاکی هەرێم و لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان‌دا، لایەنێکی چەکدار کە خۆی وەک پارتێکی سیاسی دەناسێنێ، ئەگەر کێشە و گرفتی لەگەڵ کەسانێک لە حیزب و رێکخراوێکی دیکەش‌دا هەبێ، دروست وایە بە رێگای پێوەندی‌یە سیاسی‌یەکان، یا بە رێگای یاسایی و هێمنانە و لە رێگای دامەزراوە حکوومی‌یەکانەوە، هەنگاوی بۆ بنێ، نەک نەخشە و پیلان بۆ تۆڵەستاندنەوە و رفاندن و بێسەروشوێنکردنیان دابڕێژێ و جێبەجێیان بکا.

٣- پاراستنی گیانی ئەم پێشمەرگە رفێندراوانە و راگرتنی ڕێز و کەرامەتیان لە ئەستۆی لایەنی ناوبراوە. ئێمە داواکاری ئازادیی هەر چی زووتر ئەم پێشمەرگانەین. هەر لەو کاتەدا سەرکردایەتیی پارتی ئازادی لە ئاکامی زیانباری ئەم جۆرە کردەوانە ئاگادار دەکەینەوە.

ئێمە چاوەڕوانی ئیقدام و بە دواداچوونی دامەزراوە پێوەندیدارەکانی هەرێمی کوردستان دەمێنینەوە. هیوادارین بە هەوڵی دڵسۆزانە و بەرپرسانەی هەموو لایەک، رێ لە دووپاتبوونەوەی کردەوەی هەڵنەسەنگێندراو و زیانباری لەم چەشنە بگیرێ و ئەم جۆرە کردەوانە وڵامی سیاسی و یاسایی شیاوی خۆیان وەربگرنەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی سیاسی–نیزامی**
**٢٠١٦/٩/١٥**
**٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٥**

مێژووی زیندوو

## ئاورێک لە ژیان و خەباتی تێکۆشەر قادر مەکڵاوەیی



**هەیاس کاردۆ**

«سروشت دەیویست سۆزی قەندیل بدا بە سازی زمزیران و سروودێکی نەبیسراوی کۆنەبەفران بدا بە هاوینی کەڵوێ و هێزی بازوو بداتەوە بە مەیدانی ململانەی مەیدانچۆخە. لە باڵندە و لە زریان و ئاسکەکێوی، لە رووبار و لە شەماڵ و لە پێشمەرگە ویستی یەکیان هەڵبژێرێ و پەیامی خۆی پێ راسپێرێ. پێش وەی تەتەر هەڵبژێرێ، باڵندەیەکی پێشمەرگە ئەشقی قەندیلی بۆ زمزیران برد و گەڕایەوە. لە بێدەنگی و دەستەوەستانیی سروشت‌دا قەندیل وتی: هۆ برووسکە، هەنگاوەکانت سروودن، چاوەکانت ورە و هیوا. دەستەکانت خۆڕاگری و پەنجەکانت دارستانن. تۆ ببە بە قەندیل و من دەبم بەپێشمەرگە.» (چەکۆ باران)

«کاکە چکۆلە»ی هاودەمی سەماوەر و پسپۆڕی چا لێنان و دایم گوێ بەزەنگ بۆ خزمەتی پێشمەرگە و میوانی پێشمەرگە، دواتر بوو بە شاسواری مەیدانێک کە خۆلێدانی کاری هەموو کەس نەبوو. بۆ یەک ساڵ، دڵی «کاکە چکۆلە» دەگەڵ قوڵتەی ئاوی سەماوەر، بۆ بەشداری لە شەڕی دژی داکیرکەردا دەکوڵی وحەجمینی نەبوو. یەک ساڵ چاوەڕێ مانەوە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەوینی خۆی بەخاک و نیشتمان نیشان بدا و ورەی خۆی لە مەیدانی کارەسات‌دا تاقی بکاتەوە. هەر بۆیە کاتێک دەستی پێ کرد وەک با خوشی و هەڵۆئاسا فڕی. قادر مەکڵاوەیی لە راستی‌دا ریشەی دارێک بوو کە هەردەم بە قووڵایی خاکا رۆدەچوو. خۆری هەتاوێک بوو خۆ ئاوابوونی نەبوو. رێژنەی بارانێک بوو کە لە بەهاری قەت‌نەبڕاوە سەرچاوەی گرتبوو، هەر بۆیە جاربەجار بەگوڕتر دەبوو. ئەو لووتکەی شاخێک بوو هەتا دەهات خۆی لە هەوران نزیکتر دەکردەوە. خوڕەی جۆبارێک بوو کە لە بەفراوی کوێستانە سەرکەشەکان سەرچاوەی گرتبوو. ئەو رێبوارێک بوو بێ هەدادان، دڵدارێک بوو زۆر بەپەیمان، پێشمەرگەیەک بوو هەتا بڵێی بەئیمان. ئەو قارەمانێک بوو لە ریزی قارەمانان.



قادر مەکڵاوەیی

«لەوەتی وەبیرم دێ ناوی پێشمەرگەم بیستوە. ناوی پێشمەرگە شتێک نیە بۆ من نائاشنا بێ. شەهید «دوکتۆر کەریم» هەر خەڵکی دێیەکەی خۆمان بوو کە بەشداری خەباتی ساڵەکانی ٤٦-٤٧ بوو. ئەوکات گوندی مە سەرەرێی هاتوچۆی پێشمەرگە بوو. زۆرجار دەمان دیتن و قسەمان دەگەڵ دەکردن...». قادر قادری کە وەک زۆربەی خەڵکی ناوچەکانی سەردەشت و رەبەت نازناوی گوندەکەی خۆی «مەکڵاوا»ی وەرگرتوە و بە قادر مەکڵاوەیی بە ناوبانگە، لە وەها شوێنێک و لە نێو دنیای ئۆگریی بە پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگەدا فامی کردۆتەوە و پێی ناوەتە دنیای پڕ لە کارەساتی ژیان. هەر لەمنداڵی‌یەوە لە زوڵم بێزار بووە و لە هەر رێگایەکەوە بۆی کراوە دژی راوەستاوە. لەبەر ئەشکەنجەی بێ‌بەزەییانەی منداڵێکی قوتابخانەی گوندەکەیان لە لایەن «سپاه دانش»ەوە لە خوێندن بێزار بووە و رووی دە قوتابخانە نەکردوە. دیارە کوڕێک کە هەر لە منداڵی‌یەوە ناوی پێشمەرگەی بیستوە و زوڵمی مامۆستای تەحەممول نەکردوە، کە گەورە بوو بێگومان چاوکراوە و نەترس دەبێ. «کاکە چکۆلە»ش هەرکە دەخۆی رادیوە و هەستی کردوە بۆ ئەو مەیدانی پر لە سەرڕوەری‌یە دەبێ، رانەوەستاوە و خۆی تێ‌کردوە. هێشتا تازەلاوێک بووە کە لە کۆبوونەوەی کادری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان‌دا بەشداری کردوە کە هەروەک بۆ خۆی دەڵێ:

«دەهاتن تۆوی شۆڕشیان دادەچاند». دواتر بەوە رازی نابێ وخەونی هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتی دەبینێ. هەر بۆیە خۆی دەگەیەنێتە بنکەی پێشمەرگە و داوای چەک دەکا. لە بنکە چەکی نادرێتێ و داوای لێ دەکرێ بگەڕێتەوە چونکە زۆر منداڵە هەر سەرپەل دەڵێ برۆوە و قادر دەڵێ نا، هەتا خۆی بەسەر دادەبڕێ و بە ئاواتی خۆی دەگا. لەو کاتەوە لەپەنای سەماوەر دادەندرێ کە راست بە قەرا خۆی بووە. کار و پیشەی «کاکە چکۆلە» ساز کردنی چا بۆ پێشمەرگە و میوان و ئاگاداری کردن لە بنکە دەبێ. هەمووی ئەوانە دەکا تەنیا بەو ئاواتە رۆژێک وەک باقی پێشمەرگەکان چەکی شەڕەف بکرێتە شانی و خۆی لە ریزی مافپارێزانی نەتەوەکەی‌دا ببینێ.

قادر مەکڵاوەی لەو ساڵانە دەدوێ کە دوژمن هێرشی دێنا و پێشمەرگە لە سەنگەری بەرگری‌دا رادەوەستا. باسەکانی مەکڵاوەیی کوردانە، سادقانە و لێزانانەن. هەر وشەیەک بە کاری دێنێ، دەزانێ دەڵێ چی و بە چ مەبەستێک باسی دەکا. ئەو باسی تیکۆشەرانی مەیدانی خەباتم بۆ دەکا. دانە بە دانە، لەسەر هەر کامیان بڕێک رادەوەستێ و بۆ هەر کامەیان سفەتێکی پڕ لە شانازی باس دەکا. ئەو لەو هەموو شەهیدە دەدوێ کە هاوسەنگەری بوون و بە رۆیشتنیان داخیان لەسەر دڵی داناوە. کاک قادر رووداوەکان چۆن بوون ئاوا دەگێڕێتەوە و بە گێرانەوەیان دەرگای مێژوویەکی پڕاوپڕ لە فرمێسک و خوێن، دارماڵ لە هەڵکشان و داکشان، لێوالێو لە سەربەرزی و شانازی، لیپاولیپ لە شادی و پێکەنینمان بە رووداو دەکاتەوە.

قادر مەکڵاوەیی، تێکۆشەری ماندوویی‌نەناس، بە تەمەنی کەم، بەبێ ئامووزش، بێ‌سەواد و بێ‌ئەزموون، خۆی بە نێو دنیای پڕ لە کارەساتی پێشمەرگەدا کرد و هەنگاو بە هەنگاو دەگەڵی رۆیشت. ماندوو دەبوو بەڵام کۆڵی نەدەدا. سەرەنگرێ دەبوو کەچی زوو راست دەبۆوە. دەگەمارۆ دەکەوت بەڵام ورەی لە دەست نەدەدا. بریندار دەبوو بەو حالەش سەنگەری چۆل نەدەکرد. بۆ رێی دوور و پڕ لە مەترسی بەرێ دەکرا کەچی خۆی لێ لانەدەدا. هەر بۆیە وردەوردە بوو بە جێ‌باوەڕی هاوسەنگەر و بەرپرسانی و بۆ راپەڕاندنی کاری قورس و پڕمەترسی روویان تێ‌کرد.

ژیانی خەباتکارانەی قادر مەکڵاوەیی لە هاودەمیی سەماوەرەکەڕا دەستی پێ کرد و هەتا بەرپرسایەتیی تەشکیلاتیی نێوشاری رەبەت درێژەی کێشا. بەگشتی لە ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی‌دا دستی پێ‌کرد و ساڵی ١٣٧٥ وازی لە خەباتی تەواوکات هێنا و نەزمیکی دیکەی دا بە ژیانی. لەو ماوە دوور و درێژەی خەبات و تێکۆشانی نەپساوەی‌دا ئەم بەرپرسایەتی‌یانەی هەبوون:

هەتا ساڵی ١٣٦٣ وەک پێشمەرگەی هێزی زمزیران پاسەوانی خاکی پیرۆزی کوردستان بووە.

ساڵەکانی ٦٣ هەتا ٦٧ وەک فەرماندەری پەل لە هەمان هێز ماوەتەوە.

ساڵەکانی ٦٨ هەتا ٧٠ فەرماندەری لکێک لە پیشمەرگەکانی پێ سپێردراوە.

ساڵی ٧١ بەرپرسی تەشکیلاتیی نێو شاری رەبەت بووە.

ساڵی ٧٢ ئەندامی کۆمیتە شارستان و فەرماندەری لک بووە.

ساڵی ٧٣ و ٧٤ ئەندامی کۆمیتە شارستان و بەرپرسی ناوچەی «مەیدان چۆغە» بووە.

ساڵی ٧٥ دیسان کراوەتەوە بەرپرسی نێو شاری رەبەت. هەمان ساڵ داوای لێ کراوە ببێتە فەرماندەری هێزی دووی رێبەندان لە ناوچەکانی سەقز کە قبووڵی نەکردوە و هەر ئەو ساڵە چەکی شەڕەفی ماچ کردوە و تەحویلی داوەتەوە.

تێکۆشەر مەکڵاوەیی لە ماوەی ١٦ ساڵ خەباتی نەپچڕاوە و لێبڕاوانەی خۆی‌دا نیشانی دا ئاشقی نیشتمانەکەیەتی، فیداکاری خەباتەکەیەتی، رێرەوی رێبازەکەیەتی و دڵسۆزی حیزبەکەیەتی. ئەو هەروەها دەری خست توانای کاری گەورە و ئیستیعدادی فێربوونی زۆری هەیە. لەخۆڕا نەبوو مەکڵاوەیی بوو بە خۆشەویستی خەڵک و هاوسەنگەرانی، بوو بە جێ متمانەی فەرماندە و بەرپرسانی و هەروەها بوو بە چقڵی چاوی دوژمنانی. لە هەموو ئەو ماوە سەختانەی خەبات‌دا «کاکە چکۆلە»ی مامۆستا مەلا ساڵە تیژ وەک با، بەرزەفڕ وەک هەڵۆ، لەسەر هەست وەک ئاسک، هەڵمەت‌بەر وەک پڵینگ، خەمخۆر وەک رەفیق، دڵسۆز وەک دایک، چاونەترس و جەسوور و شۆڕشگێڕ وەک پێشمەرگە، لە خزمەت ئامانجە پیرۆزەکانی گەلەکەی‌دا بووە و ئەوەی لە دەستی هاتووە دریغی نەکردوە. چوارجار لەشی بە گوللەی چەکی دوژمن دابێژراوە و تووشی ئازار و جەزرەبەی زۆر هاتوە. تەنانەت جارێکیان کە بە مەبەستی زەماوەند دەگەڵ دڵدار دەیەوێ روو بکاتەوە ناوچە، تووشی شەڕێکی قورس دەبێ و لە جیاتی وەدەست هێنانی دڵدار لەشی سەرتاپا زامداری دەگەڕێندرێتەوە نەخۆشخانە. بەڕاستی ئاشقێک لەوە زیاتر دەتوانی چی بدا بۆ ئەوەی ئەوینی خۆی بسەلمێنێ؟ مەگەر گیاندان بتوانێ ئەو ئەوینە بسەلمێنێ کە مەکڵاوەیی و مەکڵاوەیی‌یەکان موخلیسانە ئامادە بوون فیدای بکەن.

ئەگەر بوونی پێشمەرگە مانای هەڵوێستە و هەڵوێستیش مانا بە خەبات دەبەخشێ و خەباتیش بەردەوام بوونمان مسۆگەر دەکا، کەوابوو با رێز لە قادر مەکڵاوەیی بگرین کە وشیارانە هەڵوێستی گرتوە، زانایانە خەباتی درێژە داوە و ئازایانەش پێشمەرگایەتی کردوە. سەرکەوتن بۆ تێکۆشەر کاک قادر قادری(مەکڵاوەیی) و بەردەوامیی بۆ خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەمان.

# ملوانکە



عەلی فەتحی

«ئەوان بەرەو بەرزایی هەڵکشان، تا دەستیان بە خاک رابگا» یانیس ڕیچۆس.

خەمێکی قوڵ دایگرتبوو. هەواڵی مەرگی براکەی ئازاری دەدا. زۆر منداڵ بوو جێیهێشتبوو. دوای دەیان‌ساڵ تەنیا بۆ کاتژمێرێک توانیبووی چاوی پێیبکەوێتەوە.

لە سەر گاشە بەردێک دانیشتبوو و سەیری گەڵی‌یەکەی خوارەوەی دەکرد. لاپەڕەی بیرەوەرییەکانی نێو زەینی خۆی هەڵدەداوە. هەستی دەکرد لەو سی ساڵی دوایی‌دا ڕووداوگەلێک قەوماون و براکەی لێیان بێبەش بووە. هەرجارێ هەناسەی حەسرەتی هەڵدەکێشا، بەهۆی شنەبای ئەو سەرە بەرەو شیوی خواروو بڵاوەی پێدەکرا.

ئازاد لەولاتر چاوی تێبڕیبوو. تێگەیی کە ئەو دوور دەڕوانێ و لە خەیاڵدا گەڕاوەتەوە دواوە. لێی‌نیزیک کەوتەوە. دەستێکی لە سەر شان دانا.

– کاکە، ئەوەندە خەفەت مەخۆ، ژیانە و کۆڵێک ئازار و مەینەت....

– دەزانم ئازادگیان. غەدرە، غەدرێکی گەورە. برای بچووکم بوو. ئەو کاتەی بەجێم‌هێشت و رووم لە پێشمەرگایەتی کرد، ئەو منداڵ بوو. دوای سی ساڵ چاوم پێی‌کەوتەوە، ئەویش تەنیا بۆ یەک کاتژمێر...

– هەستە با پیاسەیەک بەرەو داوێنی خوارەوە بکەین. کانیاوێکی خۆشی لێیە. ئاوێکی فێنک بە ڕوخسارت‌دا بکە و دڵنیام نەختێک دێیەوە سەرخۆ. باوەڕ بکە سەبارەت بە ژیانی خۆم بدوێم، هەموو ئازارەکانت لە بیر دەکەی.

یەکەمجار بوو هەستی کرد وەکوو سکرتێر لەگەڵ پارێزەرەکەی قسە ناکا، بەڵکوو برای بچووکی خۆی لایەتی و پێکەوە بە مەبەستی گەڕان لە قەڵا دەرکەوتوون و هاتوونە شاخ.

– یانی ئازاد گیان، تۆ دەخوازی من خەمەکانی خۆم فەرامۆش بکەم و بیر لە کاروباری سکرتێری نەکەمەوە و گوێ لە ئازارەکانت بگرم؟

ئازاد وەکوو خووی هەمیشەیی، قاقایەکی لێدا.

– ئەی باشە برای گەورەم بۆ چی‌یە. خاڵە خاڵە بۆوەیە چوێلەکانم بۆ بگرێ. ئەگەر بە قسەی من بێ، خەمەکانی خۆت وەلا دەنێی، سکرتێریش بمێنەوە بۆوەی بە چاکی گوێ لە ئازارەکانی من بگری.

لە سەر کانی و تەواوی ڕێگادا، ئازاد باسی ژیانی خۆی کرد.

– کاکە، ئەگەر ژیان بە من قەرزدار نەبێ، من دەینداری ئەو نیم. دەبێ ڕۆژێک نووسەران لە سەر ژیانی من و ئازادەکان بنووسن. چیرۆکی ئێمەمانان پڕن لە تابلۆی بێدەرەتانی...

ئازاد وێدەچوو کەسی خۆی دۆزیبێتەوە؛. وردەوردە چووە نێو گۆمی مەندی ژیان. بەوپەڕی متمانەوە باسی ژیانی خۆی دەکرد. بنەماڵەیەکی هەژار، وەکوو هەزاران بێدەرەتانی نیشتمانەکەمان، ئەوە سەرەتا و کۆتایی بەسەرهاتی چیرۆکی ئەو بوو.

قاقا و پێکەنین بۆ ساتێکیش لێی دوورنەدەکەوتەوە.

– ئازاد، تۆ ئەوەت باشە، ئەگەر باسی ئازارەکانی خۆیشت دەکەی، بزە و پێکەنینت لێنابڕێ!

– کاکە، لەو ڕۆژەوە کە لەدایکبوومە، ژیان دەخوازێ پێم‌پێبکەنێ، بەڵام بەپێچەوانەوە، من بە قاقاکانم ئەوم بەزاندووە و ئیزنم نەداوە هومێدم لێبستێنێ. ئەگەرچی هەموو خۆشییەکانی لێم زەوت کردووە...

ئەوان ئیتر بەردەوام پێکەوە دەبوون. پێوەندی سکرتێر و پارێزەر شتێکی تەواو ڕواڵەتی بوو. ئازاد نەک هەر بە چەک، بە روحیش پاسەوان و خەمخۆری برای گەورەی بوو. بە واتایەک عاتیفەی خۆشەویستی، بەسەر ئەرکی پاسەوانێتی‌دا زاڵ ببوو. سکرتێریش ئەو کاتە هەستی بە شادی دەکرد، ئەگەر کارێکی کردبا ئازاد شادبێ. ئازاد لە هەموو سەفەر و دیدار و سێمینارەکان لەگەڵ برای گەورەی بوو، تەنانەت بۆ تاوێکیش ئامادە نەبوو جێی‌هێڵێ. سکرتێر ئەگەر بۆ دیدارێکی کەسایەتی‌یەکانی باشووری کوردستان چووبا و ئازادی لەگەڵ نەبووایە، ئەوان خێرا دەیانپرسی، کوڕە خوێنشیرین و لێو بەبزەکە بۆ نەهاتووە؟

لە نهێنی‌پارێزی‌دا کەسێکی کەم‌وێنە بوو. لە باری خوێندەواری‌یەوە تا پێنجی سەرەتایی خوێندبووی، بەڵام ئینسانێکی ورد و ژیر بوو. زۆر سەرکێش، هەردەم ئارەزووی دەکرد ئەگەر ڕۆژێک بمرێت، وەکوو قارەمانێک بمرێت. شۆخ و شەنگی‌یەکەی لای هاوڕێیانی، خۆشەویستی کردبوو. زۆر زوو ببووە جێگر پەل و بەوەش نەوەستابوو خێرا وەکوو سەرپەل پلەی بەرزکرابۆوە. کارلێهاتوو بوو و چۆن بە قاقاکانی ژیانی بەزاندبوو، بە لێهاتوویی و جوامێریشی ترسی یەخسیر کردبوو. سەرەڕای گشت ئەوانەش بە سنوورەکانی هەڵسوکەوتی خۆی دەزانی.

– ئازاد، هیچ دەزانی زۆرجار بیر لە تۆ دەکەمەوە، بەو تەمەنە کەمە، چۆن دەتوانی ئەو گشتە زانیارییەت هەبێ.



– کاکە، منداڵی گوندم..... قاقا و پێکەنین هەمیشە هەوێنی وڵامەکانی بوون.

– باشە منیش وەکوو تۆ گوندیم...

– ئاخر زانیاری‌یەکانی ئێوە زیاتر نووسراوی سەر کتێبەکانن، بەڵام من لەگەڵیان ژیاوم.

ئازاد لە ناسینی سروشت‌دا، زۆر شارەزا بوو. بۆ نێوی دار و دەوەن، گژ و گیا و گوڵ و باڵندە و پەلەوەر و ئاژەڵ و چی دیاردەکانی سروشت هەبوون، خۆی قامووسێکی زیندوو بوو. بەو خاکی‌بوونە یا بەقەولی خۆی گوندی بوونەی، ڕۆژ بەڕۆژ جێی خۆی لەنێو دڵی برای گەورەیدا کردبۆوە.

– ئازاد گیان، ئەی بیرێک لە پێکهێنانی ژیانێکی هاوبەش ناکەیەوە، پێم ناڵێی کەی نازدار حەیرانێک دەدۆزییەوە؟

– هەهەهەهە.... کاکە ئەویش نۆرەی خۆی دێ.

– کەست دۆزیوەتەوە یان نا؟

ئازاد هەرجارێ ئەو پرسیارەی دوایی لێکرابا، بە پێکەنینەوە خۆی لە وڵامدانەوە دەپاراست. ئەو پێیوابوو جارێ هێشتا وەختی درکاندنی ئەو نهێنییەی ژیانی نەهاتووە.

* * *

گەلێک جار لەگەڵ پێشمەرگەکانیش بەرەو قووڵایی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەتی زێدی خۆی دەچۆوە. شارەزای چیا و شیو و دەشتەکان بوو. هەرکات دەگەڕاوە، کۆڵێک ئاوەدانی لەگەڵ خۆی بۆ قەڵا بەدیاری دەهێنا.

شەو لەگەڵ سکرتێرەکەی دانیشتبوون.

– کاکە، هیچ دەزانی هەرکات دەچمەوە ناوچە، دڵم دەکرێتەوە. ئاخ چەند خۆشە لە نیشتمانی خۆت بەسەربەستی بژی...

– هیچ شک لەوەدا نییە ئازادگیان، بەڵام با لەو قسەیە گەڕێین، لەو سەفەرەمدا تەلەفوونێکی جوانم بۆت هێناوە...

– هەهەهەهەهەهە، کاکە ئەوە نییە تەلەفوونم هەیە، زۆر باش کار دەکا.

– نا ئیدی زەمانی ئەوانە بەسەرچووە. کەس نادۆزییەوە شتی وای پێبێ. منیش دەخوازم براکەم تەلەفوونێکی جوانی پێبێ. با بەقەولی خۆت فیتوویەکانی بۆت دەنێرن، جوان بن. ئەگەریش چوویەوە ناوچە وێنەی بەدڵی خۆت بگرە....

ئازاد ناوی نووکە و پەیامەکانی نابوو فیتوو و سیگناڵی فیتووشی بۆیان دانابوو. هەرجارێ پەیامی بۆ دەهات، دووبەدوو کۆڵێک بەو دەنگی فیتوویە پێدەکەنین. خێرا سکرتێر هەرای لێدەکرد:

– ئازاد بگەیێ فیتوویە، نەکا نازدارحەیران بێ.

ئێوارەیەک خێرا چووە لای برای گەورەی.

– کاکە، ئەوە پێشمەرگەکان بە مەعمووریەت دەچنەوە ناوچە، دەخوازم ئیزنم بدەی منیش لەگەڵیان بچم.

– ئازاد، ئەرکی تۆ ئەوەیە لای من بی، باشە هیچ دەزانی وەختێک دەچییەوە ناوچە، من تەواوێک تەنیام، پاشان هاوڕێیان چۆنە پەسندی چوونەوەی تۆیان کردووە؟

– کاکە تۆ خوا لێم تێکمەدە. زۆریان لەبەر پاڕاومەوە منیش لەگەڵیان بم، ئەوان گوتوویانە ئەگەر کاک خالید ئیزنت بدا، دەتوانی ڕەگەڵ تیمەکەمان بکەوی.... ئەگەر خۆشت دەوێم بێدڵیم مەکە و با لەگەڵیان بچمەوە.

– ئازاد گیان، ناخوازم بێدڵیت بکەم، بەڵام هەرجارێ دەچییەوە من تەواوێک نیگەرانی دامدەگرێ، تێدەگەی؟

– نا نا بەڵێن بێ زۆر زۆر وریا بم و ئاگام لەخۆم بێ.

– دەی باشە، ئێستا کە بەڵێنت داوە، منیش ئیزنت پێدەدەم.

ئازاد دەستی بۆ جانتاکەی خۆی برد. ملوانکەیەکی مێخەکیی دەرهێنا بۆ لای سکرتێری ڕاداشت.

– ئەو دیارییەم با لای خۆت بێ. زۆرم دڵ پێوەیە.

– ئەوە چییە؟ نەکا نازدار حەیرانێک بۆی دروستکردبێ!

ئازاد سەری لەقاند و بزە لە سەر لێو نهێنی دڵی درکاند. برای گەورە تێگەیی.

– تێگەیشتم. قەولم پێت‌دابوو نازدار حەیران بدۆزییەوە، خەرجی شاییەکەتان وەستۆی خۆم بگرم. لە سەر بەڵێنی خۆم سوورم، بەڵام بەو شەرتەی زۆرت ئاگا لە خۆت بێ، ئاخر تۆ زۆر سەرکێشی...

– با بێمەوە، بە تێر و تەسەلی باسی دەکەم. هەتا دێمەوە کاکە تۆیش دەبێ زۆرت ئاگا لە خۆت بێ، نەکەی بهێڵی دوژمن زەفەرمان پێبەرێ.... با دوایی نەڵێن خەتای ئازادبوو...

– ئازاد گیان نیگەرانی من مەبە، من نیگەرانی تۆم گوندییە سەرکێشەکە!

ئازاد ڕۆیشت و سکرتێر ملوانکەی مێخەکی لەنێو دەستی‌دا ڕاگرتبوو و بە نیگەرانی‌یەوە سەیری ڕۆیشتن و دوورکەوتنەوەی ئازادی کرد.

* * *

١٦ی خەرمانان بوو، کاتژمێر ٦ی ئێوارە. لە نێوخۆی وڵاتەوە پێوەندی گیرا. تەلەفوونی سکرتێر زەنگی لێدا.

– بەڵێ فەرموو...

– .... کاکە بەداخەوە خەبەر خۆش نین. کوڕەکان بەسەر بۆسە و کەمین‌دا کەوتوون، شەهیدمان هەیە. ئازاد ئالی و ئەمیر نستانی شەهید بوونە. هاوڕێیانی دیکە بەسڵامەتی دوورکەوتوونەوە. .... بەداخ...... نا .....

پێوەندی پچڕا.

سکرتێر دەستێکی بۆ ملوانکەی مێخەک برد. لە پێش خۆی داینا. ئەو ملوانکەیەی ئازاد لە سەفەری پێشتردا لە خۆشەویست و نازدار حەیرانەکەی بەدیاری وەریگرتبوو. برای گەورە بە لەدەستدانی برای بچووک، دیسان لە سەر کورسیلەی کۆنی هۆڵی چۆلی سینەمای ژیان دانیشت. فیلمی سەر پەردەی سینەمای زەینی ئەوجارە، سەربردەی ئازاد بوو: ئازاد و سەردەمی منداڵی، پێشمەرگایەتی، عاتیفە، سەرکێشی، قارەمانخوازی، قاقا، فیتوو، ملوانەکە، نازدار حەیران، پاسەوانی و دیمەنی سەفەرەکان، لەگەڵ دوایین دیدار و پاڕانەوە بۆ گەڕانەوە، هەرهەموویان پەردە بە پەردە نمایش‌کران.

کاتێک وەخەبەر هاتەوە، هەستی بە بەرامەی مێخەک کرد و شوێنەواری دەنکە مێخەکەکان لە سەر دەست و پەنجەکانی نەخشیان بەستبوو.

---

درێژەی

# جەمسەرەکان، دەسەڵات و دابەشکردنی هێز لە ئاستی نێودەوڵەتیدا

کە بە گوێرەی هاوپەیمانەتی لەگەڵ وڵاتە ئوروپاییەکان لە ئاشتی و شەڕدا و لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ناتۆدا هاوپەیمانەکانی دەپارێزێ. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا و لە هەناوی قەیرانی ئۆکراین، سووریە و هتددا هەوڵدراوە کە باس لە پێویستیی سیستمی چەندجەمسەری بکرێ. لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە، کۆبوونەوەی دەسەڵات و هێز لە یەکجەمسەردا کێشە و ئاژاوەی زۆرتر دەخوڵقێنێ و باڵانسی هێز تێک دەدا. ڕووسەکان لە هێنانە پێشی دەستەواژە و سیستمی چەندجەمسەری وەک کەرەستەی سیاسەتەکانی خۆیان و هەروەها ڕامکردنی سیاسەتەکانی ئەمریکا کەڵک وەردەگرن.

لە سەر کاریگەری جەمسەرەکان لە سەر ئاسایش و ئاشتی جیهان ڕوانگەکان جیاوازن. کارناسان و شارەزایانی تیۆری تایبەت بە جەمسەربەندی‌یەکان لە سەر تایبەتمەندی و کاریگەریی جەمسەرەکان لە سەر ئاسایش و سەقامگیری نێودەوڵەتی هاوڕا نین. لەو نێوەدا بۆ تێگەیشتن لە سروشت و جۆری جەمسەربەندی‌یەکان لە پانتایی جیهان لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی بەراوردکاری ئەنجام دراون، کە لە ئاکام‌دا بە شێوەیەکی ڕێژەیی خاڵە جیاواز و زەقەکانی سیستمە یەک- و دوو- و چەندجەمسەری‌یەکان شی کراونەوە. مێژووی چەندسەت ساڵەی دەوڵەتی مۆدێرن و پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان دەری‌دەخا کە لە سیستمە چەند جەمسەرەی‌یەکەدا شەڕە گەورەکانی جیهان هەڵایساون و قەیرانی گەورە سەریان هەڵداوە. لە سەردەمی شەڕی سارد و دوو جەمسەری‌دا شەڕ و قەیران بەردەوام بوون، بەڵام بوونی چەکی ناوکی و کۆمەڵکوژ و ترس لە هەڵگیرسانی شەڕی وێرانکەر زلهێزەکانی لە شەڕی ڕاستەوخۆ دوور خستۆتەوە. لە دوای کۆتایی شەڕی سارد و لەبەریەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەت و سیستمی ناسراو بە یەکجەمسەری کێشە و قەیرانەکان لە زۆر ناوچەی جیهان درێژەیان هەبوە، بەڵام لە نێوان زلهێزە پەلە یەک و دووەکان‌دا ڕوبەڕوبوونەوەی ڕاستەوخۆ ڕوینەداوە. فاکتەری سەرەکی لە سەرهەڵنەدانی شەڕی گەورەی نێوان زلهێزەکان لە دووجەمسەری و چەندجەمسەری‌دا زیاتر لە مەترسی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و ناوکی‌یە، کە هەتا ئەمڕۆ دەست و پەلی زلهێزەکانی بەستوە.

لە ڕوانگەی بەشێک لە لایەنگرانی قوتابخانەی ڕیالیزم سیستمی یەکجەمسەری باشتر دەتوانی ئارامی و ئاسایش بپارێزێ. بە تێگەیشتن و خوێندنەوەی ئەوان، ئەمریکا تێکۆشاوە، شەڕی گەورە لە نێوان زلهێزەکان هەڵنەگریسێ، چونکە لە شەڕە گەورەکان‌دا هێژمۆنی زلهێزەکان باوی نامێنێ و بێبایەخ دەبن. لە بارودۆخی یەکجەمسەری‌دا دەوڵەت و زلهێزە مام‌ناوەندی‌یەکان بە تەنیا دەرەقەتی زلهێزی گەورە نایەن و کۆکردنەوەی هاوپەیمانەتی بۆ دژایەتی کردن و ڕقەبەرایەتی هێزە گەورەکە، کارێکی ئاسان نییە. ڕەنگە بۆ زۆربەی دەوڵەتەکان سازان و گونجان لەگەڵ دەسەڵاتی گەورە و هەروەها قبووڵ کردنی هاوسەنگیی هێز تاقە ڕێگای ژیانێکی ئارام بێ. لە ڕوانگەی تیۆری سەقامگیری هێژمۆنی‌دا، ئاسایش و ئارامی لە بوونی تاکە جەمسەری‌دا زیاتر دەپارێزرێ. بە گشتی قەیرانەکان لەو جۆرە سیستمەش‌دا کۆتاییان نایەت و کەم و زۆر لە کەلێن و قوژبنی دنیادا ئاژاوە و کێشە نێوخۆیی و ناوچەییەکان دەبینرێن، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی گەورە لە نێوان زلهێزی یەکەم و ئەوانی دیکەدا ئەگەری کەمترە.

لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا، مرۆڤایەتی شارەزایی لە سروشتی دەوڵەتداری و پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان بە شێوەیەکی ڕێژەی بەدەست هێناوە. لە کایە گەورەکان‌دا دەوڵەتە بچووکەکان پاشکۆن و گەورە زلهێزەکان بە گوێرەی توانا و بەرژەوەندی‌یەکانیان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان شوێندانەرن. ئەگەرچی سیستمی پێوەندی‌یە نێودەوڵەتی‌یەکان لە داهاتووش‌دا لە ژێر حوکمی ئەو یاسا سروشتی‌یە دەرناچێ، بەڵام سروشتی سەردەم، جۆری دەوڵەتەکان، ئاستی گەشەکردنی تێکنۆلۆژی و هتد. لە سەر چۆنیەتی و چەندایەتی جەمسەرەکانی دوارۆژ کاریگەر دەبن.

لەو سەرچاوانەی خوارەوە سوود وەرگیراوە:

Fred Blombergs (٢٠١٦) Suomen Turvallisuuspoliittisen ratkaisun lahtokohtia, Maanpuolustuskorkeakoulu, julkaisusarja ١: Tutkimuksia nro. ٤ https://www.doria.fi/xmlui/bitstream/handle/١٠٠٢٤/١٢٤٤٣١/Blombergs_verkkoversio_٢٠١٦-٢.pdf?sequence=٢

Alida Tomija (٢٠١٤) Polarity and International System Consequences, Interdisplinary Journal of Research and Development Vol (I), No.١, ٢٠١٤, "Alexander Moisiu" University, Durres, Albania file:///C:/Users/xelk/Desktop/Polarity٪٢٠and٪٢٠international٪٢٠system٪٢٠consquences٪٢٠Research٪٢٠article.pdf

Eirik B. Lundestad and Tor G. Jakobsen (٢٠١٣), A Unipolar World: Systems and Wars in Three Different Military Eras http://www.popularsocialscience.com/٢٠١٣/٠٢/٠٥/a-unipolar-world-systems-and-wars-in-three-different-military-eras/

# KURDI STAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 688 21 September 2016

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


## خەڵاتی پارێزەرانی مافی ئاژەڵان لە ئێران بە دوو لاوی کورد درا



دوو لاوی کورد خەڵاتی تایبەتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ توندوتیژیی دژی ئاژەڵانیان پێدرا.

لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا کە ڕۆژی شەممە، ٢٠ی خەرمانان لە شاری تاران گیرا، ئازاد عەباسی بە نوێنەرایەتی لە ڕێکخراوی «ژینگەی یار» لە سنە و پەخشان قەلەندەری چالاکی مافی ئاژەڵان لە مەهاباد، خەڵاتی «ورچی قاوەیی» بۆ ساڵی ١٣٩٥یان پێ بەخشرا. ئەوان هەروەها ڕێزنامەیەکیان لە لایەن مەعسوومە ئیبتکار، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێرانەوە پێدرا.

پەخشان قەلەندەری و ئازاد عەباسی هەروەها بە هۆی هەوڵە بوێرانەکانیان لە بواری لەقاودانی پێشێلکردنی مافی ئاژەڵان و کوشتنی ئەسبی کۆڵبەران، توانیان ئەو خەڵاتە وەدەست بێنن.

جێی باسە کە گرووپی ژینگەی یار لە ڕاستای وەبیرهێنانەوە و ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک بۆ مافی ئاژەڵان، ژینگەی ئاژەڵان و ژینگە چالاکە.

---

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی شاخەوانی ناوداری کورد «محەممەد هەوراز»




بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی شاخەوانی بەناوبانگی کورد «محەممەد هەوراز» ڕێوڕەسمێک لە شاری نەغەدە بەڕێوەچوو.

ڕۆژی هەینی، ٢٧ی خەرمانان بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە خەڵک و شاخەوانەکانی کوردستان کە لە شارەکانی پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، پاوە، سەقز و سنەوە چوبوونە نەغەدە، یادی لە دایکبوونی ئەو شاخەوانە مەزنە، کە نازناوی ئێرانی و جیهانیی هەیە، بەرز ڕاگیرا.

محەممەد هەورازی شاخەوان، وەرزشکارێکی خۆشناوی کوردستانی لە دایکبووی ساڵی ١٣٤٨ لە شاری نەغەدە بوو، ئەو لەساڵی١٣٦٧ بەشێوەی ڕەسمی ڕووی لە شاخەوانی کرد و هەتا کاتی کارەساتی گیانلەدەستدانی توانی گەلێگ سەرکەوتن لەو بوارەدا تۆمار بکا.

ئەم شاخەوانە کوردە دوای هەڵکشانی سەرکەوتووانە بە دۆند و شاخە ئاستەمەکانی دنیا وەکوو کێوی ئێوێرێست ، بە داخەوە ساڵی ١٣٨٢ لە کاتی شاخەوانی لە شاخی»گاشبرۆم»ی پاکستان لە گەڵ «موقبیل هونەرپەژوە» بەهۆی ڕووداوی هەرەسهێنانی بەفر کەوتە ژێر ڕنوو و لە نەخۆشانەیەک لە پاکستان گیانی لەدەست دا.

---

## پێشوازی خەڵکی بانە و بۆکان لە گرووپی هەڵپەڕکێی «نیشتمان»



خەڵکی بانە و بۆکان پێشوازییان لە گرووپی هەڵپەڕکێی نیشتمان کرد کە لە فستیڤاڵی نێونەتەوەیی کرۆواسیدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنابوو.

گرووپی نیشتمان یەکەمین ئەزموونی بەشداریکردنی لە فستیڤاڵی جیهانی هونەری هەڵپەرکێ، بە هاوکاریی وپاڵنەری دەرهێنەری ناسراوی کورد ڕەحیم زەبیحی تاقی کردەوە.

چوارمین فستیڤاڵی «موزیک وسەما»ی فۆلکلۆریک کە ڕۆژانی ٣ی سێپتامبر تا ١٠ی سێپتامبر لە وڵاتی کرۆواسی بەڕێوەچوو. گرووپی هەڵپەرکێ»نیشتمان»یش کە بۆ ئەم فستیڤاڵە بانگهێشت کرابوو، توانی لە نێوان ١٦ گرووپ لە ١٠ وڵاتی ئاسایی و ئورووپایی و ئەفریقاییدا پلەی یەکەم وەدەست بێنن.

ئەم گرووپە بە چەند تابلۆ هەڵپەرکێی کوردی، تێکەڵ بە «نایە»ی مامۆستا عوسمان سوور و «زەرب»ی کەیوانی کوری توانییان شکۆ و جوانی هەڵپەرکێ کوردی لە ئاستی جیهاندا پێشان بدەن.

گرووپی «نیشتمان» لە کۆتایی فستیڤاڵەکەدا تەندیس و ڕێزنامەی فستیڤاڵەکەی پێدراو هەروەها هەموو ئەندامانی بە میداڵی زێڕ خەڵات کران. هەربە بۆنەی ئەم سەرکەوتنە هونەرییە کاتی گەرانەوەیان بۆ کوردستان لە لایەن خەڵکی هونەردۆستی بانە و بۆکانەوە بەشێوەیەکی بەربڵاو پێشوازییان لێ کرا.

گرووپی هەڵپەرکێی «نیشتمان» کە لە ساڵی ١٣٨٤دامەزراوە و لە ماوەی ئەم ١١ ساڵەدا توانیویەتی وەکوو گرووپێکی فەرهەنگی و هونەری ڕۆڵی بەرچاوی هەبێ بۆ زیندووهێشتنەوەی کلتووری کوردەواری.

ئەم گرووپە لەچەندین فستیڤاڵی نێوخۆیی ودەرەوەدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە و لە کاتێکدا پێدەنێتە دوازدەهەمین ساڵی دامەزراندنی کە پتر لە ٨٠ ئەندامی هەیە.

---

## فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز ڕۆژی ٢٩ی خەرمانان دەستی پێکرد



فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز لە ڕۆژی ٢٩ی خەرمانان تا ٢ی ڕەزبەر بە بەشداریی چەند گرووپێک لە نێوخۆی ئێران و وڵاتانی بیانی لە شاری سەقز درێژەی دەبێ.

هیوا حاجی محەممەدی، سکرتێری بەڕێوەبەریی سێزدەهەمین فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە سەقز گوتی، ١٣ گرووپی شانۆیی بۆ بەشی کێبڕکێیەکانی ئەم خولەی فێستیڤاڵ دیاری کراون.

ناوبرا هەروەها گوتی شانۆکانی خانووی سێهەم، خەج و سیامەند، چریکەی چیای ئالۆز، بەتەنیا ژنێک، سامفۆنیای ئاژەڵەکان، ڕەشۆ، پاییز، دوایین شەڕەکانی فەرماندە، پەیڤ، ئەوەی ڕوو دەدا گرینگە، سپی مەند و تارتۆف چەند شانۆیەکن کە لە خولی نوێی شانۆی کوردی لە سەقز پێشان دەدرێن.

ناوبراو هەروەها گوتی ئەم بەرهەمانە لە شارەکانی سنە، ورمێ، مەهاباد، دیلوڕان، بۆجنورد، سەقز، ، هەولێر، ئامەد و باتمانەوە لەم فێستیڤاڵەدا بەشدارییان کردوە.

---

بەر لە ماڵاوایی

## دەنگی گڕ و قرچنی زەنگی قوتابخانەکان



تەهای ڕەحیمی

دیسان پاییزە، دیسان زەنگی ژەنگگرتووی قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەیانییەکی تەمومژاوی بە دەنگێکی گڕ و نامۆی قرچنەوە دەسپێکی ساڵێک خوێندن و خۆپێگەیاندن ڕادەگەیەنن. هەڵبەت دەنگێک کە لە کەش و شوێنێکی نامۆتر بە کۆمەڵگەی ئەمڕۆیی و بە تۆنێکی بێگانە لە پێشکەوتن و دژ بە مافی مرۆڤ و تەواو دوژمن بە ئازادی. ئەو دەنگە گڕنەی هەموو جارێ لە بەرگێکدا و بە ناوێکەوە، وەک تارماییەکی بەدشوم خۆ بەسەر ئەو وڵاتەدا دەکێشێ، دەرەتان بە هیچ بولبولێکی ئەو نیشتمانە نادا بە جریوەی خۆی، خۆی ودڵداری بلاڵێتەوە، دیسانەکە بڕیارە لە سەر سەکۆی قوتابخانەکانەوە وانەی دژەنیشتمانی بە گوێی زارۆکانی ڕۆژهەڵاتدا بخوێنێ. دەنگێک کە بە دەنگی لایەلایەی شیرینی دایکان بێگانەیە و، دەنگێکە دوور لە نارەنارەی ئەو قوتابییە نوێیەی بە هەزار ئاوات و ئیحساسەوە پێی ناوەتە قوتابخانە. هەڵبەت بەر لەوەی بیر لەوە دەنگە گڕە جینجنۆکەیە بکەینەوە ئەگەر ئاوڕێک لە هەنگاوە شل و خاوەکانی تازەقوتابی بدەینەوە، هەر هەنگاوە و دەیان کەسەری پێوە دەبینین، ئەو هەنگاوانەی زیڕەی دنیایەک ڕەنج و چەرمەسەری دایک و باوکانی دەستتەنگ و پشتچەماوەی ژێر باری قورسی گوزەران تێیدا دەزرینگێنەوە. ئەو شەقاوانەی دنیایەک بیرەوەری ناخۆش و تۆقێنەری وەک ڕووداوەکانی شیناوێ دەیتەزێنن و ڕوومای بەشمەینەتی ئەو کەسانەی لەو کارەساتە ڕزگار بوون، هێندەی دیکە گاڤەکانی تازە قوتابی خاوتر و لەرزۆکتر دەکەن و داهاتوویەکی لێڵ و ناڕوون دەکەن بە دوورەدیمەنی دوارۆژی قوتابی. لەو کەوشەنەی بە دەنگ و ڕەنگی نامۆ سواغ کراوە، زۆربەی قوتابخانەکانی وێنای ترس و شوێنگەی ئەگەری ڕوودانی کارەساتن، پیر و پەککەوتوو وەک بیر و ئایدیۆلۆژیا و بەرپرسە بەسەرچووە داسەپاوەکان. هەر لە بنەڕەتدا زۆرێک لەو شوێنانەی قوتابخانەن، کەپرن، کەڵەکە بەردن، گەوڕن، یان بە نایلۆن و جەگەن و قامیش و گیاوگژ داپۆشراون، گەرما و سەرمایان بە ئەمری خودایە، کەلوپەلی پێویستی فێرکارییان چرافانووس و شۆقێکی کزە. دیاردە ماڵوێرانکەرەکان داخزیونەتە ناخی ناوەندە بناخەییەکانی پێگەیاندن و زانست، شۆڕبوونەتەوە هەناوی نەمامە شلک و نەرمەکانی داهاتوو، کە بڕیارە کۆڵەکەی ئەو کۆمەڵگەیە بن، بەڵێ گیرۆدەیی لە ئەمینترین شوێنی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی مەڵۆس داوە، بەبێ ئەوەی خەمێکی لێ بخورێ و ئامارێکی ڕاست و دروستی قوربانیبوون لە کەشی پەروەردەدا بە خەڵک و کۆمەڵگە بدرێ. وانە مرۆییەکان پڕن لە دوگما ئایدۆلۆژیک و پێدروای چەواشەکراو. لە ژێر کولتوور و فەرهەنگی داسەپاودا، کولتووری گەلانی بندەست پشتگوێ دەخرێ و دادەپلۆسێندرێ. لێرە، لە سەراسەری ئەو وڵاتەدا هەوڵ دەدرێ لە یەکەم ڕۆژەکانی خوێندنەوە، ئایدیۆلۆژییە ناپیرۆزەکانی دەسەڵات بە پێی بەرنامە بە ڕوحی خوێندن و فێرخوازدا بکەن و نەوەی داهاتووی پێ گۆش بدەن. دەگەڵ داسەپاندنی ئەو دەنگە دیسانەکە کۆمەڵێک باری قورس دەخرێتە سەرشانی بنەماڵەکان، ئەو بنەماڵانەی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان، کاسبکاری، کشتوکاڵی، کرێکاری، کۆڵبەری و... خەریکە شەڕ دەگەڵ ژیانێک دەکەن کە بەرهەمی ناتێگەیشتوویی دەسەڵاتێکی چەقیوی زلکاوی هزرەکانە. منداڵانی ڕۆژهەڵات لە کاتێکدا ڕوو دەکەنە قوتابخانە کە، ژینگەی پەروەردەیی بەتەواوەتی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بەگشتی ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە شەڕی پاوانخوازی نێوان بەرەکانی دەسەڵات بۆ قۆرخی گۆڕەپانەکانی ژیان. تەنانەت جگە لە دەنگە قرچنەکە، بڕیار لەسەر خوێندنی زمانە پێشکەوتووەکانی دیکەی دنیاش دەمەقرەی نێوان پلەبەرزەکانی وڵاتی لەسەرە، هەر لێرەشەوەیە کە جار نا جارێک کابرایەکی ڕیشنی عەبالەبەر لە کۆڕێکی ماتەمەوە پلان و بەرنامەی خوێندن بەگوێرەی خەوە ئاڵۆزەکانی ڕۆژانی پێشووی دیاری دەکا و، مایەفیتنە و گوێ لەمستەکانیش بە سنگ کوتان دادەگڕێنە ڕێچکە و بەشە خوێندنەکان و بە بیانووی کلۆل و هلۆڵ دەکەونە هەڵپاچ و داپاچی زانستەکان.

دیسان پاییزە و کۆمەڵگە مرۆییەکان بەرد بناخەی ساڵێکی داهاتوویان ڕێک و لووس و لەبار ئامادەی ژیانێکی بێ گرێوگۆڵ دەکەن، کەچی لێرە لەژێر باری دەسەڵاتێکی داعشی ئاسا، زەنگی دەسپیکی قوتابخانەکان هەتا دێ گڕتر و قرخنتر و گرژتر و نامۆتر لەچاو ساڵی پار دەنوێنن و وانە و نێوئاخنی کتێبەکان زیاتر بەرەو بەرتەسکی و دوورەپەرێزی لە پێشکەوتن هەنگاو دەنێن. منداڵانی ئەوساڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیسانیش، دەست دەکەن بە تێپەڕاندنی ساڵێکی خوێندن، کە بەڵێن و بڕیارێکی زۆری دەوڵەتی بۆ گۆڕینی کەشی پەروەردە و خوێندن بە زمانی زگماکی و نۆژنکردنەوەی بینا و قوتابخانەکان، لەسەر بوو، بەڵام لە دەنگی گڕ و نامۆی زەنگی قوتابخانەکاندا هەمەن دەنگە فیڵاوی و بێ بەڵێنەکە نێوهڵۆڵەکە خوێ دەنوێنێ، بۆیە هەتا گەیشتن بە دەنگێکی ڕەسەن و خۆماڵی دەبێ پشوودرێژ و بوێر بین.